# تۆفیق فیکرەت

# و

# شاعیرە نوێخوازەکانی کورد

**ئەحمەد تاقانە**


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

**ئاراس**

زنجیرەی رۆشنبیری

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

کتێب: تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد
دانانی: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦١
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی بەرگ: خۆشنووس محمەد زادە
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر
ژمارە (٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

* * *

# بەشی یەکەم
# تۆفیق فیکرەت و
# شاعیرە نوێخوازەکانی کورد

## پێشەکی

لەو ڕۆژانەدا کە ئەو لێکۆڵینەوەیەم کە بە ناوی (تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد)ەوە ئامادە دەکرد، کە دواتر لە ژمارە (٤١-٤٢)ی گۆڤاری (ڕامان)ی ئازیزدا بلاوکرایەوە، کۆمەڵێک شیعری (تۆفیق فیکرەت)م کردە کوردی.

دواتر کە دەزگای (ئاراس) دەرفەتی بۆ ڕەخساندم لێکۆڵینەوەکە و شیعرە وەرگێڕاوەکانی فیکرەت پێکەوە لە کتێبێکدا چاپ بکرێت، بە پێویستم زانی، هەندێک لایەنی لێکۆڵینەوەکە دەستکاری بکەم و کورتە پێشەکییەکی مێژوویی بخەمە سەر، بۆ ئەوەی سەردەمی شاعیر و پێش سەردەمەکەی لە لای خوێنەری خۆشەویستدا ڕوونتر بێت و هەروەها ئەو لا باسەی لە بارەی (شێواز و کەسایەتیی ئەدەبیی فیکرەت)ەوە بوو فراوانتر بکەم و هەندێک - با بە کورتیش بێت - باسی شێواز و شێوە و ناوەڕۆک و هونەری شیعریی شاعیر بکەم، بە نیازی ئەوەی خوێنەر لە گیانی شیعرەکانەوە نزیکتر بخەمەوە..

ئەم گۆڕانکارییانە پێویست بوون بۆ ئەوەی لە شێوەی کتێبێکدا چاپ بکرێت.

لە بارەی وەرگێڕانی شیعرەکانیشەوە، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە هەوڵم داوە و تا پێم کراوە، لە واتاو ناوەڕۆک و گیانی فیکرەتەوە نزیکتر ببمەوە، ئەگەر چی ئاسانیش نییە کە وەرگێڕ دەست لە وەرگێڕانی شیعر بدا. بە تایبەتی کە وەرگێڕانەکەم بە پەخشان ئەنجام داوە و، هەموو کێش و سەروا و ڕیتم و لایەنە شیعرییەکانی دیکەی ڕەسەنی شیعرەکان لە دەست دەدرێ، بەڵام چاری دیکە نییە!!.

لە لایەکی دیکەوە، دەتوانم بڵێم، دوورکەوتنەوەی شاعیر لەو هونەرە وێژەییانەی پەیوەندییان بە گەمەی وشەو زمانەوە هەیە، لەوانەیە کاری وەرگێڕانەکەی تا ڕادەیەک شیاوتر کردبێت.



مایەوە ئەوە بڵێم کە.. دەبێ ئەوە لەبیر نەکەم سوپاسێکی گەرمی مامۆستای داناو بەڕێز (عەتا تەرزی باشی) بکەم، بۆ ئەو سەرنجە بنیاتنەرانەیەی کە بە دڵسۆزییەوە پێشکەشی کردم و هەڵەی دەقە تورکییەکانیشی بۆ ڕاست کردمەوە.

**دانەر**

## پێشدەستییەکی مێژوویی

دەوڵەتی عوسمانی بە هۆی قەرزێکی زۆری دوا نەهاتووەوە و داوای فایزی قەرزەکانەوە، کەوتە ژێر بارێکی نیمچە داگیر کراوەوە و هەندێک دەوڵەتی ئەوروپایی دەستیان بەسەر زۆر لایەنیدا گرت.

بە بیرو بۆ چوونی گەلێک ڕۆشنبیر و ئەو قوتابییانەی بۆ خوێندن چوونەتە ئەوروپا و، ئەوانەی لە دەست زۆرداری بەرەو ئەوروپا هەڵاتوون... بە بیرو بۆ چوونی ئەمانە گۆڕینی سیستەمی کۆنی دەوڵەت بە سیستەمی ئەوروپایی، ئەو چارەسەرییە بووە کە دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵگەی لەو بارە نالەبارەوە ڕزگار بکا.

لە ژێر فشاری ئەم چینانە و لەبەر ئەوەی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٢٣-١٨٦١) ڕۆشنبیرییەکی فرەنسیی هەبووە و مستەفا ڕەشید پاشای سەدر ئەعزەم (١٨٠٠-١٨٥٧)یش کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئەوروپا بووەو لایەنگری ڕوو لە ئەوروپا کـــردن بووەو ڕۆڵێکی لەو پرۆسەیەدا بووە کە سوڵتان عەبدولمەجید بەوە ڕازی بووە، دەستوورێک بە ناوی (تەنزیمات خیریە - یان - خەتتی شەریفی هومایون)ەوە دەربکات و لەبەر ئەوەی لە (٣ی تشرینی دووەمی ١٨٣٩)دا لە (پارکی گوڵخانە)دا، بە ئامادەبوونی سوڵتان بەخۆی و چەندین باڵیۆزی بیانی و پیاوانی دەوڵەت خوێندراوەتەوە و جاڕ دراوە.

ئەمە سەرەتایەک بووە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی بە گشتی هەموو لایەکی دەوڵەت و کۆمەڵی عوسمانیی گرتووەتەوە و دەست بە چاکسازی کراوە.

دوای چاکسازی (تەنزیمات)ی سیاسی بە بیست ساڵ، ئیبراهیم شناسی (١٨٢٤-١٨٧١) کە شاعیر و ڕۆژنامە نووسێکی نوێخواز و خۆراوا خواز بوو، بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (تەرجومانی ئەحوال) ساڵی (١٨٦٠). ئەدەبیاتی سەردەمی تەنزیمات دەست پێ دەکات و تا ساڵی (١٨٩٥) درێژەی دەبێ. جگە لە شناسی، گەورە شاعیرانی عوسمانیی وەکو زیا پاشا (١٨٢٥-١٨٨٠)و نامیق کەمال (١٨٤٠-١٨٨٨)و ئەحمەد مدحەت (١٨٤٤-١٩١٢)و ئەکرەمی ڕەجائی زادە (١٨٤٦-١٩١٣)و عەبدولحەق



حامید (١٨٣١-١٩٣٧)و سزائیی سامی پاشا زادە، بەناوبانگترینی شاعیرانی ئەم سەردەمەن.

ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە، بە شێوەیەکی گشتی گیرۆدەی بیروباوەڕی ئەوروپاییان و بەتایبەتی بە بیروباوەڕەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بوون و گۆڕانێکی تەواو بەسەر ئەدەبیاتی عوسمانیدا هاتووە بە تایبەتی لە لایەن چەمک و ناوەرۆکەوە.

بە مردنی سوڵتان عەبدولمەجید، سوڵتان عەبدولعەزیز (١٨٣٠-١٨٧٦) ساڵی (١٨٦١) دێتە سەر تەختی پادشایی و بەم شێوەیە فەرمانڕەواییە بە فشارەکەی دەست پێ دەکات و ئەو سەربەستی و ئازادییەی لە سەرەتای سەردەمی تەنزیماتەوە سەری هەڵدابوو، وردە وردە بەرەو لاوازی و کزی دەچێ.. دوای ئەمیش سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢-١٩١٨) دێتە سەر تەخت و (٣٣) ساڵ فەرمانڕەوایی دەکا..

لەم بارودۆخەی دوای سەردەمی (تەنزیمات)ەدا، (ئەدەبیاتی جەدیدە-ئەدەبیاتی نوێ) دێتە مەیدان و، لەم سەردەمەدا نیشتیمان پەروەر و نەتەوەخوازە عوسمانییەکان کە لە ئەستەمبووڵ دوور دەخرانەوە، کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکەوتنە ژێر باری سانسۆر و ئەوانەی خۆیان لە بابەتی ئازادی و سەربەستی دەدا، بەگرانترین شێوە تاوانبار دەکران و ئازار دەدران(١).

بە پەیمانی (بەرلین)ی ساڵی (١٨٧٨) دەوڵەتی عـــوســـمـــانی بە پێودانگێکی گرنگ خاک لە دەست دەدا، بە مجۆرە بەڕێوەبەرایەتیی پڕ لە تیرۆری خەستی سی ساڵەی (١٨٧٨-١٩٠٨)ی عەبدولحەمیدی دووەم دێتە کایەوە(٢). نەوەی (سەروەتی فونوون-سامانی هونەر) (١٨٩٦-١٩٠٨) لە ژێر ئەم فشارەی ڕژێمەداو، لەبەر نەبوونی بواری هەناسەدان، بۆ ئەوەی نەخنکێن، ڕوویان کردووەتە بابەتی خودی و لە بەناخی خۆدا ڕۆچوون و ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) بەولاوە، چاری دیکەیان نەبووە. تا پێیان کراوە لە بابەتی کۆمەڵایەتی و میللی و خەباتکەری سیاسییەوە دوور کەوتوونەتەوە، لە دەنگی دلێری تۆفیق فیکرەت بەولاوە کەس نەبووە

سەر بەرز بکاتەوە[٣].

## تۆفیق فیکرەت کێیە؟

گەورەترین شاعیری ئەدەبییاتی (سەروەتی فونوون- سامانی هونەر) لە (٤ی کانوونی یەکەمی ١٨٦٧)دا لە ئەستەمبووڵ لە دایک بووە... کوڕی حوسەین ئەفەندیی چانقرییە کە موتەسەڕیف بووە. فیکرەت خوێندنی سەرەتایی (ڕوشدییە) و سوڵتانیی تەواو کردووە. ژیانی خوێندنگای بەزیرەکی و کەسایەتییەکی نموونەیی بەسەر بردووە.

هەر لەم دەمانەدا خولیای ئەدەبییاتی لەلا پەیدا بووەو دەستی بە شیعر دانان کردووە. لە (١٨٨٨)دا کە خوێندنگای بەیەکەمی تەواو کردووە... لە ژووری ڕاوێژکاریی وەزارەتی دەرەوەدا بە مووچەخۆر دامەزراوە. ئیشوکاری زۆر کەم بووە، ئەم بێکارییە دڵی فیکرەتی گوشیوەو دەستی لەکار کێشاوەتەوە، کە ئەو مانگانانەیان بۆ ناردووە وا لە سەردەمی کارکردنییەوە خڕبووەتەوە، ڕەتی کردووەتەوەو وتوویەتی (من پارەی بێ کارەیی وەرناگرم، خۆ ئەگەر نەکرێ ئەو پارەیە بگێڕرێتەوە خەزێنەی دەوڵەت، بابدرێتە ئەو ئەنجومەنەی وا بۆ یاریدەدانی ئاوارەکان دامەزراوە.). لە (١٨٩٠)دا (نازیمە خانم)ی خاڵۆزای خۆی هێناوە. ماوەیەک زمان و ڕێنووسی فەرەنسیی وتووەتەوە. لە (١٨٩٤)دا بە مامۆستای زمانی تورکی هەڵبژێردراوەو بووەتە مامۆستا، ئەو ساڵەی میری کەم بودجەیی خۆی بە لێبڕینەوەی بەشێکی مووچە پڕکردووەتەوە، فیکرەت بەوەی کە (خزمەتی میرییەکی نامەنتیقی ناکا) لە کارکشاوەتەوە. لە (١٨٩١)دا (خەلووق)ی کوڕی هاتووەتە جیهانەوەو... لەم ساڵانەدا لە گۆڤاری وەک - میرساد- مەعلوومات- مەعارف- کە لە ئەستەمبووڵ بڵاو دەبوونەوە، شیعرەکانی بڵاودەکردەوە. لە (١٨٩٦)دا (ئەکرەمی ڕەجائیزادە) فیکرەتی بە (ئەحمەد ئیحسان)ی خاوەنی گۆڤاری (سەروەتی فونوون) ناساند. لەسەر قسەی ئەکرەمی ڕەجائیزادە کە لە سوڵتانیی (ئامادەیی) غەڵەتەسەرایدا مامۆستای ئەدەبیی فیکرەت بووە. کراوە بە سەرنووسەری بەشی ئەدەبیی (سەروەتی فونوون)و... لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەوە بووە کە



لە چوارچێوەی ئەو گۆڤارەدا کۆبووبوونەوەو ڕێبازی ئەدەبییاتی جەدیدەیان پێک هێنا.

لە (١٨٩٩)دا لە (ڕۆبەرت کۆلێج) بووەتە مامۆستای زمانی تورکی. لە (١٩٠١)دا کە میری، سەروەتی فونوونی داخست، کشایەوە ئەو ماڵەی کە بە (ئاشیان)ی ناو دەبردو لە گەڕەکی (بەبەک)ی ئەستەمبووڵدایە، لەم دەمەدا تەنیا لە (ڕۆبەرت کۆلێج)دا مامۆستایی دەکردو... کۆمەڵە شیعرێکی دژی زۆرداریی عوسمانی داناوە.

ساڵی (١٨٩٨) بە هۆی بەشداربوونیەوە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی، بۆ چەند ڕۆژێک گیراوە. (١٩٠٨) کە مەشرووتییەتی دووەم جاڕدرا، لەگەڵ برادەرێکدا گۆڤاری (طەنین)ی دامەزراندو، لەبەرئەوەی ڕامیاری، بەفڕوفێڵ و یاری کردن و ئەم لاو ئەولاوە خەریکە و لەگەڵ ڕەوشت و هەستی داهێنەرانەی فیکرەتدا نەدەگونجا لەم گۆڤارەش کشاوەتەوە.

بنکەکانی بزووتنەوە، بەدرێژایی ژیانی فیکرەت، لەم نیوە دێڕانەیدا پوختە دەکرێن: (ئەو ڕێیەی کە ڕاستی پەسندی دەکا، دەبێ بەتەنیا ملی لێ نێی)، (ئەگەر کەسێک بوو بتشکێنێ، بشکێ، بەڵام نەکەی دانەوێی). سەرەڕای یاخی بوون، هەڵوێستی سیاسی لەژێر باری چەوساندنەوەو زۆرداریدا کێشەی هەبوو، ئەوانەی لەسەر کورسیی دەسەڵاتدا دانیشتبوون تەنیا بیریان لەپڕ کردنەوەی کیسەو گەدەیان دەکردەوە، فیکرەت لە حوزەیرانی (١٩١٢)دا بەرامبەر بەمانە شیعری (خانی یەغما- خانی تاڵان)ی پڕ لە تیزی توندوتیژی نووسییەوە... کە لەسەرەتاکەیدا دەڵێ:

ئەم خوانچەیە... ئەفەندییینە، کە چاوەڕێی هەڵلووشینە
لەبەر دەمتاندا دەلەرزێ، ئەمە ژیانی میللەتە
هی ئەم میللەتەیە کە پەشۆکاوە، هی ئەم میللەتەیە کە لەسەرەمەرگدایە
بەڵام نەکەن سڵ بکەنەوە، بخۆن، قووت دەن و ملچە ملچ
بخۆن ئەفەندییینە بخۆن، ئەمە خوانی پێزی ئێوەیە
تا تێر دەبن، تا مڕ دەبن، تا دەتەقن... بخۆن!

(١٩)ی ئەغستۆسی (١٩١٥) ئێوارەیەک بوو، پاش نانخواردنێکی بەتامو چێژ، شەو لەناو ئێشوئازارێکی زۆری نەخۆشیی (شەکرە)، کۆچی دوایی کرد.

کە تەرمەکەی برایە گۆڕستانی ئەیووب، لەیەک دووکەس پتر کەس لە دووی نەدەڕۆیشت... بەڵام پاش (٤٦) ساڵ ئەوانەی خۆشیان دەویست ئێسک و پروسکیان لە گۆڕەکەی ئەییووبەوە دەرهێناو بە ئاهەنگ و کۆڕەوێکەوە بردیان و لە (ئەیاق ئوجی)دا ناشتیانەوە... ئەوانەی بەدوای تەرمەکەی ئەمجارەیدا کەوتبوون هەزارانی ڕەت دەکرد...(٤).

## شێواز و کەسایەتیی ئەدەبیی فیکرەت

لەلایەن شێوە و ناوەرۆکەوە سەرەتا شیعرەکانی لە شیعری شاعیرانی بەر لە خۆی جیاواز نەبووە، بەڵام تا دەهات نوێتر و جیاوازتر دەبووەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکدا ناوبانگێکی گەورەی بە دەست هێنا. ئەم شیعرانەی کە لە (١٨٩٨)دا لە کۆمەڵە شیعری (رباب شکستە-روبابی شکەستە)دا چاپ کرا، هەڕمێنێکی ئەوتۆی بوو کە تا ئەوسا شتی وەها نەبینرابوو. ساڵی دواتر بۆ دووەم جار بڵاوکرایەوە.

ئەو بزووتنەوە ئەدەبییانەی لە (سەروەتی فونوون)دا بوو، ڕژێمی سەڵتەنەت ساڵی (١٩٠١) وسکتی کردن. فیکرەت-یش کشایەوە ئەو کۆشکەوە کە ناوی (ئاشیان)ی لێ نابوو و پێنج شەش ساڵ بوو لە نزیکی (ڕۆبەرت کۆلێج)ەوە بوو.

تا کوودەتای ساڵی (١٩٠٨)، فیکرەتێک کە لە جیهانی تایبەتیی خۆیدا دەژیاو شیعرەکانی وەکو (سیس-تەم، کە بۆ داشۆردنی ڕژێمەکە، لە ڕێی داشۆردنی ئەستەمبوولی ئەو سەردەمەوە نووسراوە.) و (بیر لحظەء تأخر-ساتێک دواکەوتن) بەرامبەر ڕژێمی عەبدولحەمید ئاراستەی کردبوون و شیعری دەمارگرژی و بەرپەرچدانەوەی دەمارگیریی ئایینی-ی وەک (تاریخی قدیم-مێژووی کۆن)ی دەنووسییەوە. ئەو سەردەمە نەک بڵاوکردنەوە، تەنانەت دەستاو دەست کردنی ئەو شیعرانەش قەدەغە بووە، لەلایەن لاوانەوە لەبەر دەکران. چاکترین دەمێکی فیکرەت بۆ برەوی



شیعرەکانی ئەم دەمە بووە.

تۆفیق فیکرەت کە بە ئومێدێکی گەورەوە چاوەڕوانیی گۆڕانکارییەکی لە کۆمەڵگاو ڕژێمی دەوڵەتی عوسمانیی دەکرد. سەرەتا ئومێدێکی گەورەی بە کۆمەڵەی (ئیتتیحاد و تەرەقی) هەبوو، دوای کوودەتای (١٩٠٨) بەرامبەر شیعری (سیس-تەم) کە پێشتر باسمان کردووە، بە ناوی (رجوع-پاشگەز)ی نووسیوەتەوە و دڵی ئەستەمبوولی تێدا داوەتەوە. ئەو تاقمەی دەسەڵاتیان گرتە دەست و بەدڵی فیکرەت نەبوون و ئومێدیان نەهێنایە جێ. لەم سەردەمەدا شیعری وەکو (دوقسان بیشە دوغرو-بەرەو نەوەت و پێنج) و (خانی یەغما-خانی تاڵان)ی بۆ دەرزیئاژن کردنی (ئیتتیحاد و تەرەقی) نووسیوە و ماوەیەکی لە ناخۆشترین دەمێکی ژیانی سیاسیی خۆی بەسەر بردووە(٥).

وەکو وتمان سەرەتا فیکرەت وەک شاعیرانی بەر لەخۆی شیعری دەنووسی و دواتر ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر)ی هەڵبژاردووە و پەیڕەویی کردووە، لە شیعری (تەرانە)دا بۆ نموونە جۆرە کێشێک بەکاردەهێنێ بە ئاهەنگ و ئاوازەدار، شیعرەکە پێنج کۆپلێیەو هەر کۆپلێیەکی چوار نیوەدێڕە و سەرواکانی (اب اب)ەو دەتوانین بڵێین کێشی هەر نیوەدێڕێک لە (فەعوولەتون فەعوولەتون) پێک هاتووە کە لە هەموو شیعرەکەدا لێی لا نەداوە، لە کۆپلەی یەکەمیدا دەڵێ:

Sabâ eser, gusûn-u ter,
Ki Mürg-ü aska Lânedir.
Fisildasir sükût eder,
Bu bir güzel terânedir.

واتە:

شەماڵ هەڵدەکا، لقە تەڕەکان
کە بۆ مەلی عەشق لانەیە
چرپە دەکاو بێدەنگ دەبێ
ئەمە سترانێکی جوانە..

دوای ئەم قۆناغە فیکرەت بەرەو ڕیالیزم یان ڕاستتر ڕیالیزمی

فۆتۆگرافی دەچێ، کە بۆ نموونە لە شیعری (ماسی گرەکان)دا ئەمەمان بەرچاو دەکەوێت..

تۆفیق فیکرەت وەک شاعیرێکی دوای قۆناخی تەنزیمات، پتر سوودی لە ئەدەبی ئەوروپایی و بەتایبەتی ئەدەبی فەرەنسی وەرگرتووەو لە شێوەو ناوەرۆکدا، لە شیعری ئەوروپایی فەرەنسی نزیک بووەتەوە... بەڵام دەستی لە کێشی عەرووز هەڵنەگرتووەو وەک زۆر لێکۆڵەرەوە لێکیان داوەتەوەو شییان کردووەتەوە، عەرووزەکەی لەگەڵ زمانی تورکی گونجاندووەو کەویی کردووە، نەک زمانی تورکیی لە عەرووز گونجاندبێ... لەگەڵ ئەوەشدا، کێشی هیجایی (پەنجە- بڕگە)ی تەنیا لەو شیعرانەیدا بەکار هێناوە کە بۆ منداڵانی داناوە... لە شیعردا ڕستەی درێژ درێژی ئەوتۆی بەکار هێناوە کە جاری وا هەیە، ڕستەیەکی لەسێ چوار نیوە دێڕی شیعردا یان لەپتردا کۆتایی هاتووەو، ئەمەش وای لێ کردووە کە هەندێک لە شیعرەکانی لە زمانی ئاخاوتن نزیک ببێتەوە.

هەروەها تاک تاکەی وشەی لە زۆر زمانی دیکەی بێجگە لە تورکی وەرگرتووەو لەشیعریدا بەکاری هێناوە: تەنانەت وشە کۆنە کەم بەکاربراوەکانی عەرەبی و فارسیی ئەو سەردەمەی خۆی بەکار هێناوەو لەبەرئەوەی شاعیرێکی بیر قووڵیش بووە، بەم جۆرە تێگەیشتنی شیعرەکانی فیکرەت لە ئاسانی دوورکەوتووەتەوە.

هەروەها بە پێی ئەو نوێخوازییەی وێنەی شیعری و درکەو خوازەی نوێی بە تایبەتی بەپێی شێوازی ئەوروپایی بەکارهێناوە کە لەوەو پێش لە شیعری تورکیدا نەبینراوە.

بەلای ڕیزبەندیی دێڕو کۆپلە شیعرییەکانیشیدا، شێوە ئەوروپاییەکانی سەروابەندی و کۆپلە سەروا هەمە جۆرەکان و شێوەی کلاسیی ئەوروپایی شیعریی وەکو (سوناتا) و (تەرزا ڕیما)و هی دیکەی بەکارهێناوە.

جەناب شیهابەددینی هاوڕێشی، بەم جۆرە باسی تۆفیق فیکرەتی کردووەو دەڵێ: «هەروەک دڵی شاعیر بوو دەستیشی وێنەکێش بوو، گەرووشی مۆسیقاناسێکی سروشتی بوو، ئاهەنگی شایستەی دەبەخشییە



هەر وشەیەک و هەر ڕستەیەک و کاتێک سەرنجی شاعیرانەشی دەردەبڕی ئەو وشە هەڵبژاردانەی ئەو ڕستە بێ گەردانەی کە بەرگوێ دەکەوتن وەک لەرزینی ئاوێکی ڕەوان خۆی دەنواند...»(٦).

***

بەر لەوەی بچمە سەر بەراوردکارییەکان، دەمەوێ ئەوە بڵێمەوە کە نووری شێخساڵح وەک شاعیرێکی گەورە، هیچ پێویستیی بەدزی و فزی نەبووە!! بەڵکو ئەم شیعرانەی کە باسیان لێوە دەکەم و ئەوانەی کاک ئازاد باسی کردوون و پاش تۆژینەوەیەکی وردو بەراوردکردنی دەقە بڵاوکراوەکان و ئەو دەستنووسانەی کە لە ئەنجامی پشکنینی وردو زۆردا، ساغی کردوونەتەوە، دەردەکەوێ کە ئەم شیعرانە، گۆڕینەوەیەو ئاماژە بۆ گۆڕینەوەکە نەکراوە...(٧)

یان دەبێ لە پەرتوبڵاوی و خەمنەخۆریی (شێخ نووری)یەوە بووبێ و نە پەرژابێتە سەر ئەوەی گۆڕینەوەکان جیا بکاتەوەو ئاماژەیان بۆ بکات. یانیش ئەوەندە لەگەڵ ئەو شیعرانەدا ژیابێ... لەکاتی نووسینەوەیاندا لێی تێکچووبێ و لەگەڵ شیعرەکانی خۆیدا تۆماری کردبن... بەهەر حاڵ ئەم باسەی من لەگەڵ باسەکانی دیکەدا، دەبنە هۆیەک بۆ ڕاست کردنەوەو ڕێکخستنی چاکتری دیوانی شێخ نووری بۆ چاپەکانی داهاتوو...

## چەند وشەیەک

لە کۆتایی هەشتاکاندا، بەشێکی ئەم نووسینەم لە کۆڕێکدا خوێندەوە، هەندێک کەس (کەمایەتییەک)، بە وردی لە مەبەست نەگەیشتن.

من لێرەدا کە ئەم لێکۆڵینەوەیەتان پێشکەش دەکەم، لە بەدنیازییەوە نییە، بەڵکو لە دڵسۆزییەوە پێشکەشتانی دەکەم و ئەم شاعیرانەی لێرەدا باسیان لێوە کراوە، هەموو کەڵە شاعیرو پێشەنگی ڕاپەڕین و نوێکردنەوەی شیعری کوردین و هیچ تانەو توانجێک، بەموو، لە لووتکەی بەرزیانەوە نایانهێنێتە خوارەوە... تەنانەت بەشێکی ئەم باسە، وەک دەشبینن بە خۆیان و کەسانی دیکەی مامۆستایانی ئەدەبمان ئاماژەیان بۆ کردووە.

دڵنیام کە گیانی پاکی ئەو شاعیرانە، ئەم لێکۆڵینەوەیەو هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکەیان پێ خۆش دەبێ.

دەگێڕنەوە جارێکیان (محەمەد عەبدولوەهاب)ی هونەرمەندی مۆسیقاو گۆرانیی بەرزی عەرەب چووەتە لای (ئەحمەد شەوقی)ی کەڵە شاعیری ئەو سەردەمەی عەرەب و بە زویری باسی ئەوەی بۆ کردووە کە ڕۆژنامەکان ڕەخنەی توندوتیژی ناڕەوایان لێ گرتووەو هەندێک لەو ڕۆژنامانەشی بەدەستەوە بووە... (ئەحمەد شەوقی)ی کەڵە شاعیریش، پێی دەڵێ: من هێشتا نازانم ئەو ڕۆژنامانە چۆنیان باسی تۆ کردووە! بەڵام ... بابزانم، ڕۆژنامەکان لەسەر زەوی دانێ... عەبدولوەهابیش لەسەر زەوییان دادەنێ... شەوقی دەڵێ، بچۆرە سەریانەوە... ئەویش لەسەر ڕۆژنامەکان ڕادەوەستێ... شەوقی پێی دەڵێ: ئا... بەم جۆرە... هەرچییەکیان لەبارەتەوە نووسیبێ، هەر بەرزت دەکەنەوە...

جا با ئەم نووسینەی منیش هەر لەو بابەتە بێ...

سڵاوو ڕێزی بێ پایانم... بۆ ئەو کەڵە شاعیرانە... کە بە شیعرو بەرهەمی ڕەسەن و هەوڵ و تێکۆشان و شەونخوونی و تەمەن بەخشین و پێشێل کردنی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، بناغەی شیعرو ئەدەبی نوێی گەلەکەمانیان بنیات ناوە.

مایەوە ئەوە بڵێم کە... دەبێ ئەوە لە بیرنەکەم، سوپاسێکی گەرمی مامۆستای داناو بەڕێز، (عەتا تەرزی باشی) بکەم، لەسەر ئەو سەرنجە بنیاتنەرانەیەی کە بە دڵسۆزییەوە پێشکەشی کردم و هەڵەی دەقە تورکییەکانیشی بۆ ڕاست کردمەوە.

## پێشەکییەکی کورت

باسی کارلێکردن و لێوەرگرتن و... مۆرک پێوە بوون... تا دەگاتە ڕادەی دزین و... تاد... ئەدەبی بەراوردکاری، کێشەیەکی نەبڕاوەی هەیە و... نموونەی زەق و ئاشکراو دیارو نادیاریش لە ئەدەبی جیهانیدا بەتێکڕایی زۆر زۆرەو... لێرەدا ناکرێ خۆمان لەو باس و خواسە بەرین و بەربڵاوو قووڵە بدەین و جۆرەکانی و لایەنەکانی شیبکەینەوەو... تەنانەت



مەبەستیشمان نییە خۆمان لەو باسە بدەین... خوێندەواری کوردی ئەمڕۆش لەو لایەنەوە ئەوەندەی لێ دەزانێ کە ئەگەر هات و لێرەدا وا لە کورتی نەیبڕینەوە بێزار ببێ... لەبەرئەوە وا بە باشتر دەزانم باسەکەمان کە باسی تۆفیق فیکرەت و کارکردنی بەرهەمەکانی لە شاعیرە نوێخوازە کوردەکانە... هەر یەکسەر بچمە ناو باسەکەمانەوەو زۆر دوور نەڕۆم.

ئەم باسەشمان دەبێ بەو نووسینانەی مامۆستای نەمر (ڕەفیق حلیمی)یەوە دەست پێ بکەین، کە وەک من دیبێتم یەکەم کەس و دوا کەسێکە لە بارەی تۆفیق فیکرەت و کار کردنی بەرهەمەکانی لەشیعری (شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران)ەوە دوابێ و کەم تا زۆرێک لەسەری ڕۆیشتبێ و هەندێک لایەنی ئەو کارلێکردنەی باس کردبێ.

لە بارەی شیعری (جیلوەی شانۆ)ی گۆران–ەوە دەڵێ:

«ئەم شیعرانەی گۆران کە بە ئسلووبێکی زۆر تازە دانراوە، دووریشە لە ئسلووبی شاعیرە کۆنەکانەوە، لە ئسلووبی (تۆفیق فیکرەت)ی نیشتمان پەروەری (تورک) ئەچێ، کە یەکێک بوو لەو بوێژانەی بوونە هۆی وریابوونەوەی میللەتی تورک و بەرپاکردنی ئاژاوەو ئینقلابی (عوسمانی) لە دەوری (عەبدولحەمید)، بەڵکو ئەتوانم بڵێم ئەم (موستەزاد)ەی گۆران، بێتو لەگەڵ «بهاردە– لەبەهاردا»، کە (موستەزاد = مستزاد)ێکی (تۆفیق فیکرەت)ە، بەر ئاورد بکرێ، هینەکەی (گۆران) لە هەندێ لایەنەوە جوانتر بێتە بەرچاو»(٨).

دواتریش کە لە بارەی شیعری (شێخ نووری شێخ ساڵح)ەوە دەدوێ و باسی ئەو سەرچاوانە دەکا کە شێخ نووری لێیانی هەڵێنجاوە، درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ: «ئینجا چاوی بەدەوری خۆیا گێڕاوەو شیعری شاعیرە گەورەکانی تورکی دەوری ژیانەوەو ئینقیلابی (عثمانی) بەوردی خوێندووەتەوەو باش سرنجی داوە مەغزاو ئسلووبی ئەدەبی تازە، وە بێ ئەوەی ئەبڵەق و حەپەساو دامێنێ دوایان کەوتووە، بەڵام لەم شوێن کەوتن و پەیڕەوی کردنەدا لەوانە ناچێ لاسایی ئەکەنەوە، بەڵکو شان بەشانی ئەوان ڕۆیشتووە و بۆ دەورێکی کورت بوە (زەعیمی ئینقیلابی)ی شیعری

کوردی لە ناوچەی (سولەیمانی)... تاد[٩]

کاک ئازاد عەبدولواحید بۆ ئامادەکردنی کتێبە چاکە دوو بەرگییەکەی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح -دا، سەری لەگەڵێک کەس داوە و سەرچاوەی زۆری پشکنیوە... لەسەردانێکی چیرۆکنووسی بەتوانا خوالێخۆش بوو، محەمەد مەولوود (مەم)دا... مەم باسی شێخ نووری دەکات و دەڵێ:

«شێخ نووریی لە قسەکانیدا دیار بوو ژیانی ڕۆشنبیریی تورکی کاری تێکردبوو... زۆریش حەزی لە شاعیرێکی تورک دەکرد کە ناوی [جەناب شهاب الدین] بوو[١٠]. مامۆستا گۆران-ی شاعیری مەزن و بلیمەتمان هەر بەخۆی کلیلێکی دیی ئەم باسەمان دەداتە دەستەوەو ئەوانەی ئەم قسانەی مامۆستا گۆران سەرنجی ڕاکێشاون سنووری دووبارە کردنەوەی هەر ئەو قسانەیان ڕەت نەکردووەو نەک هەر لێیان نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو تۆزقاڵێک چییە ڕوونیان نەکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نموونەشم زۆر لەبەردەستدا بوو، بەپێویستم نەزانی پەنجەیان بۆ درێژ بکەم و... یەکسەر دێمەوە سەر باسەکەی مامۆستا گۆران خۆی کە دەڵێ:

«نووسەرو شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی موتەئەسسیر بووین و پێکەوە ئەمانووسی، بەڵام تەنها شێخ نووری شیعرەکانی بڵاو ئەکردەوەو من بڵاوم نەئەکردەوە، ئەم لەم بارەیەوە نەشاتی دەردەکەوت و... ئەدەبی تورکی، قوتابخانەی شیعری تازەی تیادا پەیدا ببوو، کە پێیان ئەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی) لەوان (تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهیر) بوون... ئەدیبێکی تری تورک کە (عەبدولحەق حامید)ە، ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی موتەئەسسیر بووین... تاد»[١١].

بەرلەوەی بێمە سەر کرۆکی بنچینەیی باسەکە، بە پێویستی دەزانم کە چەند خاڵێکی ناو قسەکەی مامۆستا گۆران ڕاست بکەمەوە، یان ... ڕوونی بکەمەوە.

ڕاستییەکەی، ئەو قوتابخانە شیعرییەی مامۆستا گۆران باسی لێوە



دەکا، پێی دەوترێ (ئەدەبییاتی جەدیدە)، نەک (ئودەبای فەجری ئاتی)، چونکە هەرچی (تۆفیق فیکرەت)ە، سەر بە ڕێبازی (ئودەبای فەجری ئاتی) نەبووەو... بۆ پتر ڕوون کردنەوەی ئەم لایەنە دەڵێین: (ئەدەبییاتی جەدیدە) بەگشتی دوو قۆناخ یان دوو لقە ڕێبازی ئەدەبی بەخۆوە دەگرێ، یەکەمیان کۆمەڵەی (سەروەتی فونوون- واتە- سامانی هونەر)ە و بەناوی گۆڤارەکەیانەوە ناو دەبرێن و گەورەترین شاعیریان (تۆفیق فیکرەت) بووە. قۆناخی دووەمی (ئەدەبییاتی جەدیدە)... (ئودەبای فەجری ئاتییە) کە (تۆفیق فیکرەت) پێوەندیی پێوە نییە.

هەرچی (جەلال ساهیر ئەرۆزان-یشە- ١٨٨٣-١٩٣٥) هەر لە سەرەتای دەست لە شیعرو نووسینەوە دانیەوە تا کۆچی دوایی، کە نەک هەر ماوەی ئەدەبییاتی جەدیدە بە هەردوو قۆناخەکەیەوە، بەڵکو قۆناخی دوای ئەوانیش بەردەوام هەرچی ڕێبازێکی تازەی ئەدەبی پەیدا بووبێ بازی بەسەردا نەداوەو تێکەڵی بووەو شیعری سەر بەو ڕێبازە وتووە[١٢].

عەبدولحەق حامید-یش (١٨٥٢-١٩٣٧) بەر لەوانەو بەر لەو ڕێبازە نوێیانە بووەو سەر بەو سەردەمە دەژمێردرێت کە بە هەموو لایەنێکی دەوڵەتی عوسمانی وتراوە سەردەمی (تەنزیمات)... عەبدولحەق حامید یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی تورک و دەورێکی زۆر گەورەو دیاری لە تازەکردنەوەی شیعری تورکیی سەردەمی خۆیدا بووە... لەم دوو دێڕە شیعرەیدا ڕاستی وتووە کە دەڵێ:

أوت طرزی قدیمی شعری بوزدق، هرج و مرج ایتدک
ندر شعری حقیقی صحفهء عرفانه درج ایتدک
بو یولده نقدی وقتی جمعی قوت بیرله خرج ایتدک
بزه گلمشدی زیرا مسلکی أجداد ناکافی[١٣]

واتە:

بەڵێ شێوەی کۆنی شیعرمان تێکدا، کردمانە هەراوهۆریا
شیعری بەڕاستی چییە، بەلاپەڕەی زانستدا تۆمارمان کرد
لەم ڕێیەدا ماڵ و کات و هەموو هێزمان پێکەوە خەرج کرد

که ڕێبازی باووباپیران بۆ ئێمە بەکەم و کوڕییەوە مابووەوە[١٤]

*

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە دەبوو مامۆستا گۆران و ئەوانی دی، ناوی شاعیرێکی دیکەشیان بهێنایە کە (جەناب شیهابوددین-ە- ١٨٧٠-١٩٣٤) و تاڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەم باسەوە هەیەو تەنانەت نووری شێخ ساڵح ئەوەندەی ئەم شاعیرە بەدڵ بووە ناوی دوو کوڕی خۆی بەناوی ئەم شاعیرەو باوکیەوە ناو ناوە.

## تۆفیق فیکرەت و

## شاعیرە نوێخوازەکانی کورد

### مەسەلەی جەناب شیهابوددین

جەناب شیهابوددین (١٨٧٠-١٩٣٤) شاعیرێکی بەتوانای تورکەو لە کۆمەڵەی (سەروەتی فونوون)ەو برادەرو دۆستی (تۆفیق فیکرەت)ە... فیکرەت شیعرێکی بەناوی ئەم (جەناب)ەوە نووسیوەو لە کۆمەڵە شیعری (رباب شکستە-ڕوبابی شکەستە)دا[١٥] بڵاو کردووەتەوەو تێیدا دەڵێ:

**جناب**

خلجانلرلە گچن بر گونک اقشامندە
مائی بر کولکلە لکک سینەء ارامندە
گیجەنک بر أبدی ان سمنفامندە
پر سکون، زمزمەء خلقتی گوش ایتدکسە

*

وارسە شاعرلکە ڕوحکلە نفوذک، هنرک،
طولاشوب نشئەء صنعتلە کولن دیدەلرک
چهرەء گریە، نقابندە حیات بشرک
برمشرح گبی تشریح نفوس ایتدکسە

*



برشی اکلارسک، اوت، بلکە بوسیمادن سن
برشی اکلارسک أونک شیوەء تقریرندن
یازەمام یوقسە جنابک سکا ماهیتنی

*

شویلە تمثیل ایدەیم: بر یکی افق مشهود
برسماپارەء نودیدە کە هرچشم شهود
گورەمز، گورسەدە إدراک ایدەمز فسحتنی

*

کوردییەکەی دەقی سەرەوە، بەمجۆرەیە:

**جەناب**

لە ئێوارەی ڕۆژێکدا کە بە خورپەوە ڕەت بوو بێ،
لە سینەی ئارامی سێبەرێکی شیندا،
لە ساتێکی هەمیشەیی یاسەمەن ڕەنگی شەودا،
ئەگەر بێ دەنگ، گوێ لە گۆرانیی بوون بگری

*

ئەگەر بە گیان، هونەرت، توانات بەسەر شاعیرێتیدا بشکێ
ئەگەر ئەو چاوانەت کە بە زەوقی هونەرەوە پێدەکەنن... گەڕاند
بە چارەی دەمامک گریانی ژیانی مرۆڤدا...
وەکو نەشتەرگەرێک ئەگەر دەروونەکانت نەشتەرگەری کرد

*

شتێک تێدەگەی، بەڵێ، بەڵکو لەم سیمایە... تۆ
شتێک لە شێوەی دەربڕینی ئەو تێدەگەی
دەنا ناتوانم چییەتیی (جەناب)ت بۆ بنووسمەوە

*

دەبا بەم جۆرەی بنوێنم: تازە ئاسۆیەکی بەرچاو
پارچە ئاسمانێکی تازە بینراو کە هەموو چاوێکی بیبینا
ناتوانێ بیبینێ، ئەگەر بشیبینێ پەی بە بەرینیی نابا

هەروەها لە وەڵامی نامەیەکی ئەم (جەناب)ی شاعیرەدا کە بۆ تۆفیق فیکرەتی نووسیوە، فیکرەت وەڵامێکی بەشیعر بۆ نووسیوەتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:
(دەقە تورکییەکەی)

### جواب

- جنابک بر مکتوبنه -

«باری اولدکمی، باری سن مسعود؟»
دییه صوردک، نظرلرکده «خایر،
اوله مازسک!» دیین فتور الود
برتبسمله... بنجه لا یقدر
اولەمازسەق نەسن نەبن مسعود!
نەدیەسوردک باق: ادم أولادی
جانلی بر جیفه، بر یورور پیختی،
صالیه، یاخود یالان قوصان بر اغز،
بر تعضوکه قان، ایرین یالکز،
قوجامان بر قارین، کوچوک بر باش.
أز دوشون، چوق یه، دائما اوغراش؛
قلبی أمیدو حرصه چاه شئون،
حرصی، امیدی ات، مضیقهء خون،
بینی بر مضطرب جهاز عصب؛
اونی قالدیر، قالان چوروک برقاب
برسیکیر پنجەسندە هر میلی؛
هر کولوش برتشنج عضلی،
ذلت، اوستندە بر جلای غرور؛
دائما اج بر احتیاج عقور؛
دائما کیرلی، کیرلەنن بر آل؛
دائما الچاق، الچالان بر أمل،



دائما زورلایان، قیران، دەویرن،
محو ایدن... صوکره محو اولان برتن،

*

بویله بر زهره قارشی سن: «مسعود
اوله بیلدم.» دیسەک دە خولیادر؛
اولەمازسک؛ او پک ظلال الود
بر توهم کە عین رؤیادر...
اولەماز اکلیان، گورن مسعود!(١٦)

*

بەم جۆرەی خوارەوە دەقەکەم کردووەتە کوردی:

### وەڵام

- بۆ نامەیەکی جەناب -

وتت داخۆ، داخۆ تۆ شاد بووی؟
پرسیت و لە نیگاکانتدا بە خەندەیەکی ساردی ئامێزەوە
وتت «نەخێر، ناتوانی شادبی!»... بەمن بێ... شایستە وەهایە
کە نەتۆ، نەمن نەتوانین شادبین!

*

بڕوانە چیت دەوت: ئادەمیزاد
بۆگەنییەکی گیاندارە، شلاییەکی مەیبیوەو ڕێ دەکا
دەمێکی... تف، یا درۆ ڕشاوەیە،
ئەندامێکە تەنیا خوێن، تەنیا کێمە،
و رگێکی زل، سەرێکی بچووک؛
کەم بیر بکەرەوە، زۆر بخۆ، هەمیشە تێکۆشە؛

*

دڵ چاڵی کاروباری ئومێدو ڕژدییە،
ڕژدی و ئومێد تووڕدە، تەنگە جێیەکی خوێنە...
مێشکی، کۆئەندامێکی بێ ئارامی دەمار،

ئەوە لادە، ئەوەی دەمێنێتەوە قاپێکی پووچە

*

هەموو ئارەزوویەکی لە دەست و پەنجەی دەمارێکدایە،
هەر خەندەیەکی گرژبوونەوەیەکی ماسولکەییە،
بێ بایەخی، لە ڕوویدا ڕووکەشێکی خۆ بەزل زانییە،
هەمیشە برسی، پێویستییەکی نەزۆک؛
هەمیشە چڵکن، دەستێکی چڵک گرتوو،
هەمیشە نزم، ئومێدێکی داکەوتوو،
هەمیشە زۆردار، سەرەو ژێر کەر،
نابووت کەر،... لە دواییشدا... تەنێکی نابووت بوو،
بەرامبەر ژەهرێکی وەها تۆ ئەگەر بشڵێی «توانیم
شادبم» ئەمە خولیایە،
ناتوانی ببی، ئەمە تەواوێک ئاوێتە بە ڕێ بزرکردنێکە
ئەمە لێتێکچوونێکی کوت و مت خەونە
ئەوەی تێدەگا... دەبینێ... ناتوانێ شادبێ...

ئالێرەوە دیارە و دەبینین کە نووری شێخ سالح (١٨٩٦- ١٩٥٨) دوو کوڕی خۆی بەناوی ئەم شاعیرە تورکە گەورەیەوە ناو دەنێ، یەکێکیان ناو دەنێ (جەناب) و ئەوی دی ناو دەنێ (شیهابەددین)...

جا هەروەک (جەناب شیهابەددین) نامە بۆ (تۆفیق فیکرەت) دەنێرێ... (نووری شێخ سالح)یش نامەیەک بۆ (گۆران)ی شاعیر دەنێرێ کە ئەوسا لە (زەردیاوا)ی (قەرەداغ) بووە... ئەم نامەیەشی هەر بەناوی (جەناب)ەوە دەنێرێ... جەنابی کوڕی... کە بەم جۆرەی خوارەوە نامەکەی بەشیعر دادەڕێژێ و دەڵێ:

ئەی ژیان ئەی مەلی طائفەی پیر و جوان
ئەی بەبێ تۆ شەوی دەیجوورە هەموو ژیان
هیچ مەوەستە، لە دەستا تا ئەگەیە زەردی ئاوا
ئەم دوو سێ شیعرە بە دیاری بەرە خزمەت گۆران...



بڵێ ئەی نازیری ئەو مەنزەرە جوانەی قەرەداخ
دوور لە دەرد و لە پەژارە و لەخەم و میحنەت و ئاخ
باوکم ئەو وەختە ئەدیبێ بوو لەڕیزی ئودەبا
مەلەوانێکی بە قودرەت بوو لە بەحری ئەدەبا
ئەو دەمە شیعری ئەوت هۆش و شعوورێکی هەبوو
سەرو دڵ خۆش و ڕەحەت کەیف و سروورێکی هەبوو
ئێستە کۆماوەتەوە پشتی بەسەر جەدوەلدا
قیسمەتی خۆی ئەمە بوو هەر لە دەمی ئەووەلدا
ڕۆژو شەو فیکری بە نووسینی حیساباتەوەیە
شەوو ڕۆژ زیکری بە تەسدیدی ئەماناتەوەیە
شعری بیکری بووەتە تەصفیەیی تەسلیفات
ویردو زیکری بووەتە تەمشیەیی تەحویلات
جەدوەل و مولحەق و تەسویدی ناو ئاذاری
بووتە قافیەوو مەسرەعی مەعنیداری

*

جا گۆران-یش لە وەڵامدا شیعری (جواب بۆ جەناب)ی بۆ دەنووسێ کە دەڵێ:

ئەی ژیان پاش شکایەتی دووری؛
ماچ کە چاوی جەنابی شێخ نووری
ماچ کە چاوی بەتاسەوە، کە جەناب
دەرسی ئەووەڵ گەیشتە خەتمی کیتاب!...
ڕاستە شیعری ڕەواج و قیمەت دار،
باوکی تۆ بوو بنێری بۆ بازاڕ،
ڕاستە ئێستەش بە دۆسیەو دەفتەر
داخراوە لە مێشکی شەش دەر...
لاکین ئاخۆ چ شاعیرێکی تر،
شیعرە پیشەی: بەدائیمی، سەرومەڕ؟
باوکتە، تۆیی، منم، ئەمە یا ئەو

هەوڵی نانە بەڕۆژ و، شیعرە بەشەو
چارەنووسی بەشی ئەزەلمان، داد،
پیشەیەکە شیعر وتن: بەرباد!
(مع مافیە) تەبیعەتی شاعیر،
نەوەزیفەو زەروورەتی قاهیر،
نەبڕینی زمان و، پەل بەستن
بلبلی مەنع ئەکا لە مەیلی وتن!...[١٧]

هەر لێرەوە کارلێ کراویی شێخ نووریمان بۆ دەردەکەوێ کە کوڕەکەی خۆی بە ناوی جەنابەوە ناو ناوە... بەڕێکەوتیشی نازانم کە بە ناوی (جەناب)ی کوڕییەوە نامەی بۆ گۆران ناردبێ و!. گۆرانیش بەناوی وەڵام بۆ جەنابەوە، وەڵامی دابێتەوە... هەروەها هیوادارم بەخۆتان و لەلای خۆتانەوە بەراوردێک لەنێوان وەڵام بۆ جەنابەکەی تۆفیق فیکرەت و وەڵام بۆ جەنابەکەی (گۆران)دا بکەن.

## فیکرەت و شێخ نووریی شێخ ساڵح

لەنێو شیعرەکانی شێخ نووری-دا چوار شیعرمان بەرچاو دەکەوێ کە، نەک هەر شیعری تۆفیق فیکرەت کاری تێ کردوون، بەڵکو دەگاتە ڕادەی گۆڕینەوەی دەقاو دەقی زۆر لایەنی و لێ وەرگرتنی زەق و دیار، ئەم شیعرانەی خوارەوە ئەو سەرنجەی ڕاکێشاوین:

١- گریەء خسران- ناونیشانی شیعرێکی تۆفیق فیکرەتە کە دەقە تورکییەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

### گریەء خسران

اغلا، أی شعر ناتوان، اغلا...
ئولدی ڕوحمدە مبتسم امال؛
شیمدی أوکسوز، کفن بدوش ملال،
کزییور سرسری پرئ خیال.

*



اغلا، أی ڕوح غمنشان، اغلا...
سوندی شعرمدە پارلایان حسلر؛
او الولر، او تودە تودە شرر
شیمدی أفسردە بر اووج أخکر،

*

اغلا، ای چهرەء خزان، اغلا...
طوکدی قلبمدە اغلایان هیجان؛
شیمدی بن ماتمیلە وقف خزان،
ایستەرم بر بکای بی پایان

*

اغلا، ای شعر ناتوان، اغلا؛
اغلا، ای ڕوح غمنشان، اغلا؛
اغلا، ای چهرەء خزان اغلا...
اغلایک، کریە بلکە ساریدر،
بکابر جوشش بکا کتیرر![١٨]

ناوونیشانی ئەم شیعرە لەلای شێخ نووری بووەتە (ڕەخنە لە خۆو سکاڵا) و دەقەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

### ڕەخنە لە خۆو سکاڵا[١٩]

بگری ئەی شاعیری ناتەوان بگری
مرد لە ڕووحی منا هەموو ئامال
بێ خودان[٢٠]، کفن بدوشی مەلال
ئەگەڕێ سەرسەری پەریی خەیاڵ

*

بگری ئەی ڕووحی غەمنیشان بگری
کە بە کوللی نەما لە شیعری منا
زەڕڕەیە لەفظی ڕێک و مەعنا[٢١]
وەکو ئەفسوردە ئاگری سەرما[٢٢]

*

بگری ئەی چیهرەیی خەزان بگری
گربەی دڵ مێشکی بکا هەیەجان
بێت و گەر بکەی بە وەقفی خەزان
گریەیەکی غەریب و بێ سامان

*

بگری ئەی ناڵەی فیغان بگری
گریەیەکی وەها بەجۆش و خرۆش
کە نەمێنێ نەعەقڵ و نەفەهم و نەهۆش
خەرقەیی ماتەمی و ناڵە بەدۆش

*

بگری ئەی ئەبری بێ ئامان بگری
تۆی کە چاوانی من بکەی تەمسیل
گریەیی چاوی تۆ ئەکەم بە دەلیل
وەکو تۆ خوێنی دڵ ئەکەم بە سەبیل

*

بگری ئەی شیعری ناتەوان بگری
بگری ئەی ڕۆحی غەمنیشان بگری
بگری ئەی چەهرەی خەزان بگری
بگری ئەی ناڵەو فیغان بگری
بگری ئەی ئەبری بێ ئامان بگری(٢٣)

وەک دیارە شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت بریتییە لە چوار کۆپلە شیعر، هەر کۆپلەیەک لە چوار دێڕە شیعر پێکهاتووە... هەر یەکە لەسێ کۆپلەی ئەو شیعرە بە دێڕێک دەست پێ دەکا، کە بە وشەی (اغلا - واتە - بگری) دەست پێ دەکات و کۆتایی پێ دێ... لە کۆپلەی چوارەمدا ئەوسێ دێڕەی سەرەتاکان بەدوای یەکدا دووبارە کراونەتەوەو دوو دێڕە شیعری دیی بۆ زیاد کراوە کە ئەم دوو دێڕەش هەروەک دێڕەکانی دی داڕێژراوە، واتە بە وشەی (اغلا - واتە - بگری) دەست پێ کراوەو کۆتاییشی پێ هاتووە



بەم جۆرە شیعرەکە بووەتە چوار کۆپلە.

شیعرەکەی شێخ نووری لەشەش کۆپلە پێکهاتووە... سێ کۆپلەی یەکەمی هەر بە گۆڕینەوەی دەقاو دەقی دێڕی یەکەمی سێ کۆپلە شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت دەست پێ دەکا... کۆپلەی چوارەم و پێنجەمی دەتوانین بڵێین لە زادەی بیری شێخ نووری خۆیەتی و بۆی زیاد کراوە... بەڵام هەر بەو دەستوورەی کە کۆپلەکانی دیی پێ داڕێژراوە... لە کۆپلەی شەشەمدا شێخ نووری هەر بەو شێوەیەی کە (تۆفیق فیکرەت) کردوویەتی یەکەم دێڕەکانی کۆپلەکانی دووبارە کردووەتەوەو بوونەتە کۆپلەی شەشەم... بەڵام شێخ نووری دێڕی دیی نەخستوونەتە سەر.

لە جۆری داڕشتنی شیعرەکەو بەراورد کردنییەوە بەشیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت)و دووبارە بوونەوەی یەکەم دێڕەکانی کۆپلەکان (دەقاو دەق وەک خۆیان)... بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم دێڕ لەلای شێخ نووری لە (بگری ئەی شیعری ناتەوان بگری)یەوە بووەتە (بگری ئەی شاعیری ناتەوان بگری)... دەبێ ئەمە هەڵەی چاپ نەبێ؟! چونکە لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەداو لە کتێبەکەی کاک موسڵیح جەلالیدا، هەڵەیەکی چاپی دیی تێدا دیارە، ئەوەش ئەوەیە کە دێڕی (ئەگەرێ سەرسەری پەریی خەیاڵ) بە (ئاگری سەرسەری پەریی خەیاڵ)(٢٤) لە چاپ دراوەو من لەدەقەکەی سەرەوەدا ڕاستم کردووەتەوە.

کە دێینەوە سەر بەراوردی دوو شیعرەکە بەگشتی، تەماشا دەکەین شێخ نووری سێ کۆپلەی یەکەمی لە شیعرەکەی تۆفیق فیکرەتەوە وەرگیراوە، ئەگەرچی جیاوازیی لەنێوان واتای کۆپلەی دووەمیاندا زۆرە و هەروەها زۆربەی وشە کلاسیییەکانیشی هەر کتومت وەک خۆی داناوەتەوە کە ئەوسا لە هەردوو ئەدەبی تورکی و کوردیدا باو بووە.

بۆ ئەوەی کەسێک بیەوێ بەراوردیان بکاتەوە ئەوا من بەمجۆرە شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت دەکەمە کوردی:

## گریانی نائومێدی

بگری، ئەی شیعری ناتوانا، بگری
هیوای دەم بەبزە لە گیانمدا مردن،
ئێستا بە هەتیییوی، کفن لە سەرشانی بێزاری
سەرسەرییانە دەگەڕێ پەریی خەیاڵ

*

بگری، ئەی گیانی خەم پێکاو، بگری
هەستە ورشەدارەکانی ناو شیعرم کوژانەوە
ئەو هاڵاوانە، ئەو کۆمەڵ کۆمەڵ پریشکانە
ئێستا شتێک خۆڵەمێشی ساردو سڕن

*

بگری، ئەی چارەی خەزان، بگری
هەڵچوونەوەم شەختەیان بەگریانەکانی ناو دڵم بەست
ئێستاکە من بەشینێکەوە گیرۆدەی خەزانم
گریانێکی دوا نەهاتووم دەوێ

*

بگری، ئەی شیعری ناتوانا، بگری
بگری، ئەی گیانی خەم پێکاو، بگری
بگری، ئەی چارەی خەزان، بگری
بگرین، بەڵکو... گریان پەتایەک بێ...
جۆش و کوڵی گریانێکم بۆ بهێنی...

٢- (یاشادقچە) واتە (بەدەم ژیانەوە) کە شیعرێکی تۆفیق فیکرەتەو لەسێ کۆپلە شیعر پێکهاتووە، هەر کۆپلەشی لە چوار دێڕ پێکهاتووەتەوەو تاکە دێڕێکیش بەتەنیا لە دواییدایە، دەقی تورکیی شیعرەکە بەم جۆرەیە:

## یاشادقچە

أوت، بوطاغلری اشدقچە بویلە طیرمانەرق،
أوت، بوطالغەلرک سطح بیقرارندە



شکستە، گمشدە، اوارە، خوارو مستغرق،
یووارلانوب زدەلندکجە... ایسترم قوشمق!

*

أوکمدە برگیجە، برغور لاجوردی ظلام،
درینلەشیر بنی پویان گوروب کنارندە؛
درینلەشیر و گولر... بن، علیل وبی ارام،
أوچان بوکولگەیی تسخیرە ایلرم اقدام...

*

أو ظل مبهم سائر، او موجەلر، او جبال
برر مشال أملدر کە ڕهگذارکدە
گورر بلندو مطرا، ایدرسک استعجال؛
بوتون تعب، ینە قابل دگل فقط إهمال:

*

سور حیاتی بشر تا سر مزارندە!(٢٥)

*

شێخ نووری شیعرێکی بەناوی (ژیانی ئادەمی زاد)ەوە هەیە، دەقی شیعرەکە بەم جۆرەیە:

## ژیانی ئادەمی زاد

لەناو شەپۆلی خەما سەرنگون و بێ ئارام
بە کێوی سەختی ژیانا، بەپێ، بەچنگەڕنێ
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە، بگاتە سەری
لەپڕ نشێوی کلۆڵی بواری لێ ئەتەنێ
بەدوای یەئس و ئەلەم، تاروپۆی لە ئاخ و لە زام!.

*

زەبوون و ڕێ هەڵەبووی دەشتی چۆڵ و هۆڵە بەلا
شکستە باڵ و شپرزەی پلاری دەستی قەدەر
کەسێ نییە کە لەلاوە دەسی بداتە پەلی

یەکێ نییە کە لەلای ئەو خەفەت بدا بەهەوا
بەلایەکا بیەوێ تێپەڕێ، نییە ڕەهبەر!

*

لەپێشی چاوی تەم و مژ، بەسوورەتێکی وەها
هەتاکو خوا حەزەکا توندو تارو بیم ئاوەر
ئەوا بەلایەوە، ئەخنێتەوە بە ئیستیهزا
هەوڵ ئەدا کە لەوێ تێپەڕێ، بەڵام سێبەر
چلۆن ئەگیرێ، بەهێزی شەلێکی بێ سەروپا ؟!

*

ئەمانە! ئەم کەژە، ئەم سێبەرو شەپۆلە، یەکی
نموونەیی لە هەوایەو لە ڕێگەدایە بە بار!
کە چاوی پێ ئەکەوێ بۆی ئەچێ بە ئیستیعجال،
بەڵام هیلاکییە، یەعنی ژیانی ئادەمزاد
بەتەنگەوە نییە، ڕاهاتووە لەگەڵ ئیهمال
هەتاکو ئەو دەمە ئەینێنە گۆڕی تیرەو تار!(٢٦).

هێشتا بابزانین مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێ چی: «یەکێکە لەو شیعرانەی (نووری) کە لەسەر ئسلووبی (تۆفیق فیکرەت) دایناوە.» (٢٧)

ئینجا دەڵێ:

«لەم شیعرانەدا کە لە سەرەوە نووسراوە، شێخ نووری وەک وتبوومان پەیڕەوی (تۆفیق فیکرەت)ی کردووە ئسلووبی شیعرەکانی بەتەواوی لەهی ئەو ئەچێ. وەک (تۆفیق فیکرەت)، ئەمیش زۆری وشەی فارسی و عەرەبی بەکارهێناوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش وشەی کوردی پەتی، تەعبیری جوان و تازەشی خستووەتە پاڵ وشە بێگانەکان و بەم جۆرە شێوەیێکی دڵگیرو ئاهەنگێکی مۆسیقی شیرینی لێ پەیا کردووە...» (٢٨)

شیعرەکەی شێخ نووری لە جیاتی (بەدەم ژیانەوە) بووەتە (ژیانی ئادەمیزاد) و ئەمەش وەنەبێ لە خۆیەوە هاتبێ، بەڵکو لە دوا دێڕی



شیعرەکەی فیکرەتەوەو لە دەستەواژەی (سور حیات بشر)ەوە وەرگیراوە.

شیعرەکەی شێخ نووری لە چوار کۆپلە شیعر پێکهاتووە کە هەریەکەیان پێنج دێڕن و تاکە دێڕێکی کۆتاییشی لەگەڵە.

دیارە شیعری (ژیانی ئادەمیزاد)ەکەی شێخ نووری، لە قۆناخێکی دواتری ژیانی شێخدا دانراوە، چونکە بە کوردییەکی پەتیتر نووسراوە... بەڵام ناوەرۆکەکەی هەر ناوەرۆکی شیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت)ەو وشە تاک تاکە کلاسییە هاوبەشەکانی هەر تێدا ماوەتەوە.

ناوەرۆکی کۆپلەی یەکەم هەر ناوەرۆکەکەی کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەی فیکرەتە... کە دێینە سەر کۆپلەی دووەمی (ژیانی ئادەمیزاد) ئەمەیان دەردەکەوێ کە لە زادەی بیری شێخ نوورییەوە زیاد کراوە... بەڵام کۆپلەی سێیەمی شیعرەکە دیسانەوە ناوەرۆکی کۆپلەی دووەمی شیعرەکەی فیکرەتە.

هەروەها کۆپلەی چوارەم و تاکە دێڕی کۆتایی شیعرەکەی شێخ نووری هەر ناوەرۆکی کۆپلەی سێیەمی شیعرەکەی فیکرەتەو تاکە دێڕی کۆتاییەکەیە... ئەوەندە هەیە فیکرەت دەڵێ:

أوظل مبهم سائر، او موجەلر، او جبال
برر مثال أملدر کە ڕهگذارکدە
گورر بلند و مطرا، ایدرسک استعجال؛
بوتون تعب، یتە قابل دگل فقط إهمال

*

سور حیاتی بشر تاسر مزارندە!

واتە:

ئەو سێبەرە نادیارە ڕێ کردووە، ئەو شەپۆلانە، ئەو چیایانە
هەر یەکەو نموونەی هیوایەکە کە لە ڕێگەتدا
دەیانبینی بڵندو تەڕو تازە، پەلە دەکەی؛
هەموو ماندووبوونە، بەڵام ناکرێ پشتگوێ بخرێ

*

تەنانەت لە ڕۆخی گۆڕیشدابێ، ئادەمیزاد ژیانی خۆش دەوێ!

*

کەچی لەلای شێخ نووری بەم جۆرەی لێ هاتووە کە دەڵێ:

ئەمانە! ئەم کەژە، ئەم سێبەرو شەپۆلە، یەکی
نموونەیی لە هەوایە و لە ڕێگەدایە بە بار!
کە چاوی پێ ئەکەوێ بۆی ئەچێ بە ئیستیعجال،
بەڵام هیلاکییە، یەعنی ژیانی ئادەمزاد
بەتەنگەوە نییە، ڕاهاتووە لەگەڵ ئیهمال

*

هەتاکو ئەو دەمە ئەینێنە گۆڕی تیرەو تار!

واتە: لە کۆتاییدا تۆفیق فیکرەت دوای پیشاندانی ئەو هەموو ناخۆشییە، مرۆڤ هان دەدا، کە تا دەخرێتە ناو گۆڕەوە، ناکرێ هەوڵ و کۆشش و ماندوو بوون بخاتە پشت گوێ... چونکە تا پێیەکیشی لەناو گۆڕدابێ ژیانی هەر خۆش دەوێ.

کەچی شێخ نووری دەڵێ: ئادەمیزاد بە تەنگەوە نییە... لەگەڵ پشتگوێ خستندا ڕاهاتووە... ئێوەی خوێندەواری بەڕێزیش جوداوازییەکە دەزانن.

مایەوە ئەوەش هەر بڵێم کە مامۆستای نەمری ئەدەبی کوردی عەلائەددین سەججادی کە لە بارەی ئەم شیعرەوە دەدوێ، دەڵێ: «گرتنی ئەم جۆرە ڕێگایە بۆ هۆنراوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا تا ئەوپەڕی تازەیی تازەیە، مەگەر (تۆفیق فیکرەت) ئەم ڕچەیەی شکاندبێ ئەگینا زۆر کەم بووە.» (٢٩)

٣- فەردا... واتە (سبەی - یان - سبحەینێ)... شیعرێکی دیی تۆفیق فیکرەتەو پێشکەشی (لاوانی ئەمڕۆ - واتە لاوانی سەردەمی خۆی)ی کردووە و لە چل و شەش دێڕە شیعر پێکهاتووە و ئەگەرچی ئەم شیعرە سەرواداره... بەشێوەیەکی وەها نووسراوەتەوە کە ناکرێ جۆرە ڕیزکردنێکی تایبەتی و بەڕێکی تێدا لێک بدرێتەوە... تەنانەت لەلایەنی کێشیشەوە یان چەندیی یەکەی (تەفعیلە)وە شیعرەکە دێڕێکی تێدایە لە دوو وشەو



(بەس) پێکهاتووە. ئەمەش دەقە تورکییەکەی شیعرەکەیە:

**فردا**

- بوگونک گنجلرینه -

فردا سنک! سنک بوتجدد، بو انقلاب
هرشی سنک دگلمی که، ذاتا؟ سن ای شباب!
ای چهرهء بهیج امید، ایشته معکسک
قارشکده برسمای سحر، صاف و بی سحاب،
اغوش لرزەداری اچیق، بکلیور... شتاب
ای فجر خنده زاد حیات، ایشته هرکسک
أنظاری سنده، سن که حیاتک امیدیسک
ألنکده برستارهء نو، یوق، برافتاب
افاقه دوغ، أوکنده شو ماضئ پر محن
سونسون مؤبدا
سونسون مؤبدا او جهنم، سنک بو گون
جنت قدر گوزل وطنک وار، شو گوردیگک
زمرد باقیشلی، اینجی شطارتلی قیزجغز
کیمدر، بیلیرمیسک؟ وطنک شیمدی صایغیسیز
برگوز بو نازلی چهرەیه- الله أسیرگەسین -.
کم بر نظرله باقسه تحمل ایدەرمیسک؟.
ایسترمیسک؟ شو اق صقالک پاک و محتشم
پیشانئ وقارینه- بیر کیرلی ال دیم-
لکن یابانجی بر ال اوزانسین؟ شو مقبری
راضی اولورمیسک، طاشه طوتسون شو سرسری؟
البت، خایر،... او مقبر، او پیشانئ وقور
قدسی برر مثال وطندر، وطن غیور
انسانلرک اومو‌زلری اوستنده یوکسەلیر
گنجلر! بوتون امید وطن شیمدی سزدەدر

هرشی سزک، وطنده سزک، هرشرف سزک
لکن أونوتمایک که، زمان تندو مطمئن
بر خطوهء صموت ایله تعقیب ایدر بزی
اوکدن قوشان، فقط ینه دقتله هر ایزی
تعمیقه یول بولان بو یاکیلماز معقبک
شرمندهء عتابی قالیر سەق، یازیق!... دمین
«فردا سنک!.» دیدم، بنی ألقیشلادک، خایر،
برشی سنک دگل، سکا فردا ودیعەدر،
هرشی ودیعەدر. سکا، ای گنج، اونوتمه که
سندنده بر حساب أرار اتیٔ مشتکی
ماضی یه شیمدی سن باقییورسک پر انتباه
اتی ده سندن ایلیەجک بویله اشتباه،
هر عضوی گردباد حوایجله صارصیلان
برنسلک اوغلوسک؛ بونی یاد ایت زمان،
عصرک، اونوتما، بارقەلر عصر فیضیدر.
هربیلدیریمده برگیجه، بر گولگه دەوریلیر
برافق اعتلا اچیلیر یوکسلیر حیات،
بوکسلمەین دوشر: یا ترقی یا انحطاط!.
یوکسلمەلی، دوقونمالی النک سمالره،
طویماز بشر دیدکلری قوش اعتلالره
اوغراش دیدین، دوشون، ارا، بول، قوش، اتیل، باغیر
طورمق زمانی گیچدی، چالیشمق زمانیدر(٣٠)

شیعرەکەی شێخ نووری بەناوی (ئیستیقبال بۆ تازە پێگەیشتوانە)وەیەو ئەمەش شیعرەکەیە:

**استقبال بۆ تازە پێگەیشتوانە**

سبحەینێ ئەم تەجەددودە بۆ تۆیە ئەی شەباب
بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن خادمی حەیات
ئەی ئافتابی فەجری ئەمەل مایەیی نەجات



سوبحی سەعادەتێکی عەجەب پاک و بێ سەحاب
هەر چاوەڕوانی تۆیە دەسا فرسەتە شیتاب

*

ئەی فەجری بێ غوبارو کەدەر عالەمی ئەمەل
چاوی لە تۆیە تۆ کە ئومێدی هەموو کەسی
ئەلحەق عیلاجی دەردی دەوایەکی نەورەسی
هێند چاوەڕێ بوو چاوی هەتا پێگەیی سەبەل
فەرموو درەنگە وەختی طولووعێکە بێ حیجاب

*

بەڵکو کە صەرفی ماضییی تاریک و هەوڵناک
بکرێتەوە خەطی لەپەڕەیی دڵ بچێتەوە
نەختێ بەهاری عەیشی وەتەن وەختی بێتەوە
شایەد خەزانی عومری بکا سینە چاک چاک
بکرێتەوە فەهمی ماضیی پڕ عەذاب

*

ئەی نەورەسیدەکانی وەتەن وەقتی غیرەتە
تەحصیلی عیلم و مەعریفەتە مایەی شەرەف
تێکۆشە بۆ سبەینێ نەوەک بتکەنە هەدەف
سبحەینێ خاکی ئەم وەتەنە لات ئەمانەتە
حورمەتی وەتەن شەرەفی هەموو بۆ تۆیە ئەی شەباب

*

ئەی موحتەرەم موعەللیمی هوشیارو باویقار،
ئەی دوژمنی جەهالەت و ئەی خادمی بەشەر
ئەی خەصمی یەئسی دایمی ئەی مایەیی ظەفەر
ئەی مەحضەری سەعادەتی میللەتی بە ئیفتیخار
لادەن لە ڕووی ماهی وەتەن ذیللەتی نیقاب

*

ئێوەن بە عیلم منەووەر ئەکەن ولات
ئێوەن کە خزمەتی وەتەنی میهرەبان ئەکەن
تەنویری فیکری عالەم و تەعلیم شان ئەکەن

*

پڕ نوور ئەکەن ولاتی وەکو شەوقی ماهتاب
مەحبووبەیی جوانی وەتەن شۆخ و ماهڕوو
ئارایشی بەخشڵی عیلم دەن مەکەن قوسوور
تەنویری کەن بە شوعلەوو تەجهیزی کە بە نوور
قەت بێ جیازی ئەم کچە هەرگیز نەدەن بەشوو
بەڵکو ببێ وەتەن لەسەعی ئێوە فەیضیاب

*

ئیتر ئەکەم بەیانی تەخەللوصی و تەشەککورات
تەقدیمی ئیحتیرامی خصووصی بەدڵ و جان
بۆ خزمەت جەنابی مودیرو موعەللیمان
ئەم بەرگە سەبزە بابکەمە دیاری و خەڵات
هەرچەندە زەڕە هیچ نییە لای شەوقی ئافتاب(٣١)

شیعرەکەی شێخ نووری بەناوی (ئیستیقبال بۆ تازە پێگەیشتوانە) وەیە و وەک دەبینین شیعرەکە لە هەشت کۆپلە پێکهاتووە کە هەر کۆپلەیەکی پێنج دێڕە کە بەگشتی دەکاتە چل دێڕ، شێخ نووری لەم شیعرەشدا زۆربەی ناوەڕۆکی شیعرەکەی فیکرەتی وەرگرتووە، تەنانەت تاک تاکەی وشەی ناو دێڕەکانیشی بەزۆری وەک خۆی داناوەتەوە.

فیکرەت لە پێنج دێڕی یەکەمی ئەم شیعرەیدا دەڵێ، کە من بەم جۆرەم کردووەتە کوردی:

سبەی! هی تۆیە ئەم تازەبوونەوەیە، ئەم شۆڕشە
ئایا هەموو شتێک هی تۆ نییە؟ کە تۆ ئەی لاوێتی
ئەی ڕووی گەشی هیوا، سا ئەوە وێنەت
لەبەر دەمتدا ئاسمانێکی بەیانییە، ساماڵ و بێ هەور



ئامێزی لەرزەداری والا چاوەڕوانە، پەلە بکە...

لەشیعرەکەی (شێخ نووری)دا بەو جۆرەیە کە خوێندەواری بەڕێز دەتوانێ بەراوردیان بکاتەوە...

پێنج دێڕی دووەمی شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت بە کوردییەکەی بەم جۆرەیە:

ئەی خۆرهەڵاتی خەندە زادەی ژیان، ئەوە چاوی
هەموو کەسێک لەتۆیە، تۆ کە ئومێدی ژیانی
لە نێو چەوانتدایە ئەستێرەیەکی نوێ، نەخێر، خۆرێک
دە هەڵبێ بەئاسۆکاندا، با بە یەکجاری بکوژێتەوە
ئەم ڕابوردووە پڕ کارەساتەی لەپێشتدایە

(شێخ نووری)ش لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکەیدا هەر ئەو واتاو ناوەڕۆکە دووبارە دەکاتەوە، ئەگەرچی لەیەک دوو دێڕی دوایی کۆپلەکەدا گۆڕانێک دەبینین، سا لەبەرکێش و سەرواو گۆڕینەوەی کوردییەوە بێ یان...نا...

شێخ نووری وەک هەندێک لەدێڕەکان و ناوەڕۆکەکانی شیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت)ی گۆڕیوە... یان پشتگوێ خستووە، هەندێکی دیشی بۆ خستووەتە سەرو وای لێ کردووە کە بشێ پێشکەشی قوتابی و مامۆستایانی قوتابخانەیەکی بکا... بەڵام هەرگیز وای لێ نەهاتووە کە بشێ و بەشیعری خۆی دابنێ... هاتووە دوای ئەو دوو کۆپلەیەی کە وەری گرتوون... سێ کۆپلەی بۆ زیاد کردووە، بەڵام لەم کۆپلانەشدا، دوو دێڕی کۆپلەی چوارەمی تێکڕای شیعرەکەی کە بەم جۆرەیە، دەڵێ:

سبحەینێ خاکی ئەم وەتەنە لات ئەمانەتە
حورمەتی وەتەن شەرەفی هەموو بۆ تۆیە ئەی شەباب...

ئەم بە ئەمانەت درانە دەست لاوانەی خاکی ولات و نیشتمانەش هەر لە فیکرەتەوە وەرگیراوە، بەڵام وەک گەڕانەوەیەک و ئاگادارکردنەوەیەکی لاوەکانە لە لای تۆفیق فیکرەت، کە دەڵێ:

«فرداسنک!» دیدم، بنی القیشلادک، خایر،

برشی سنک دگل، سکا فـــــردا ودیعـــــــه‌در
هرشی و دیعـــــه‌در، سکا، ای گنج، اونوتمه کــــه...
سندنده بر حـــــســــــاب ارار آتیٔ مـــــشــــتکی
واته:
گوتم «سبه‌ی هی تۆیه!» که‌وتیته چه‌پڵه لێدان، نه‌خێر
هیچ شتێک هی تۆ نییه، سبه‌ی ڕاسپارده‌یه له لات،
هه‌موو شتێک ڕاسپارده‌یه، به‌تۆ، ئه‌ی لاو، له‌بیرنه‌که‌ی که‌وا
داهاتووی سکالاَدار له‌تۆش داوای سه‌ره‌نجامێک ده‌کا...
کۆپله‌ی حه‌وته‌می شیعره‌که‌ی (شێخ نووری)ش که ته‌ماشا ده‌که‌ین، سرووشی ئه‌و دێڕه‌ی خواره‌وه‌ی هه‌ر له شیعره‌که‌ی (تۆفیق فیکره‌ت)ه‌وه وه‌رگرتووه...
شێخ ده‌ڵێ:
قـــه‌ت بێ جـیـــازی ئه‌م کـچـــه هه‌رگـیـــز نه‌ده‌ن به‌شـــوو
...
دیاره مه‌به‌ست له کچه‌که نیشتیمانه...
فیکره‌ت ده‌ڵێ:
جنت قـــدر گـــوزل وطنک وار، شـــو گـــوردیگک
زمـــرد باقـــیـــشلی، اینجی شطارتلی قـــیـــزجـــغـــر
کیـمـدر، بیلیرمـیـسک؟ وطنک شیـمدی صایغیـسیز
بر گـــوز بو نازلی چهـــره‌یه- الله أســـیـــرگـــه‌سین-
کم بر نظرله باقـــسین تحـــمل ایده‌رمــــیـــــسک؟...
واته:
نیشتیمانێکی ئه‌وه‌نده‌ی به‌هه‌شت جوانت هه‌یه، ئه‌م نیگا
پیرۆزه‌ییه‌ی ئه‌م کیژۆڵه شه‌ن و شۆخ مرواریییه‌ی که ده‌یبینی
کێیه، ئایا ده‌زانی؟ به‌رگه‌ی ئه‌وه ده‌گری که چاوێکی بێ ڕێز
ئێستا – خودانه‌کا – به چاوێکی نزم سه‌یری ئه‌م ڕووه به‌نازه‌ی
نیشتمانت بکا؟



٤- شێخ نووری دوای خوێندنه‌وه‌ی گه‌شتنامه شیعرییه‌که‌ی فیکره‌ت که به‌دوازده پارچه شیـعـر به‌ناو دوازده مـانگی سـاڵدا گـه‌شت ده‌کـات و به‌تایبه‌تی پارچه شیعری مانگی دووه‌می فیکره‌ت... نه‌ک هه‌ر سرووشی لێ وه‌رگرتووه به‌ڵکو هه‌ندێک وێنه‌و زاراوه‌و وشه‌ی ده‌قاو ده‌قی ئه‌و پارچه‌یه‌ی وه‌رگرتووه و شیعری (نیسان)ی پێ نووسیوه‌ته‌وه...
بڕوانن فیکره‌ت له کۆپله‌ی یه‌که‌می ئه‌و شیعره‌دا ده‌ڵێ:
چیـــچکلی بر داله قـــونمش قـــاناتلی بر خـــولیـــا
قلم، بهــــاری بو تـصــــویر ســـــاده نقــــشـــــیله
خـــلاصـــه أیله‌مک ایســـــتـــر، وناگـــهـــان په‌یدا
وریـقـــــــه‌لرده‌کی شـــــرمـنده برتماســــــیله
ایدر بـو جـــرأت آوارە سنده اســــتـــحـــیـــا...
واته:
خولیایه‌کی باڵدار به‌سه‌ر چڵێکی گوڵداره‌وه نیشتووه
خامه، ده‌یه‌وێ به‌م وێنه کێشانه ساده نه‌قشه‌یه‌وه
باسی به‌هار کورت بکاته‌وه‌و، به به‌رکه‌وتنێکی ئه‌و شه‌رمه‌ی
ناکاو له په‌لکۆکه‌کاندا په‌یدا بووه
له‌م زات کردنه ئاواره‌یه‌ی شه‌رم ده‌کا...
نووری شێخ ساڵح هاتووه به‌م جۆره شیعره‌که‌ی خۆی داڕشتووه:
یه‌خـــه‌ی گــــوڵێکی ســـپی پێـــوه تازه مـــه‌خلووقی
قـــه‌ڵه‌م به ده‌ســـتـــه‌وه ئامـــاده چاوه‌ڕێی فـــه‌رمـــان
مـــصـــوڕێ کـــه له (دار الفنونی) قـــودره‌تی حـــه‌ق
بووه به ڕه‌هبـــه‌ری ئارایشی جـــه‌مـــالی جـــیـــهـــان
صـــه‌حـــائیـــفی هه‌مـــه ڕه‌نگی جـــیـــهـــانی گـــرتۆته ده‌ست
خـه‌ریکی ڕه‌ســـمـــه فـــه‌قـــه‌ط ڕه‌سمی عـالـه‌می ئیـمکان(٣٢)
له کۆپله‌ی سێیه‌می شیعره‌که‌دا فیکره‌ت ده‌ڵێ:
صـــولر أقـــار، قـــوزولر اویناشـــیـــر، صـــفـــاسندن
حـــــیـــــات ڕقص ایدیـیــــــور ظن ایدرسکز

اولور تلألؤ باران ایچنده خنده فشان
بو ابتسام ایله گویا، شکفته ڕوح بهار،
لبنده برصاری نیلوفرک طوغار نیسان...

واته:

ئاو دێنە خوارەوەو، بەرخەکان یاری دەکەن، لە خۆشیدا
وا دەزانن کە ژیان سەما دەکا، بەرەبەیان
لەناو ورشەی باراندا خەندە بڵاو دەکەنەوە
بەم خەندەیە گوایە، گیانی بەهار پشکووتووە،
نیسان لەسەر لێوی لولوپەڕێکی زەرددا دەزێ...

کەچی شێخ نووری لە دێڕە شیعری چوارەمەوە دەڵێ:

بەدانە لوئلوئی بارانی ڕوح بەخشی ئەوە
چنارو یاسەمەن و سەروو عەرعەری بوستان
بە ئیهتیزازی نەسیمی بەشنەی دێن و دەچن
میثالی ڕوحی موجەسسەم لە جیلوەدا ڕەقصان
بە پێکەنینەوە پێمان ئەڵێ کە بووکی بەهار
لە پەردەدایە بە کەیف و فەرەح ئەمیش نیسان

لە کتێبەکەی (موسلێح جەلالی)دا کە وا پیشان دراوە ئەو شیعرە لە دەستنووسێکەوە وەرگیراوەو... دوابەدوای ئەم دێڕەش سەرەتای شیعرەکە لە دەستنووسەکەدا بەم جۆرە تەواو دەبێ:

حەقیقەتەن ئەمە هەنگامەی تەجەددودە وا
کە طەیرو توری سەما جوملە شادو خەندە فشان
بە پێکەنینەوە تەبشیر ئەکەن کە ڕوحی بەهار
لە نەشئەدایە ئاوا هات بە مەقدەمی نیسان...(٣٣)

من لێرەدا، تەنیا بۆ بەراوردکردن ڕێ بەخۆم دەدەم و دوو نیوە دێڕی یەکەمی کۆپلەی دووەم و دوو دێڕی کۆتایی کۆپلەی سێیەمی شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت لە کۆپلەکانی خۆیان دابڕ دەکەم و بەدوای یەکدا دەیاننووسمەوە، بۆ ئەوەی خۆتان لەگەڵ ئەو دوو دێڕە شیعرەی سەرەوەی (شێخ نووری)دا بەراورد بکەنەوە... چ لەلایەن ناوەرۆک و چ لەلایەن



بەکارهێنانی تاک تاکەی وشەی کلاسیی هاوبەشی ئەو سەردەمەی تورکی و کوردییەوە:

حقیقة أو نه هنگامهء تجددر
که داللریله سماسیله قوشلریله بوتون...
بو ابتسام ایله گویا، شکفته ڕوح بهار،
لبنده برصاری نیلوفرک طوغار نیسان...

واته:

بەڕاستی ئەوە چ هەرایەکی تازە بوونەوەیە
کە بەهەموو لق و ڕووکارو مەلەکانییەوە...
بەم خەندەیە گوایە، گیانی بەهار پشکوتووە،
نیسان لەسەر لێوی لولوپەڕێکی زەرددا دەزێ

## فیکرەت و شیعرێکی دڵدار

بەر لەوەی بچمە سەر باسی (تۆفیق فیکرەت) و (گۆران)... هەر لەڕێوە دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە شیعرێکی بەناوی (دڵدار)ی شاعیرەوە هەیە، بەناونیشانی (ئەو کەسەی کە...)وە... لەڕاستیدا ئەو شیعرە گۆڕینەوەیەکی شیعرێکی (تۆفیق فیکرەت)ە، بەناوی (بهاردە- واتە- لە بەهاردا) کە هەر لەسەرەوەی شیعرەکەدا فیکرەت بەخۆی نووسیویەتی کە لە (فرانسوا قوپە)ی وەرگرتووە... ئەم گۆڕینەوە شیعرییەش نەک هەر ناوەرۆک بەڵکو لەمیشدا تاک تاکی وشە کلاسییە هاوبەشەکانی زمانی ئەو سەردەمەی تورکی و کوردی هەر وەک خۆیان وەرگیراون و دانراون.

کەچی شێوەی شیعرەکە گۆڕاوە... بێ گومان هەندێک جوداوازیی زۆر کەمیش لەنێوان هەردوو دەقەکەدا هەیە!. ئەوەش لەوەوە هاتووە کە ناچاریی کێش و سەروا بەسەر وەرگێڕیدا سەپاندووە... دەقەکەی (دڵدار)ی شاعیر ئەمەیە:

### بۆ ئەو کەسەی کە...

لەبن سایەی چەمەنزاری بەهاری
باپێکەوە بین یەک دڵ و ڕووخۆش

دڵ ڕوون و خرۆش با ڕاوێ بکەین سا
هەڵبەستە من و تۆ دڵی پڕ جۆش

*

تەنهایی بیابانێکی پڕ سۆز...
جا لەرییەوە ئاوازی زەمین سویی سروور
سا بەسیە غرور، ساتێ ببیەین سا
من نەی دەمێ دڵداری و تۆ دەنگی طیور

*

خدمەتچی نیازمانە شتومەک لە ژیان...
توحفەی دەسی دڵداریە بانرخ و بەها
پەروێزو (معلا) کاتێ بچێنین سا
من بەستەی بەرجوستەو تۆ نێرگزی شەهلا

*

پڕ زەمزەمە باغێکە زەمین تۆم هەبێ بەدەم
خۆش نشووە چە جامێکە ژیان ساغری گوڵکوون
تۆ شعری (مجسم)، من شاعیری (ملهم)
تۆ (حسن و فسوون) من هەمدەمە مەفتوون[٣٤]

شیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت) ئەمەیە کە دەڵێ:

**بهاردە**

– فرانسوا قوپەدن مقتبس –

برسایە خیابان خفا پرور ایچندە
همپاو هم آوازە و همنظرەو همسر،
پران و منور،
صید ایلیەلم گل
بن قافیەلر، سندە مذهب کەلەبکلر،

قیرلردە، او تنهاییء حزن آور ایچندە



تیترەر گبیدر خلقتک ألحان سروری
ترک ایت دە غروری،
گل دیکلیەلم گل
بن زمرمەء شعری، سن آهنگ طیوری

آمالمزک خادم بی منتی أشیا،
یوللار گبی هریر بزە بر تحفەء سودا؛
محسود ومبجل،
گل طوپلایەلم گل
بن مصرع برجستە، سن ازهار مطرا

پر زمزمە برجوف ضیادار ایلە مشحون،
گچسین ابدی گونلرمز فاخرو گلگون
سن شعر مجسم،
بن شاعر ملهم
سن حسن و فسون، بن سکا گوندن گونە مفتون![٣٥]

دەقی شیعرەکەی (تۆفیق فیکرەت)م بەم جۆرە کردووەتە کوردی:

**لە بەهاردا**

– لە فرانسوا قۆپەوە وەرگیراوە –

بەناو شەقامی بەسێبەرو نهێنی پەروەردا
پێکەوەو تەباو هاوئامانج و هاوسەر
پڕ لە جوانی و ڕووناک
بێ، ڕاو بکەین
من سەرواکان و تۆ پەپوولەی زەڕکفت

*

لە دەشتەکاندا، لەناو ئەو تەنیاییيە خەمهێنەدا

ئاوازەکانی کامەرانی بوون وەک بلەرزێنەوە وایە
لووت بەرزی بەجێ بێڵە
بێ... بابیبیستین... بێ
من زەمزەمەی شیعرو تۆ ئاهەنگی مەلان...

*

شتەکان خزمەتکاری بێ مننەتی هیواکانمانن
هەموو جێیەک وەک ڕێگاکان هەڵکەوتووی دڵداریمانن
حەسوودی پێ براوو بە شکۆ
بێ... با کۆبکەینەوە... بێ
من نیوە دێڕە شیعری تەندار، تۆ گوڵی نەرم و نیان

*

پڕ زەمزەمە، بارگەکراو بە دەروونێکی پرشنگدار
ڕۆژە هەمیشەییەکانمان بابەسەرچن نایاب و گوڵڕەنگ
تۆ شیعری تەنداریت و
من شاعیری سرووش بۆ هاتوو
تۆ جوانی و فسوون، من ڕۆژ بەڕۆژ گیرۆدەتری تۆ...

## فیکرەت و (گۆران)ی شاعیر

که دێینەوە سەر باسی (تۆفیق فیکرەت) و گۆران، سێ جۆر کارلێکردن لە شیعرەکانی (گۆران)دا دەبینین:

١- سەرەتای دامەزراندنی شیعرو دەستپێکردنی... ئەم بابەتە ئەگەرچی شتی بچووک دیارە، بەڵام ئەوانەی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەیان هەیە، دەزانن ئەم مەسەلەی دەسپێکردنە چەند شتێکی بنەڕەتی و بەبایەخە، ئەم لایەنەی کارلێکردنە بەم نموونانەی خوارەوە خۆیان دەنوێنن...

تۆفیق فیکرەت لە شیعری (صباح أذاننده- واتە- لە مەلابانگاندا) بەم جۆرە دەستپێدەکا:

الله اکبر... الله اکبر
برصمت علوی گویا طبیعت



خاموش خاموش ایلر عبادت(٣٦)

واتە:

الله اکبر... الله اکبر
بێ دەنگییەکی خوداییە گوایە سروشت
خامۆش خامۆش خوداپەرستی دەکا

مامۆستا گۆران هەر بەو (الله اکبر)ە... دەست بە شیعرەکەی دەکات و ناونیشانی شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت دەکاتە کوردی و دەیخاتە پاڵ (الله اکبر)ەکەو هەر بەو کێشەوە کە فیکرەت شیعرەکەی پێ نووسیوە دێڕی یەکەمی شیعرەکەی خۆی لێ پێکدەهێنێ کە لە پارچەی (بەیان)ی (گەشت لە هەورامان)ەکەی پێ دادەڕێژێ و دەڵێ:

الله اکبر... مەلا بانگانە
تاریک و لێڵی بەری بەیانە

هەروەها لە شیعری (دردنهان- واتە- دەردی نهێنی)دا فیکرەت بە دووبارە کردنەوەی وشەی (خەزان- واتە- پایز) دەست بە شیعرەکەی دەکاو دەڵێ:

خزان... خزان... ینەسن، أی رِمیدە فصل هزال!
شوقیردیغک متحسس، نحیف داللردن
شو دوکدیکک متورم، زواللی یاپراقلر،
-زواللی عجز حیات!-
بیلیرمیسک ناصل إظهار درد ایدر، اغلار؟(٣٧)

واتە:

پایز... پایز... دیسانەوە تۆ، ئەی تۆقیوی وەرزی لاوازی
ئەم پەلکە بەستەزمانە پەنماوانەی وا
لەم چلە پڕ هەستە باریکانەوە کە شکاندووتن... هەڵت وەراندوون
- بەستەزمانی بێ دەستەڵاتیی ژیان!-
ئایا دەزانی چۆن دەردی خۆی دەردەخا، دەگری؟...

مامۆستا گۆرانیش لە شیعری (پایز)دا هەر وەهای دەست پێ کردووە،

بەڵام لە جیاتیی (خەزان) وشەی (پایز)ی هاوواتای داناوەو دەڵێ:

پایز... پایز...
بووکی ڕەنگ زەرد...
تۆ مات مەن زیز
هەر دووک هاو دەرد...

٢- وەرگرتنی وێنەی شیعری و دەستەواژە... گومانیش لەوەدا نییە کە وێنەو دەستەواژەی هونەری هەروەک وتراوە گیانی شیعرن... تۆفیق فیکرەت لە شیعری (هەیکەلی گریان)دا لە بارەی پەیکەرێکەوە، پەیکەرێکی مەڕمەڕەوەو لە دێڕێکی شیعرەکەیدا دەڵێ:

بو مرمر صانکه بیر ذی ڕوح ایدی، ذی ڕوح مغبردی...(٣٨)

واتە:

ئەم مەڕمەڕە، وەک بڵێی گیانلەبەرێک بوو، گیانلەبەری خەمبار

دەبێ لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لە تورکیدا وشەی (مغبر) کە وشەیەکی بە ڕەسەن عەرەبییەو لە وشەی (غبار)ەوە گەردان کراوەو واتای (مغبر)... (گەرد لێ نیشتوو) یان (خەمبار) دەگەیەنێ... من لە گۆڕینەوەی شیعرەکەدا (خەمبار)م بەکارهێناوە... بەڵام مامۆستا گۆران لەجیاتی (مغبر) لە شیعرەکەی خۆیدا- کە باسی دەکەین (غوباری واپێوە)ی بەکار هێناوە... جا مامۆستا (گۆران) هاتووە وشەی (هەیکەل)ی لە ناونیشانی (هەیکەلی گریان)ی (فیکرەت)ەوە وەرگرتووەو تێهەڵکێشی ئەو دێڕەی سەرەوەی (فیکرەت)ی کردووەو هەر بە زۆربەی ئەو وشانەوە کە فیکرەت بەکاری هێناوەو لە شیعری (حوزنی پەچە)دا دەڵێ:

چییە، کە هەیکەلی مەڕمەڕ غوباری وا پێوە...

هەروەها فیکرەت لەدوو جێدا وێنەی (لە باوەش گرتن)ی لە شیعری خۆیدا بەکار هێناوە... یەکەمیان لەشیعری (أقشام- واتە- ئێوارە)دا دەڵێ:

گویا بوتون قوجاقلامق ایستر جهانلری
یورغون قاناتلریله اوزاقدن بر آسیاب(٣٩)



واتە:

گوایە لە دوورەوە ئاسیاوێک بە باسکە ماندووەکانی
دەیەوێ جیهانەکان لە باوەش بگرێ

لە شیعری (یشیل یورت - واتە - مەڵبەندی سەوز)دا دەڵێ:

شو یانده برمیشه- طالغین، وقور، پرشفقت،-
قوجاقلیور گبیدر قوللریله اطرافی...(٤٠)

واتە:

لەم لا دارچنارێک - ڕاماوو، بەڕێزو، پڕ میهرەبانی،-
بە قۆڵەکانی وەک هەموو لایەکی لە باوەش گرتبێ وایە...

مامۆستا (گۆران)یش لە پارچە شیعری (دیمەنی ڕێگەوبان)ی (گەشت لە هەورامان)دا دەڵێ:

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش...

لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)ی مامۆستا (گۆران)دا ئەم دێڕە دەخوێنینەوە:

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو (عەکسی قەمەر) وایە لەناو (گۆمێکی لێخن)دا

جوانیی دێڕە شیعرەکە لەو وێنەیەوە هاتووە کە (عەکسی قەمەر)ە لەناو (گۆمێکی لێخن)دا... کەچی هەر ئەو وێنەیە لەشیعری (آشیانهء لال)- واتە (هێلانەی لاڵ)ی فیکرەت-دا بەرچاومان دەکەوێ کە دەڵێ:

سونوک لقای سکون پرورنده دریانک
ورملی بر (قمرک عکسی) متصل آغلار(٤١)

واتە:

لە ڕووی دامرکاوی هێمنی پەروەری دەریادا
ڕەنگدانەوەی مانگێکی دیقدار یەکبینە هەر دەگری

هەر لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا ئەم دێڕەش دەخوێنینەوە:

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە

نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن؟!

ئا ئەم واتایە لەو دێڕە شیعرەی (تۆفیق فیکرەت)دا دەبینینەوە کە لە شیعری (بۆ خوشکم)دا دەڵێ:

ظریف و عاقل ایدک، دوشمەسک بو عائلەیە
قالیردی بلکە قادینلقدە بر بویوک یادک...(٤٢)

واتە:

گیان سووک و ژیر بووی، ئەگەر بەر ئەم خێزانە نە کەوتیتایە
لەوانە بوو لە مێژووی ژنایەتیدا یادێکی گەورەت بمایەتەوە

نەک هەر ئەم وێنانە، بەڵکو ئەو بەرزبوونەوەیەی بەرەو (عەرش)ە، کە فیکرەت لە شیعری (ئەی یاری نەغمەکار)دا دەڵێ:

تأثیر طربلە ایدەرک قول قولە پرواز
تا عرش الٰهیٰ یە قدر یوکسلەلم، چال!(٤٣)

واتە:

بەکاری خۆشییەوە قۆڵ لە قۆڵدا باڵ دەگرین
تا عەرشی ئیلاهی بەرز ببینەوە... لێدە...

لەگەڵ ئەم لێکچوون و لێ وەرگرتنانەدا، با فریو نەخۆین و وابزانین کە (گۆرانی)ی شاعیری لێهاتوو و هونەرمەند هەروەها بە سادەیی دووسێ شتی لەم لاو لەولا وەرگرتووەو (دەروێش عەبدوڵلا)ی پێ پێکهێناوە... نەخێر!. لەگەڵ ئەو لێکچوونانەشدا دەبینین مامۆستا گۆران چامەیەکی هەرچەند بلێیی بەرزو جوان و ڕێکوپێکی دارشتووەو هونەرمەندانەو شاعیرانە هەڵسوکەوتی کردووە.

هێشتا ئەو شیعرەی فیکرەت کە بەر لە چەند دێرێک باسی لێوە کراو تێیدا دەڵێ:

لە ڕووی دامرکاوی هێمنی پەروەری دەریادا
(عەکسی قەمەر)ێکی دیقدار یەکبینە هەر دەگری

هەموو شیعرەکە ڕوانینی شاعیرێکی خەمبار و ڕەشبینە بەرامبەر سروشتێکی ڕووت و ڕۆمانسییەکی تێکەڵ بەهێماکارییەکی کەم و وێنەی



(عەکسی قەمەر) لە ڕووی دەریادا وەک وێنەیەکی نزیک لە فۆتۆگرافی بەکارهێناوە... لەکاتێکدا مامۆستا گۆران زۆر بەجوانی و قووڵ لە خزمەتی ڕەخنەگرتن لە بارێکی نالەباری کۆمەڵایەتیدا بەکاری هێناوەو پایەو پلەی هونەرمەندی ناو کۆمەڵی دواکەوتووی بەو ڕەنگدانەوە لێڵ و لێخنە چوواندووە.

بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو گۆمێکی لێخندا

لە دێڕەکەی دیدا فیکرەت کە بەناوی (بۆ خوشکم)ی نووسیوە، باسی خوشک و خێزانەکەی دەکا کە لەبەر دواکەوتوویی و ئاست نزمی ناڕەواییان لەگەڵ خوشکیدا کردووە. لەکاتێکدا گۆران هەر بە فراوانی و ڕاستەوڕاست ڕەخنە لەو دەورە دەگرێ کە دەروێش عەبدوڵلای تێدا ژیاوە.

تەنانەت کە وێنەی بەرزبوونەوەی بەرەو عەرشەکەش دەهێنێتەوە، گۆران بە جۆرێکی دەڵێ کە زۆر جوانترە لەوەی فیکرەت کە دەڵێ:

بەکاری خۆشییەوە قۆڵ لەقۆڵدا باڵ دەگرین
تا عەرشی ئیلاهی بەرز ببینەوە... بژەنە...

گۆران دێ و ئەو بەرز بوونەوەیەی بەرەو عەرشە دەخاتە قالبێکی لێکچواندن و هونەری بەرزی ئەوتۆو لە بۆتەی وێنەیەکی ئێجگار جواندا قالی دەکاو تەواوێک گۆڕانی بەسەردا دەهێنێ و بەرزبوونەوەکە لە عەرشیش تێدەپەڕێنێ و دەڵێ:

ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن

بە کورتی و ئەوەندەی لێرەدا بۆمان دەلوێ بیلێین ئەوەیە ئەو لێوەرگرتنەی گۆرانی مەزنە لە خانەی لێوەرگرتن و سوود لێبینینی ڕەوادا دادەنرێ و (دەروێش عەبدوڵلا)ش یەکێکە لە شاکارە هەرە بەرزەکان و هەر بەشاکاریش دەمێنێتەوە.

٣- لایەنێکی هەرە بەبایەخی نوێ کردنەوەی شیعر ئەوەیە کە مامۆستا گۆران دەڵێ: (یەکێتیی بابەت) هێنراوەتە کایەوە(٤٤). ئەوەش وەک

لێتان ئاشکرایە کە لە شیعری کۆندا (هی هەموو ناوچەکە نەک هەر هی کورد) لەسەر بنچینەی یەکێتیی دێڕە شیعر بنیات دەنرا... بەڵام لە دواییدا و لەسەردەمی تازەکردنەوە بەم لاوە یەکێتیی گشتیی بابەت بووەتە بناغەی شیعر... جا لەم لایەنەشەوە شیعرەکانی فیکرەت کارێکی چاکی لەشیعری شاعیرە کوردەکان کردووە و مامۆستا گۆران چەند چامەو پارچە شیعرێکی هەیە کە بابەتی ناوەندی و ناوەرۆکەکەی بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم لە فیکرەتەوە وەرگرتووە. جگە لەو نامە شیعرییەی شێخ نووری و وەڵامەکەی مامۆستا گۆران کە خۆتانم کردە سەرپشک و بەراورد کردنەکانیان لەگەڵ وەڵامەکەی (تۆفیق فیکرەت)دا بۆ (جەناب)ی شاعیری نووسیوەتەوە... لێرەدا دەگەڕێمەوەو دەڵێم فیکرەت لەو وەڵامە شیعرییەیدا کە بۆ جەنابی نووسیوە بەگشتی باسی ئەوە دەکا کە بەخۆی و جەناب و ئەوانەی وەک ئەوانن (واتە شاعیروهەستیارو... بینا) ناتوانن شاد بن و ئەو هەموو ناڕەواییە دەبینن لەبەر چاوو گوێیاندا دەکرێ... تەماشا دەکەین مامۆستا (گۆران)یش هەر ئەو مەبەستە دەکاتە شیعرو ناڕەوایی سەردەمی خۆی دادەڕێژێ و (باسی شیعرو شاعیرێتی) دەکات و دەڵێ:

چارەنووسی بەشی ئەزەلمان، داد
پیشەیەکە شیعر وتن: بەرباد!

لێرەوە بابچینەوە سەر ئەو شیعرانەی کە بەرچاومان کەوتوون و بابەت و ناوەرۆکەکانیان لە (تۆفیق فیکرەت)ەوە وەرگیراوە... کە ئەمانەن:

أ- گۆران لەو شیعرەیدا کە بەناوی (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست)ەوە نووسیویەتی و ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە گەورەیەکی شیعر دۆست شیعرێکی جوانی لەشاعیر داواکردووەو شاعیر بەپێی بۆ چوونی خۆی لەبارەی شیعری جوانەوە دەدوێ و پێیدا هەڵدەڵێ و... دواییش بە گەورە پیاوەکە دەڵێ:

قوربان، ڕاستت ئەوێ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ، کوجا مەرحەبا...

داخۆ بۆچی (کوجا مەرحەبا)... شاعیر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو باری



دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی خۆی باس دەکا کە لەبارێکی ناهەمواردایەو لە دواییشدا دەڵێ:

بۆ من وەها ئەلوێ ئیتر خاموٚش بم،
بالە مەیدان ون بم و فەرامۆش بم!...

ئەم بابەت و ناوەرۆکەی لە شیعرێکی فیکرەت وەرگیراوە کە بەناوی (صوک نغمە- واتە- دوا ئاواز)ەوە نووسیویەتی و وەڵامی کەسێکە کە داوای شیعری لێ کردووەو ئەویش بەشێوەیەکی شاعیرانە وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێ:

بەسەر سەختیی منداڵێکی تازە ئومێدەوە
لەم ڕەبابە شکاو و تووڕ دراوەمەوە...
سروودێکت ویست... چاکە، گوێ بگرە،

ئەوجا دێتە سەر باسی باری ناهەمواری خۆی و لە کۆتاییشدا دەڵێ:

پێت وابوو کە سروودێکی ژیان
لەتەلێکی مردوودا دێتە لەرزین؟.

تەماشا دەکەین فیکرەت بە وێنەی هونەری و شیعری ئەو بابەتە لەناو ئەو پارچە شیعرەیدا دادەڕێژێ، هەرچی (گۆران)یشە بە زمانێکی سادەترو نزیک بە زمانی ئاخاوتن باسەکە دەکات و ڕاستەوخۆ مەسەلەکە دەخاتەڕوو... بەلای منەوە وەک شیعر ئەوەی تۆفیق فیکرەت گەلێک بەرزترو هونەرمەندانەترە... لەگەڵ ئەوەشدا گۆران... وەک دەربڕینی ناڕەزاییەک باسی بێدەنگ بوون و واز لەشیعر هێنان دەکا... نەک بەڕاستی وازهێنان، گوێ بگرن هەر خۆی لە (وەڵام بۆ جەناب)دا دەڵێ:

(مع مافیە) تەبیعەتی شاعیر
نە وەزیفەو زەروورەتی قاهیر،
نە بڕینی زمان و پەل بەستن
بلبلی مەنع ئەکا لە مەیلی وتن...

ب- تۆفیق فیکرەت لە شیعری (فەنەر- یان- فەنار)دا باسی ئەستێرەیەک دەکات و شاعیرانە هەڵهاتنی و گەشتەکەی دەکاتە شیعرێک

و هەستی هونەرمەندانەی خۆشی بە هەزارو یەک جۆر بەرامبەری دەردەبڕێ و لە کۆتاییشدا دێتە سەر باسی ئاوابوون و زویریی خۆی بەم ئاوابوونەوە باس دەکات و دەڵێ:

**فنار**

اوزاقدە بر متردد ضیای بی معنا
یولک لقای رِطیبندە، محترز، طولاشیر؛
اوزار، قوپار، قیریلیر؛ بر کوچوک نفسلە هوا
ایدر زواللی یە بیک شکل مضطرب إکسا...

باقارسکز: متفکر، مدید، گریەنما؛
بو شیمدی برنظر عاشقانەدر کە طاشیر
جناح ساکنی اوستندە برشب خولیا...
باقارسکز: متهالک، منور و شیدا؛

بو شیمدی نشئەلی بر غمزەدر، بهیج أمل...
فنار او ڕوحلرک عینیدر کە، غرق خیال،
یاشار امید ایلە شب زندەدار شوق و کسل.

بنم خیالمە اک چوق شو حالیدر طوقونان:
زواللی، داخل أولورکن صباحە پر آمال
سونر لاٚلئ باران ایچندە گریە کنان!(٤٥)

دەقی ئەم شیعرەی سەرەوەم، بەم جۆرە کردووە بە کوردی:

**فەنەر**

لە دووردا تیشکێکی نەسرەوتی بێ مەبەست
لەسەر ڕوویی ڕێی شێداردا، بە پارێزەوە دەگەڕێ
با... بە وردە هەناسەیەک... ئارامی لێ دەبڕێ، دەپسێ، دەشکێ



هەزار شێوەی پەشۆکاو بەو بەستەزمانە دەپۆشێ...

*

دەڕوانن: ڕاماو... درێژخایەن... گریە نوێن
ئەمە ئێستا سەرنجێکی دڵدارانەیە کە شەوی خولیایەک
لەسەر باڵی ستیدا دەیگوازێتەوە...
دەڕوانن: پەرۆش و ڕووناک و شەیدا

*

ئەمە ئێستا چاو داگرتنێکی بەزەوقە، دڵخۆشی هیوا
فەنەرکوتومت، ئەو گیانانەیە کە، نوقمی خەیاڵن
شەو بە ئومێدەوە دەژی... بێداری تاسەو تەمبەڵی

*

پتر ئەم بارەیەتی کە ئەندێشەم ئازار دەدا
بەستەزمان، بە ئومێدەوە کە دەگاتە بەری بەیان
بە گریانەوە... لەناو مرواریی باراندا دەکوژێتەوە...

(گۆران)یش هەر باسی ئەو بابەتەی لە شیعرێکیدا داڕشتووەتەوەو ناوی لێ ناوە (بەسەرهاتی ئەستێرەیەک) کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بەسەرهاتی ئەستێرەیەک**

بانگی شێوان لە ئاسمانی خۆرنشین...
ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ گەش، شیرین،
دەوروپشتی دەریای شینەو بە تەنیا ،
سەرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیا...
لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ
لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ،
وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازدارێ،
تێر نابێ لێی، هەر چاوێ بۆی ئەنوارێ...
منیش یەکێ لەو تەماشا کەرانەم،

دڵگیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم...
لەسەر گردێ بەرامبەری ئەوەستم،
کەیلی بزەی ئەبێ سەرنجی مەستم...
تاریک دایەت ئەستێرەی تر بەرەودوا،
فڕێ ئەدەن چارشێو لە عاستی دنیا...
بەڵام ئێستا ئەو ئەسپایی بەرەو خوار،
هەڵئەخلیسکێ، کزکز، ئەگاتە لێوار،
لێوی تینووی کەل وەک دڵۆپ ئەی مژێ:
ئەی داخەکەم مەرگی نیشتن ئەی کوژێ،
ئەم ئەستێرە بەسەرهاتی دڵگیری،
لە کام ڕۆحا نابزوێنێ زویری؟(٤٦)

ئەوەی دەبێ لێرەدا باس بکرێ ئەوەیە کە گۆران بابەتەکەی وەرگرتووەو سەرلەنوێ شاعیرانەو هونەرمەندانە دایڕشتووەتەوەو بە وێنەو لێکچوواندنی جوان جوانەوە باسی کردووەو پارچە شیعرێکی هونەریی بەرهەم هێناوەو... لە کۆتاییدا وەک لای تۆفیق فیکرەت بینیمان، ئەستێرەی بەستەزمان، بە ئومێدەوە کە دەگاتە بەری بەیان:

بە گریانەوە... لەناو مرواریی دڵۆپە باراندا دەکوژێتەوەو کۆتایی دێ... کەچی لەلای گۆران ئەستێرەکە بەخۆی دەبێتە دڵۆپەیەک، یان وەک گۆران دەڵێ:

لێوی تینووی کەل وەک دڵۆپ ئەیمژێ
ئەی داخەکەم، مەرگی نیشتن ئەیکوژێ...

وەک گۆران دەڵێ:

ئەم ئەستێرە، بەسەرهاتی دڵگیری
لە کام ڕۆحا نابزوێنێ زویری؟!.

کەچی فیکرەت دەڵێ:

پتر ئەم بارەیەتی کە ئەندێشەم ئازاردەدا



بەستەزمان، بە ئومێدەوە کە دەگاتە بەری بەیان
بەگریانەوە... لەناو مرواریی باراندا دەکوژێتەوە...

ج- (نیاز) چامەیەکی شیعریی (گۆران)ە، ناوەرۆکەکەی باسی دوو سەردەمی خۆی دەکا، یەکەمیان بەر لەوەی خۆشەویستیی یارەکەی دڵی داگیر بکات و بیورووژێنێ و دووەمیان دوای تام کردنی دڵداری و بزوان و ورشە دانیەتی و لەسەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێ:

سەردەمێک بوو دنیای گیانم تاریک و چۆڵ بوو،
کام بەرۆچکە گەرمە دڵم چەشنی سەهۆڵ بوو،
قەریحەم وشک، تەبیعەتم زەردو ژاکاو بوو.
زەردەخەنەم ئاخی سەر لێو، فرمێسکی چاو بوو

ئیدی بە چەند دێڕە شیعرێک باسی خۆی و دەروون و داماویی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەک کە وای لێ هاتووە بڵێ:

چاوەنواڕیم ساکەی گەردوون: گەردوونی بێ باک
جانەوەری گۆڕ هان ئەدا بمکاتە خۆراک...

بەڵام دوای ئەم دێڕە بادەداتەوە باسی سەردەمی دڵداری و یارو خۆشی و خۆشەویستی دەکات و دەڵێ:

بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕەژنی شۆخ
بە لێوی ئاڵ! بە چاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ
بە باڵای بەرز، بە ئەندامی نەرم و شل و جوان،
ڕەوتی شیرین، عیشوەو نازی گفتوگۆ و جووڵان،
بەم جوانی یانە کە زینەتی بەهەشتی دنیان
بەم جوانی یانە کە لە تۆدا هەموویان پەیدان
لەو ڕۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ
دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەتە گۆ... تاد.

جا بەشان و باڵی یارەکەیدا هەڵدەڵێ و لێی دەپاڕێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی لە کۆتاییدا بڵێ:

ئەمــجــا ئەی یار، ئەی خــوازنی عــەشــقم، ئەی ڤــینووس
ئـەی هـەیکـەلـی بـەدەن لـە عـــــــاج، تـوالـێت ئـابـنـووس
هـیـچ نـەبێ بـۆ... بـۆ خـــــــاطری جــــــاهی ئـەپـۆڵـۆ...
مـــەلی شـــیـــعـــرم مـــەیدان مـــەدە بکەوێ لەگـــۆ...

چاوخشاندنێک بەم شیعرە و شیعرێکی (تۆفیق فیکرەت)دا کە بەناوی (چیــچکلر ایچندە- واتە- لەناو گــوڵاندا)وە نووســیــویەتی، بۆمــان دەردەکەوێ کە باس هەر ئەو باسەو ناوەرۆک و بابەت هەر ئەو ناوەرۆک و بابەتەیەو دەڵێ:

**چیچکلر ایچندە**

شـــعـــری ســـمـــایە بکزەتیـــر، ایلردم احـــتـــراز؛
پروازە قـــــابلیـــــتی یوقـــدی خـــیـــــالمک؛
عـــشـــقک گـــتـــیـــردی ڕوحـــمـــە برطاتلی اهتـــزاز،
طـویـدم اودم تحـــــــرکنی شـــــاهبـــــــالمک...
اولمقـــــدەیم أو شــــوق ایلە آرتق ترانە ســـــاز،
آهنگێ شـــعـــری اکـــدیرییـــور هر مـــقـــالمک،
ایلـر حــــــزین گــــــــوکلـلـرە تـودیـع ڕازنـاز،
بـر نـازنـین بـلاغــــــتی وار انفـــــعــــــالمک.
سنسک خــلاصــە ملهم فــیــضم جــهــاندە، سن،
هپ نفــحــــەء لطیــفـــەء عـــشـــقکدر ایلەین
ســـاحلرســـیـــدەء مـــوج پریشـــان شـــعـــرمی،
بـر ابتـــــســـــــامک اولدی مـــــؤدی سنوحنە؛
اویســـــون قـــــرارگـــــاهی، دیدم، طبع شــــوخنە،
مـــزج أیلەدم چیـــچکلرە عنوان شـــعـــرمی.(٤٧)

کوردیی ئەم شیعرەی سەرەوە بەم جۆرەیە:



**لەناو گوڵاندا**

شیعرم بەئاسمان دەشوبهاند، سڵم دەکردەوە؛
خەیاڵم توانای هەڵفڕینی نەبوو؛
ڤینت لەرینەوەیەکی بەتامی بۆ گیانم هێنا،
ئەوسا هەستم بە جووڵەی شاباڵی خۆم کرد

*

لەسایەو تاسەیەوە دەبم بە سترانساز،
هەر وتارێکم، ئاهەنگی شیعر ڕادەگەیێنێ؛
ڕازی ناز بە دڵە خەمبارەکان ڕادەسپێرێ
هەڵچوونەوەم ڕەوانبێژییەکی نازەنینی هەیە...

*

بەکورتی تۆی لە جیهاندا سروشدەری پیت و فەڕم، تۆ
هەموو شنەی نیانی ئەڤینتە وا
پێلی پەرێشانی شیعرم دەگەیەنێتە ڕۆخ

*

خەندەیەکت بوو بە چەمکێک کە بەبیردا دێتەوە
دەسا وتم: با ماکی لەگەڵ ڕەوشتی شۆخیدا بگونجێ؛
ناونیشانی شیعرەکەم تێکەڵ بە گوڵان کرد.

د- چامەیەکی تۆفیق فیکرەت کە لە شێوەی پێنج خشتەکییەک و لە حەڤدە بڕگەدا بەناونیشانی (بۆ خوشکم)(٤٨) نووسراوەو پێشکەش کراوە بە نەنکی شاعیر... لە ناوەرۆکی شیعرەکەوە دیارە کە ئاراستەی کۆمەڵەی ژنانی کردووە... هەندێک لەسەرەتای چامەکە دەپەڕێنم و ئەو دێڕانەی دەخەمە پێش چاوان کە مەبەستە سەرەکییەکە دەنوێنێ و بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

بپرسن لەو بێ فەڕانەی وا ئابڕوویان پێ شێل کرد
بەم نەفرینەشەوە، بەڵام ئایا نیگەرانە ویژدانت؟
بپرسن لەو بکوژەی کە ئەم داوێنپاکییەی ژەهراوی کرد

خوشکی بەستەزمانم! مرۆڤ تا بە بیریدا دێتەوە
لە کۆتاییدا ئەم سەرگوزەشتە خەماوییەی وا بە خۆڵ بووە،
بەرگەی ئەم سەرسوڕمانە کەڵەکە بووە هەژدە ساڵییە ناگرێ... تاد

پاش چەند دێڕێک دەڵێ:

کوشتیانی... ئەمەش نەک ئەمڕۆ، ئەمە ڕووداوی ئێستا نییە

شیعرەکەی فیکرەت بەزمانی کەسێکەوە دەگێڕێتەوە کە خوشکەکەی لە ئەنجامی دڵداریدا لەگەڵ کەسێکدا تێکەوتووە، پایەو پلەو پەیمان و پیرۆزیی ئەڤینی نەزانیوەو ئاژەڵانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووەو... ئابڕووی تکاندووەو جێی هێشتووەو ئەو خوشکە بەستەزمانە لەئەنجامدا ئەو گۆڕەی لە کۆمەڵ و ناو خێزانەکەیدا بەجێی شایستەی شەرم شاردنەوەی پێ ڕەوا بینراوە... شیعرەکەی وەک قریشکەو بانگێکی مرۆڤانەی ورشەدارانە ئاراستەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ویژدان و کۆمەڵەی ئافرەتان کراوە... گریانێکی فرمێسک تێزابینە و هەوڵی شۆردنەوەی دەروونە ژەنگگرتووە کەڕوو هەڵهێناوە لێخنەکانی ئەو لاوانەیە، وا بە ئارەزوویەکی دڕندانەی پلەی خوارەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کیژۆڵە مرۆڤەکاندا دەکەن و هاوارێکە بۆ مرۆڤایەتی کە بەرەو ئاستێکی بەرزتر بڕوات و لە ئازارەکانی مرۆڤ کەم بکاتەوە.

شاعیر ڕاستەوخۆ شیعرەکە بۆ خوشکی خۆی دەنووسێ... جا خوشکی ڕاستەقینەی بێ یان نا... بەوپەڕی ئازایەتی و ڕاستگۆییەوە شیعرەکەی دادەڕێژێ و لە تەقاندنەوەی باسەکەیدا گوێ لە ئەنجام و قسەو قسەڵۆکی چاوپیسی دڵ پیسان ناداو... لە سەرەتادا بەو ناوچەیەدا دەگەڕێ کە ئارامگەی ئەو خوشکەی لێ بووەو دەڵێ:

ئێمە منداڵ بووین، دەستە بێ خەمەکان، تۆیان
لە لمی بەدنمەکدا ناشت...
لەو ساوە، بەتاسەو زەبوون
هەر ساتێک ڕوو لە قیبلە دەکەم... دڵخوێن،
تۆ لە کەژاوەیەکدا هەڵە داوان دەبینم



ئەوجا لە لمەکاندا... تۆ... پەریشان دەبینم
دڕکێک لەوانەیە نیشانەی گۆڕت بوو بێ
حوشتر گەل، یان بەڵکو سەرلێدەرەکان
کێ دەزانێ، لەوانەشە پێشێلی تەپوتۆز بوو بێ
نەدڕک ماوە، نەسەر لێدەر، نەگۆڕ،
نەتۆش... هەرچی منیشم ئەمڕۆ بەدەردمەوە
هاتووم تۆ بلاوێنمەوە، گوێ بگرە...
گوێ شل کە لە هەر کوێیەکدا بی، هەرچییەک بی
تۆز، هەور، گیان، فریشتە، بەرد، یان دڕک،
لاواندنەوەیەک کە هەموو ئەمانە بەگریان دێنێ

بەم جۆرە سەرەتای باسەکە دادەمەزرێنێ و ئەوجا دێتە سەر بابەتە سەرەکییەکە...

مامۆستا گۆران لە شیعری (بەردە نووسێک)دا[٤٩] هەر ئەو باسەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمیان بەزمانی کیژە نێژراوە ڕاکشاوەکەی ناو گۆڕەکەوە شیعرەکەی دەهۆنێتەوەو لەسەرەتاکەیدا دەڵێ:

لە خاکی گڵکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ
ئاخێک بنێژە
بەکێلی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ
لەچاو بڕێژە

ئەوجا کە دێتە سەر باسی کچەکە خۆی هەر بەزمانی کچەکەوە باسی ژیانی بەر لە کوژران و نێژرانی دەکاو جوانی و نازداری و شوێن و جێگەو خۆشەویستیی لەلای باوک و دایکی باس دەکاو دەڵێ:

لە دنیای ڕووناکتا منیش گیانێ بووم
لە لەشی جوانا
وێنەی پەپوولەیەک ئەهاتم ئەچووم
بەناو گوڵانا

*

کۆشی گەرمی دایک جێگەی نازم بوو
گیان بووم لای باوک
ناوبانگی چاوڕەشی ڕوشتەی ڕازم بوو
بوو بە لاوک

کەچی تۆفیق فیکرەت بەزمانی خۆیەوە بەم جۆرە باسی ماوەی ژیانی خوشکەکەی و ئومێدی دوارۆژی... ئەگەر نەکوژرایە... دەکات و دەڵێ:

که چاکەکانت یاد دەکەمەوە، ناخم خەریکە ژەهراوی دەبێ
هەوەست بەغار پێش چاکە کارییەکان دەکەوت
لە منداڵییەوە هێشتا بەلای چاکەکاریتدا دەشکاند
خاوەنی بەرزیی دڵ و بەرزیی ئەندێشە بووی
لەسەرەتادا ئەوەی فێرە شیعری دەکردم تۆ بووی؛
لەگەڵ منداڵیشتدا گیان سووک و ژیر بووی
گیان سووک و ژیر بووی، گەر بەر ئەم خێزانە نەکەوتیتایە
لەوانە بوو، لە مێژووی ژناندا یادێکی گەورەت بمایەتەوە
بەڵکو وەچەکانت لەسایەی ئەودا دەژیان
تۆ دانەبەزیت، تۆیان داگرتە ناو ئەو سەرەنوێلکە
تۆ نەمردی، تۆ یان کوشت، ژنی بەستەزمان

فیکرەت کە دێتە سەر باسی کارەساتە جەرگبڕەکە... دەڵێ:

کوشتیانی... ئەمەش نەک ئەمڕۆ... ئەمە ڕووداوی ئێستا نییە
لەمێژە جوانیی لاوێتیت، گیان سووکیت
دڵت، ژنایەتیت، ئابڕووت، حەسانەوەت
ساتێک ئەو ناپاکە لە ئەنجنینی ماندوو نەبوو
لە ژێر نینۆکی قوڕاویی دڵڕەقیدا کۆتاییت هات
نینۆک، قوڕاو، شەقازللە، ئەم سەنگە بەشی تۆ نییە
ئەی ئابڕوو پیرۆز، ئەی جوانیی پەردەدار
ئەی خەندەی هەڵهاتنی ئابڕوو، دەستلێنەدراوی دەمامک گوڵ
نینۆک، قوڕاو، شەقازللە... دوابیش تەمەنێکی بەنیاز



نینۆک، قوڕاو، شەقازللە... دوایی لەناوچوونی هەتا هەتایی ناوگڵ!
ئەڵبەتە سەرشۆڕی بەشی ژنایەتی نییە
ئەڵبەتە ئومێدی فریشتایەتی زۆرداری و بەدکاری نییە
ئەڵبەتە ئومێدی فریشتایەتی زۆرداری و بەدکاری نییە
ئەڵبەتە گەر ژن بێ نرخ بێ مرۆڤ نزم و سووک دەبێ...

کەچی (گۆران)ی شاعیر کە باسی هەر ئەو باس و کارەساتە دەکا... دەڵێ:

بەڵام ئاخ کەناڵەی لاوکی لاوان
زوو مەستی کردم
بەڕێی عەشقی ناپاکا نام مل و، تاوان
بۆ لاڕێی بردم

*

لاوێکی نامەردم تووش هات لەڕێما
بەسوێن و پەیمان،
وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نووست لەناو جێما
ئابڕوومی تکان

*

پاش ئەوەی ماری پیس ژەهری خۆی ڕژان
کشایەوە کون
هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی ژان
کەتن کەری ون

*

ڕووی نیازی زەردی دایک و باوک و خۆم
بێ سوود کەوتنە گەڕ
خۆیشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم
گوێی لێ کردین کەڕ

*

ئەو کوڕ بوو سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو،
بەدەستووری گەل
ناپاکیی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو
بەڵام ئاخ ئەجەل

*

منی کچ مامزی بەندیخانەی ژین
پرچی پەخشانم
تلا لە خوێنەوەو کەوتە سەرچاوم...تاد

دەگەڕێینەوە سەر شیعرەکەی تۆفیق فیکرەت... دەخوێنینەوە:

کوشتیانی بەڵام – تەنیا ئەوەی دەمهەژێنێ
مردن نییە، ئەم کوشتنە لە هەمووی خەفەت هێنترە
بۆ ئەوانە پتر پەشێوم کە چێشتت...
بەناوتەوە ئەی هیچوپووچێک کە بوونیت سووک کرد
هەڵی بگرە با ئەو ژەنگی شەرمەزارییە لە کێلی ببێتەوە
سێبەرت خەریکە ئەم نێوچەوانی گەواهییە ڕەش دەکا
ئەی نەفرینێک کە بووەتە دوومەڵی ژیان، لاکەوە
سابا لەناو گڵدا گیانی بێ گەردی نەیێتەناڵین

ه- مامۆستا گۆران لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)دا لەگەڵ کوڕەکەی خۆیدا قسە دەکا و باسی گریان و هەنیسکی نیوەشەو هەڵدانی دەکات و پێی دەڵێ:

هیوا، مەگری، هەنسکی نیوەشەو بەس هەڵدە، بەس بگری
لەچاوی بێ قەرارم بۆچی دەرمانی وەنەوز ئەبڕی؟
کوڕی خۆم! کۆرپەلەم! میوانی دنیای تازە خولقاوم
ئەدا گریەت بەضەربەی چز لە ڕۆحی پڕ گلاراوم
چییە ئەم گریە بێ غایە، کڕووزەی نیوەشەو خورپێن؟
چییە ئەم قەترە وردانەی لە چاوت بێ مەئال ئەڕژێن؟[٥٠]



تۆفیق فیکرەت هەر ئەم باسەی بەر لە گۆران کردووەو لە شیعری (ژیان)دا گریانی هەموو منداڵانی وەک شتێکی گشتی باس دەکا و لە بەشێکی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

ئەمڕۆ ئەو مرۆڤایەتییە، کە لە کاتێکدا چاوەڕێی سترانە
لەو منداڵەیەوە کە دەزێ، گریان دەبیێ، ئەم هەڵبژاردەی ئافەریدەیە
دەزانی چییە کوڕم؟. لەبەرچاوتدا تەماشای
ئەم لاپەڕە شینە شەپۆلاوییە بکە، ئێستا لەپڕێکەوە من... تۆ
بگرم و فڕێتدەمە ناو قووڵاییەوە
هەندێک بیری لێ بکەرەوە... چ دەبێ؟... تاد[٥١]

جا تۆفیق فیکرەت ئەم مەسەلەی گریانی ساوای تازەزاوەی بۆ باسکردنی باری نالەباری کۆمەڵەکەی خۆی کردووە بە بیانوو و کوڕەکەی خۆی دەدوێنێ و مەبەستی لەدەربڕین و ئاشکراکردنی هیواو ئومێدی دواڕۆژێکی ڕووناکترو خۆشترە... بەرامبەر ئەو کۆمەڵە و ڕۆژگارەی کە تێیدا ژیاوە... دەڵێ:

ئەم کۆمەڵەی وا ئەمڕۆ، ژیانی زنجیرەیەک پێویستیی ڕەشە،
ئەمڕۆ کامەرانیی تاسەیەکی بێ ئاگای بەربادە
ئەمڕۆ هەناسە سوارو، ڕیزێک (ئاخ)ی لەڕو لاوازە
ئەمڕۆ مەلەوانی بنی زەوقی ژەهرەکانیەتی

لەکاتێکدا گۆرانی مەزن ئەم باسە بە هەل دەزانێ کە باسی ژیانی تاڵوتفتی خۆی بگێڕێتەوە:

ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت ژەهرت بچێژایە
زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بەدەم باوە بپێژایە
لەناو کلپە و بڵێسەی نائومێدی و حەسرەتا یەکسەر
بسووتایە بەهاری عومری جوانیت: هەم گوڵ و هەم بەر!
بەڵێ، ڕۆڵەم، ئەگەر وەک من کەمێک بەدبەختیی ئیدراکیش،
لە تۆیشی ڕەش بکردایە، نەوەک شەو، ڕۆژی ڕووناکیش،
حەقت بوو عەرش بلەرزێنێ بەناڵەی ڕۆحی پڕ ئێشت،

لە ئەستێرەی سەما بپژێنی فرمێسکی دڵی ڕێشت!
حەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما،
بەحر پڕکەی لەتف بیدەی بەناو چاوانی باوکیما!...

تۆفیق فیکرەت فراوانتر بیر دەکاتەوەو تاوان دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵ و ڕژێمی سەردەمی خۆی و نەک تاک تاکەی کۆمەڵ و خۆی...

دیارە گۆران لە قۆناغەکانی بەرایی ژیانی شیعرییدا ئەم شیعرەی نووسیوەو جودایە لەو شیعرو بیرکردنەوانەی لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا فراونترو بەربڵاوتر بەرچاومان دەکەون... فراوانتر لەوەی کە تەنیا باسی خۆی بکاو ژیانی خۆی و بەسەرهاتی خۆی بکاتە نموونە... ئەگەرچی شیعر ئەوەش نییە کە بڵێین هەر ئەو لێکدانەوە سادەیە بگەیەنێ و دەبێ بڵێین (مشتێ نموونەی خەروارێکە)... لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەبینین فیکرەت ڕوونترو ئاشکراتر... بەڵکو قووڵترو زۆریش قووڵتر ئەمەمان دەخاتە پێش چاوو دەمانهەژێنێ و... تەنانەت کە باسی دوارۆژی چاوەڕوانکراو دەکا بە هیوایەکی پتەوەوە کە نزیکە بگاتە دڵنیاییەکی پڕ لە بڕواو... بە کوڕەکەی و بە ئێمە بڵێ:

نەخێر، تۆ مەبە میراتگری ئەم ژەهرەی من، ڕۆڵەم،
سبەی، ئومێد دەکرێ، هەنگاوێکی فراوان،
بازێک، - چاک تێنەگەیشتم چییان دەگوت،
ژیان ڕزگار دەکا؛
مرۆڤ، ئەم چەوساوەیەی کە ئێستا بە ئیفلیجی دەخشێ،
هەنگاو هەنگاو بە ترۆپکی ڕزگاری دەگا

سەرەڕای ئەم هەموو ئومێدو گەشبینییە... فیکرەت دەگەڕێتەوە... وەک بڵێی باری کۆمەڵەکەی هاتبێتەوە بەرچاوی و بەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی بەزەحمەت ببینێ... بەڵام دیسانەوە ئەو باوەڕە- تەنانەت ئەگەر فریو خواردن و هەڵخەڵەتانیش بێ بەچاکی دەزانێ و بە (خەلووق)ی کوڕی دەڵێ:

بڕوا بکە، خەلووق، خۆش بوونێکی هەمیشەییە! فریو خواردن



دەبڕوانن مامۆستا (گۆران)یش چۆن بە وتەیەکی گومان ئامێزەوەو (بەچی مەعلووم)ەوە ئاواتی دوارۆژێکی ڕووناک دەخوازێ و تەنانەت لە کۆتایی ئەو چەند دێڕە شیعرانەشدا دیسان (بەچی مەعلووم)ە کە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ:

بەڵام، ڕۆڵەم، کە تۆ ئێستا لە فەجری زیندەگانیتای
لەبەر دەرگای تەلیسمی بەختی مەجهوول و نیهانیتای،
(بەچی مەعلووم) بە شوێنی هیی منا ئەڕژێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خوڕڕەمی نابێ خەمی عومرت؟.
تا لە دوادێڕی شیعرەکەدا دەڵێ:
بە خۆڕایی مەترسە، خەم مەخۆ، مەگری لە ئێستاوە!
بەچی مەعلووم کەچی لەو تەختی ناوچاوانە نووسراوە؟...

## لەجیاتی ئەنجام

وەک دەردەکەوێ، تۆفیق فیکرەت، شاعیرێکی گەورەی ئەوتۆ بووە، کە ئەو کەڵە شاعیرانە پەیڕەویان کردووەو کەوتوونەتە ژێر ئەو بارەی کە کاری لە خۆیان و شیعریان کردووە.

هەرچی (شێخ نووری شێخ ساڵح)ە، شیعری فیکرەت، ئەوەندە کاری لێکردووە تەنانەت هەندێک لە شیعرەکانی بەگۆڕینەوەی دەقاودەق کردووە بەکوردی، یان کۆپلەیەکی لەلای خۆیەوە ناوەتە سەرو... لەوە بێدەنگ بووە کە بلێ ئەو شیعرە گۆڕینەوەیە، بەمجۆرە بەهی خۆی لە قەڵەم دراوە... هەروەها ئەو شیعرەی (دلْدار)یش کە ئاماژەمان بۆ کرد، هەر دەبێ لەم خانەیەدا پۆلێن بکرێ... هەرچی مامۆستا (گۆران)یشە، شیعری فیکرەت، وەک خۆیشی باسی کردووە، زۆر کاری لێ کردووەو... بەڵام پیاو بۆ خودای بلێ... بەشێوەیەکی زیبیرەکانەو هونەرمەندانە و شاعیرانە، هەندێکی لێ وەرگرتووەو لێی فێر بووە.



## پەراوێزەکان

1- S. Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi- C.1- S. 507.
2- S. Karaalioglu - Türk Edebiyati tarihi - C.2- S. 507.
3- S. Karaalioglu - Türk Edebiyati Tarihi- C.2- S. 508.
4- S. karaalioglu- Türk Edebiyati Tarihi. c.2- S.615- 622
5- A. Gövsa: Türk Meshurlari. S. 141.

٦- ڕسملی منتخبات أدبیه - ل/ ٢٥٨.

٧- ئازاد عەبدولواحید - دیوانی شێخ نووری - بەرگی یەکەم- بەشی دووەم - ل/ ٦٨ - پەراوێزی ژمارە/ ٢ی شیعری (ڕۆح) و هەروەها ل/ ٧٥-٧٦ پەراوێزی شیعری (ژیان) و... ل/ ٨١-٨٢ی پەراوێزی شیعری (شەوێک).

٨- ڕەفیق حیلمی- شعرو ئەدەبیاتی کوردی- ب/٢- ل/ ١٩٥.

٩- س - پ - ب/٢- ل/ ٢٠٥- ٢٠٦.

١٠- ئازاد عەبدولواحید- دیوانی شێخ نووری- بەرگی یەکەم- بەشی یەکەم- ل/٥٢. هەروەها لە پەراوێزی ژمارە (٣)ی هەر ئەو لاپەڕەیەدا دەڵێ: دوو کوڕی بەو ناوەوە ناو ناوە.

١١- ع. بیمار- دانیشتنێک لەگەڵ گۆراندا- گۆڤاری بەیان- ژ/ ٢ی شوباتی ١٩٧٠.

12- S.k. karaalioglu- Türk Edebiyati Tarihi- c.2- S.503.

١٣- س.پ- ب/٢-ل/ ٤١٣.

١٤- مامۆستا شێخ نووری شێخ ساڵح، چل دێڕە شیعرێکی چامەی (مقبر، مەقبەر- واتە: گۆڕستان)ی عەبدولحەق حامیدی کردووەتە کوردی کەشاکارێکی گەلێک بەرزی شیعرییەو خۆی لە هەزارو دوو سەد دێڕە شیعر دەدا... بۆ پەرچڤەکەی شێخ نووری، بڕوانە: ئازاد عەبدولواحید - دیوانی شێخ نووری، بەرگی یەکەم - بەشی دووەم - ل/ ٤٥- ٦٠.

١٥- ڕباب شکستە - ل/ ٣٢٨-٣٢٩.

١٦- س. پ - ل/ ٢٨٢- ٢٨٣.

١٧- م. جەلالی - شێخ نووری دەنگی... ل/ ٢٣- ٢٦.

١٨- ڕباب شکستە - ل/ ٤١٩-٤٢٠.

١٩- م.جەلالی - شێخ نووری... ل/ ١٣٠-١٣١.

٢٠- لە دەقەکەی دیوانی شێخ نووریی - ئازاد عەبدولواحید-دا بووەتە (بێ خودانە)... بڕوانە: بەرگی یەکەم - بەشی دووەم - ل/ ٢١٦- ٢١٧، کە دەقەکەی لای (م. جەلالی) ڕێکترە لەگەڵ دەقی فیکرەتدا.

٢١- ڕێک و مەعنا... لەلای کاک (ئازاد)دا ڕێکترە کە نووسراوە (ڕێک و پڕ مەعنا - بڕوانە: دیوانی شێخ - بەرگی یەکەم - بەشی دووەم - ل/ ٢١٦.

٢٢- لەلای کاک ئازاددا (ئاگری سەرسەڕی) بووەتە (ئەگەڕێ سەرما) کە دیارە هەڵەیە... بڕوانە دیوان - بەرگی یەکەم - بەشی دووەم - ل ٢١٦.

٢٣- هەروەها چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەم شیعرە، بەسەر کۆپلەکاندا بە ڕاست نازانم،

که دێڕی یەکەمی کۆپلەی یەکەم بەجودا دانراوەو دێڕە یەکەمەکانی کۆپلەکانی دیکەش خراوەتە دوای کۆپلەکانی پێش خۆیانەوە.
بڕوانە: م – جەلالی – شێخ نووری – ل/ ١٣٠– ١٣١.
٢٤– م. جەلالی – شێخ نووری – ل/ ١٣٠.
٢٥– ڕباب شکسته – ل/ ٩٧– ٩٨.
٢٦– ڕەفیق حیلمی – شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ب/ ٢– ل/٢٠٠–٢٠٢.
– علاء الدین سجادی – ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە – ل/ ٣١٤– ٣١٥.
– ئازاد عەبدولواحید – دیوانی شێخ – بەرگی یەکەم – بەشی دووەم – ل/ ٢٢٩– ٢٣٢.
٢٧– ڕەفیق حیلمی – شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ب/٢– ل/٢٠٠.
٢٨– س.پ – ب/٢– ل/ ٢٠٢.
٢٩– ع. سەججادی – ئەدەبی کوردی و... ل/ ٣١٨.
30- Türk Edebiyati Tarihi- C.2- S. 660- 661.
٣١– م. جەلالی – شێخ نووری – ل/ ١٦٥– ١٦٧.
– ئازاد عەبدولواحید – دیوانی شێخ نووری – بەرگی یەکەم– بەشی دووەم– ل/ ١٦٣– ١٦٥.
(٣٢) م. جەلالی – شێخ نووری – ل / ١٧٠.
(٣٣) س. پ – ١٧٠–١٧١.
(٣٤) ع. عەلائوددین، دڵدار، ل/ ١٧٩.
(٣٥) ڕباب شکسته – ل/ ١٣٤–١٣٥.
(٣٦) ڕسملی منتخبات أدبیه – ل/ ٣٠٦.
(٣٧) ڕباب شکسته – ل/٧٢.
(٣٨) س. پ – ل/١١٤–١١٥.
(٣٩) س. پ – ل/١٠١–١٠٢.
(٤٠) س. پ – ل/١٩٧–١٩٨.
(٤١) س. پ – ل/ ٤٠٧–٤٠٨.
(٤٢) س. پ – ل/٢٨٧– ٢٩١.
(٤٣) س. پ – ل/ ٤٢٥– ٤٢٧.
(٤٤) ع. بیمار – دانیشتنێک لەگەڵ گۆران – گۆڤاری بەیان – ژ/ ٢– شوباتی ١٩٧٠.
(٤٥) ڕباب شکسته – ل/١١٦–١١٧.
(٤٦)دیوانی گۆران – ل/ ١٧٤– ١٧٥.
(٤٧) ڕباب شکسته – ل/ ٣٧٧–٣٧٨.
(٤٨) س. پ – ل/ ٢٨٧–٢٩١.
(٤٩) دیوانی گۆران – ل/ ٢٠٩–٢١١.
(٥٠) س. پ – ل/ ٢٠١–٢٠٣.
(٥١) ڕسملی منتخبات أدبیه – ل/ ٣٠٨– ٣٠٩.



## سەرچاوەکان

أ– سەرچاوە کوردییەکان:

(١) ڕەفیق حیلمی – شیعر و ئەدەبیاتی کوردی– بەرگی دووەم– چاپخانەی الشباب– ١٩٥٦– بەغدا.
(٢) مصلح مصطفی جەلالی – شێخ نووری دەنگی ڕەسەنی شیعر – بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – زنجیرە/ ٩٩– چاپخانەی (دار الحریە)– ١٩٨٤– بەغدا.
(٣) علاءالدین سجادی – ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی – چاپخانەی مەعارف – ٢٦٦٧ی کوردی – ١٩٦٧ی ز – بەغدا.
(٤) عبدالخالق علاء الدین– دڵدار شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کورد– چاپخانەی (دار آفاق عربیە)– ١٩٨٥– بەغدا.
(٥) سەرجەمی بەرهەمی گۆران – بەرگی یەکەم – دیوانی گۆران – لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق – بەغدا – ١٩٨٠.
(٦) عبدالرزاق بیمار – دانیشتنێک لەگەڵ گۆران– گۆڤاری بەیان – ژ/٢ی شوباتی – ١٩٧٠.
(٧) ئازاد عەبدولواحید – دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح – بەرگی یەکەم (بەشی یەکەم – مطبعة دار الجاحظ – بغداد – ١٩٨٥= بەشی دووەم – معمل ومطبعة الجاحظ – بغداد– ١٩٨٩).

ب– سەرچاوە تورکییەکان:

1-S.K. Karaagioglu- Türk Edebiyati Tarihi- C.2- in Kilap ve Aka Basimevi- Istanbul- 1978.
2- ibrahim Alâettin Gövsa, Türk Meshurlari Ansiklopedisi - Yedigün Nesriyati.
(٣) رأفت عونی و سلیمان بحری – ڕسملی منتخبات أدبیة – صاحب و ناشری – إلیاس – در سعادت – قناعت مطبعەسی – ١٣٢٩ – استانبول.
(٤) توفیق فکرت – ڕباب شکستە – ناشری طنین إدارە مأموری حسن تحسین – طنین مطبعەسی – ١٣٢٧ – إستانبول

# بەشی دووەم

# شیعرەکانی

# تۆفیق فیکرەت

## تۆفیق فیکرەت

لە منت پرسی، گوتت تۆ کێیت؟ ئەی پەریی من
گەلێ جوانە، سا ببیە* ڕوونی بکەمەوە
بە گچکە ناوی من دەڵێن «فیکرەت»
باسی پەیوەندیشم بە شیعرەوە دەکەن
گەرچی بێ نانیش مامەوە...
تاکو ئێستا هەرگیز بەبێ کار نەماوم
وەک کەسێک لە نیوەشەودا چاوەڕێی ڕووناکی بکا
لە خوێندگادا دوازدە ساڵان ماومەتەوە
لە دواییشدا – بێ ئەوەی بزانم بۆچی – جێم هێشتووە
ئەمەش دەبێ سیماو دیاردەیەکی بەخت بێ
لە (بابی عالی)دا دامەزرام
بە خاوەن ڕەوشت دانرام و سەر زەنیشت کرام
ئێستا کە خاوەنی بەرهەمێکی زۆرم
لە (ئەحمەد ئیحسان)دا وەک ڕاستکەرەوەیەک دامەزراوم
مامۆستای خوێندگای (سوڵتانی)یشم...

***

## بۆ پەریی شیعرم!

جارجار دەنگت قریشکەیەکی قووڵی ئەوتۆی تێدایە
سەرسامییەکی وەهای تێدایە کە، گیانم لە ئاستتدا دەلەرزێنێ
جارجاریش ئەو ورشە سووتێنەرانەی سەر کوڵمەکانت
نموونەی خونچە ژەهراوییەکانی هیندستانن

***

لەگەڵتدا کاتی ئەوتۆ بەتام بە سەر دەچێ کە گیان
چێژی ئاوێتە بوونێکی هەمیشەیی لەگەڵ تۆدا دەوێ
بەڵام جارجار؛ ئەم پێویستییە پڕ کارەساتە چییە
کە تاریکایی بە خەیاڵمدا ڕەت دەبێ... نازانم

***

(١) دەسا ببیستە



ڕۆژانی وا بەسەردەچێ کە دڵڕەقیت بە هەوری ژەنگاوییەوە
وەکو مەتاڵێکی ئاسنین ئاسمانمان دادەپۆشێ
من دەگرییێم لە ژێر ئەم بارەداو... ژانێک
لە ناخی دڵێشمدا برینی قووڵ دەکاتەوە...

***

لە کاتێکی وەهادا هەڵبژاردەترین شیعرێک
بە سرووش دەهێنی، ئەوە، سا... پاداشتی کارەساتت
ماکت لەو شەهریارەی میسرە دەکا کەوا
تا نەیکوشایە، ڕێی بۆ بە یەک گەیشتن خۆش نەدەکرد

***

## بییرکردنەوە

جاری وا دەبێ خۆم لە بییرکردنەوە دوور ڕادەگرم؛
ئەو کاتە بییرم لە نەمامێک دەچێ کە
نەخۆش و لەرزەنوێن.. دارستانی بێ گەڵا
بە بەرکەوتنێکی گچکۆکەی باڵێک تێکدەشکێ..
ئەو ڕۆژە، ڕەوان و ئاڵۆز، هەموو سروودەکانم
هەر یەکەو تابلۆیەکی پەژارەی وێرانەی گریەیە..

***

لەم نەقشی هەناسە ساردییەی کە بە فرمێسک سڕاونەتەوە
تەماشا دەکەم و تێدەکۆشم تا واتایەکیان لێ دەربێنم
لە دواییدا شەرم لەم گێلییەی خۆم دەکەم و
دەڵێم: «بەستەزمان! بە خەیاڵی مەحاڵ هەڵخەڵەتای
ئایا ڕەنگی ڕاستی لە ڕەنگدانەوەی سەرسامییەوە دەردێ؟»
ئەگەر ئەو وتەیە تەماشا بکرێت، نموونەیەکی بییرکردنەوەیە..

***

نەخێر، بییرکردنەوە هیچی بەسەر ئەمەدا نییە،
گیانی هەموو شیعرەکانم خەمبارییەکە
کە دەم نا دەمێ لە دڵی بە ناڵە بارگە کراومدا هەستی پێ دەکەم

***

## خۆم بە خۆم

سەعات و نیوێک، ئەوە سەعات و نیوێکە
بۆ سروودێکی بێ گیانی گچکە؛
ئەمەندە کۆشش و، ئاگاداری و، زەحمەتە
بۆ پارچە شیعرێک، یان بۆ چامەیەک
***
ئاخ، ئەی ئەو شەپۆلانەی بەر لەوەی سوودیان لێ ببینم
بێ وەستان دوور دەکەونەوە،
ئەی چرکە پیرۆزەکان، من ئێوە
بەو شێوەیە لە بزرکردندام... مخابن.
***
دەزانم، لە هەناسەدانێکدا، لە دەمێکدا
بوونەوەرێکی زیندووی مەزن دەزێ،
ژیانێک، جیهانێک گیانی بە بەردا دێتەوە
***
گیانلەبەری وەها لە جیهاندا هەیە کە
لە ماوەی سەعات و نیوێکدا دەزێ،
دەژی، کۆتایی بە تەمەن دێنێ... سەرنج
***

## لە لاپەڕەکانی ژیانمەوە

بەڵکو شیعریشم ئەمە ڕادەگەیەنێ:
من خۆم لە ڕاستی لا دەدەم؛
ئاسمان بە بەرینیی شینییەوە
زەریا بە نهێنییە بێ سنوورەکانییەوە
دەمترسێنێ؛
وەکو بڵێی گیانی پڕ لە سڵ کردنەوەم
لەو بەرینییە دەگوشرێ..
دەکو بڵێی هەر شەپۆلێکی بە زمانێک
واتایەکی نەبیستراوم بەسەردا دەشیرێنێ



وەکو بڵێی سێبەری خامۆشی شەو
لە بەردەمی ترسمدا گیانی بە بەردا دێتەوە
چ میزاجێکی لێڵی کەچ دیدەیە وا..
لە ڕنگینترین دەمی لاویمدا
بە بینینی ژیانی پووچی پڕ جۆش
منی بەبێ ئاگاداری لە بوون ژیاندەوە
لە هەموو کامەرانییەکەوە منی بە دەر کرد..
بەم ماکە خەمناک و نامۆیەمەوە
من لەو گەڕیدەیە دەچم کە
لە دەشتی ساماناکدا.. کە تیشکی سووتێنەری خۆر
ڕەنگەکان لەناو چاوەکانیدا دەسووتێنێ،
دەسا ڕێ تێ چوونی بێ زیانیی خۆی نابینێ،
ئەوسا لە هەر لایەکیدا
هەست بە بۆشاییەک دەکات و
بە دەربڕینێکی ماتەمیینەوە
دەست لەرزۆک لەبەر چاویدا
نیوە مردوو و نیوە زیندوو دادەنیشێ
بە چاوەڕوانیی دیاردەیەک ڕادەمێنێ...
ئەم دیاردەیە، کە مردنێکی ئێجگار گەورەیە،
لەناو شیعرێکدا سەرخۆشیی بەو دەبەخشێ،
کە پڕیەتی لە شاگەشکەیی ئاوات
جیهانێکی پیشان دەدا کە بێ ئاگایە..
ئاخ ئەی بێ ئاگایی، ئەی سەرابی بەش
دەکرێ شوێن پێت هەڵنەگیرێ!..
***

## ئەی یاری نەغمەکار

بژەنە، تا منیش بە تاسەوە ببم بە پەیڕەوی ئاهەنگت
ئەو دڵدارییانە با بهێنینە جۆش، کە لە ناو دڵاندایە.. بژەنە
هەر چەند دەژەنی، شیعری تازە تازە بەناو دڵمدا دەزێن

هەر ئاوازێک، کە شیعرێکمی بە قوربان دەکەم.. بژەنە

***

هەر ئاوازێک لە دەنگتدا عەشقت ڕادەگەیەنێ
خۆشەویستی لە دەنگی خەمبارتدا دێتە گریان
گیانان، باڵ گرتوو.. لە دەورو بەرتدا هەڵدەفڕن
کە ناسکییەکی کامەران بە ئاهەنگ دەبەخشن
گوایە ئەوەی لە باڵەکانەوە هەڵدەفڕێ شنەشنی بە هەشتە

***

ئەی کامەرانیی زوهرە، کە زیرو بەمی سازت
تەنانەت گەردوونەکانیش، ئەستێرەکانیش گەر بخاتە گریان هەر ڕەوایە
ئەی دڵخۆشکەری پەرییان، ئاوازی گیان پەروەرت
بۆ بەهەشتەکان و حوورییان گیان لاوێنەوەی خۆشییە
بڕوانە دەگرییێم، هەزار خەندە بە قوربانی گریانمە

***

داخۆ بتوانێ چاوم ئەسری ڕەوانم ڕابگرێ؟
هەر چەند ئەم ئاوازەم دێتە گوێ، خۆڕاگرتنم دێتە لەرزین
ئەی یاری نەغمەکار، نەکەی ئاوازت ببڕێتەوە
لێدە، ئەگەر تاری ژیانیشم بەو ئامرازی ژەندنە بپسێ
ئێستا، ئەم دەمەم بشبێتە گیانە لارم، بژەنە

***

وەکو بلێیی لە ژێیەکاندا، مەلێکی بریندار هەڵدەبەزێ
ئەم ئاوازە، لە جەرگی ئەو بەستەزمانەوەیە دێتە دەرێ
داخۆ هونەر هی عوودە، یان لە دەستی ئەو نازدارەدایە؟
ئایا ورشەیەکی هەیە کە لە هونەرەکەی سەر سوڕمێنترە؟!
بە خودا، ئەو دەستەیە کە گیان لە جێی خۆیەوە دەپسێنێ

***

بژەنە، بامنیش بە (ئاخ)ەکانمەوە ببمە هاودەمی تۆ
ئاواتم لەناو سنگی عەشقدا لەت لەت مەکە، لێدە
بە کاری خۆشییەوە قۆڵ لە قۆڵدا باڵ دەگرین
تا عەرشی ئیلاهی بەرز ببینەوە.. لێدە..
لێدە، خۆشەویستم، لێدە پەرییەکەم، لێدە جوانەکەم.. لێدە!.

***



## لە کاتی وێنەکێشاندا

پەرەمووچەم، چلێکی نەخۆشی دەرختێکی لاوازو درێژ..
لە دەستمدا دەم بە سکاڵا بە هەڵچوونەوە هەڵدەلەرزێ؛
گوایە بە ناوی گوڵەوە
بەوخوێنەوە کە بە سەر خاکێکی سەوزدا ڕشتوونی.. هەڵدەلەرزێ

***

ئەوە دە ڕۆژە، بیرو هونەرم تێدەکۆشن
تا شێوەی وێنەیەک بە پێڵی هەستێک ببەخشن
سا هەمیشە تەماشای ئەم تابلۆیە دەکەم
بەوەی کە ڕەنجم لەگەڵدا داوە

***

تەماشا دەکەم و.. دان بە دەستکورتیی ئەم هونەرەدا دەنێم
بە پیرۆز دانانی ئەم کردەوە خوداییەوە.. ڕادەمێنم
بەڵام کاتی وەهاش دەبێ
سروشت پەسند ناکەم و تەواوێک بەبێ گیانی دەبینم

***

تەنانەت بۆ ئەو ڕۆژەی بۆ پەسندکردنی
ڕوخسارێکی دیی نەخۆش و هەڵچوو.. ڕوویەکی بە گریەم دەوێ
ئەمەیە هۆی ئەوەی وشەکانم لە جیاتی ئەوەی ببنە شیعر
جارجار دەبنە گریان..

***

## گریانی نا ئومێدی

بگری، ئەی شیعری ناتوانا، بگری
هیوای دەم بەبزە لە گیانمدا مردن،
ئێستا بە هەتیوی، کفن لەسەرشانی بێزاری
سەرسەرییانە دەگەڕێ پەریی خەیاڵ

***

بگری، ئەی گیانی خەم پێکاو، بگری
هەستە ورشەدارەکانی ناو شیعرم کوژانەوە
ئەو هاڵاوانە، ئەو کۆمەڵ کۆمەڵ پریشکانە

ئێستا مشتێک خۆڵەمێشی سارد و سڕن

***

بگری، ئەی چارەی خەزان، بگری
هەڵچوونەوەم شەختەیان بە گریانەکانی ناو دڵم بەست
ئێستاکە من بە شینێکەوە گیرۆدەی خەزانم
گریانێکی دوا نەهاتووم دەوێ..

***

بگری، ئەی شیعری ناتوانا، بگری
بگری، ئەی گیانی خەم پێکاو، بگری
بگری، ئەی چارەی خەزان، بگری
بگرین، بەڵکو.. گریان پەتایەک بێ..
جۆش و کوڵی گریانێکم بۆ بهێنێ..

***

## گەر ڕۆژ ببێتەوە..

لەم وڵاتەدا ڕۆژێک ڕۆژ ببێتەوە خەلووق
ئەگەر ئەم نێوچەوانە تەماوی بووەی ئەم وڵاتە
چارەنووسی، بە دەستێکی بە هێز.. بە هێز و زیندووکەرەوە
بە لە رینەوەیەکی بەرکەوتنەوە خۆی داتەکێنێتەوە.. ئەم ساردو سڕە
ئەم چارە ژەنگ گرتووەی میللەت ئەگەر هەندێک پێبکەنێ.. ئەو ڕۆژە
ئەگەر نەشمردبم، بێ گومان پەیوەندییەکی تەواو مردووم بە ژیانەوە
دەبێ
ئەو ڕۆژە
ئومێدم لێ ببڕە، منی ئیفلیج لە دەوروبەری بۆشمدا
بە تالاوییمەوە لە بیبر بکە، چونکە ڕوانینی لەنگ و ژاکاوم
هەوڵ دەدا بەرەو ڕابوردووت ڕابکێشێ، تۆ
بە هەموو پێناسە و ئەندامێتیتەوە.. داهاتووی
ئێستا ئەوا دەنگت لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە

***

بەڵێ، ڕۆژ دەبێتەوە! ڕۆژ دەبێتەوە.. شەوەکان
تا داهاتنی ڕۆژی زیندووبوونەوە درێژە ناکێشن، لە کۆتاییدا ئەم



ئاسمانە
ئەم ئاسمانە شینە، ڕۆژێک دڵی پێت دەسووتێ، پەژارە داتنەگرێ
خۆر شادییە بۆ ژین، مرۆڤ لەناو پەژارەدا
سییس دەبێ وەکو ئێمە، ئێوە ئەی خۆرە بچکۆلەکانی
ئاسمانی سبەینێ، دەسا یەکە یەکە بە ئاگا بێنەوە
ئاسۆکان تاسەیەکی هەمیشەییان بۆ ڕووناکی هەیە
ڕووناک بوونەوە.. گیانی ئومێدی سەردەممان
هەورەکان بسڕنەوە، سێبەری کارەساتەکان بسڕنەوە
لەناو ڕووناکیدا بەرەو ڕزگارییەکی پەسنددا ڕابکەن
ئومێدمان ئەمەیە، ئێمە بشمرین،
نیشتیمان ڕاست، بە ئێوەوە دوور لە تاریکیی زیندانەکان دەژی

***

## دەریای شین

ڕوون و مەند.. کوا گۆڕانی ئێوارە، کوانی هەڵچوون؟
هەندەی گیانی منداڵێک پڕ لە بییر چوونەوە
ئێستا ئەوەندەی گیانی منداڵێک ڕووناک و بێ پەڵە
دەنوێ.. دەریای شین

***

من بە تەواوی جۆششی پەژارەکانێ شەوێکمەوە
بەو ئەندێشە پەرێشانانەمەوە
سکاڵا کار و.. سەرزەنشت کار
لە بەرامبەریەوە، لە تەماشا کردنی ڕوونێتیی خەواڵوو بوونیدام

***

نەء، با ئەم ڕوانینە لە تاریکیی وەردراوە
گیانی بێ گەردت لێخن نەکا ئەی دەریای شین
ئاخ، بەڵام زیانی چییە..

***

من بەم چاوانەوە.. لێخن و بێ دەسەڵات
هەر چەند تێتدا دەڕوانم دڵئاسوودەیی پەیدا دەکەم، فریو دەخۆم
هەست دەکەم چاوێکی شین بۆ ئازاری دڵم دەگرێ..

***

## پرۆمیتێ*

هەر چرکەیەک هەست بە دەندووکی ئاگرینی ئەم هەناسە سارده بکەو،
هەمیبشە بیبری لێ بکەرەوە:
ئەوان بۆچی لە ئاسماندان، بۆچی من لەناو کەنددام؟
جیهان بۆچی پێم پێبکەنێ، من بە تەنیا بگرییێم؟
بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان و پێکەنین چەند بە تامن
***
ڕۆژێک ئەم نیشتیمانە نەخۆشە گیانی بە بەردابێتەوە.. ئەی
بە تاسەی هەڵچوون و تیشکی داهاتووی میللەتەوە بوو
ئەی کارەبازانی نەناسراوی هەرێمەکانی تێ ڕامان
بارگە بپێچەوە و هەرچی هەیە بیهێنە، هەندێک - تەمبەڵی شکێن
پارچەیەکی گیان، کەسێتی، پەروەردەکاری هەست
میوەی لەش ژیێن، دەستت بە تاڵ نەبێ
لە پێش چاوتەوە بیانبینە ئەفسانەکانی پێشینان
قارەمانی زیبیرەکیی ئاگر لە ئاسمان دز..
***

## سەلکی حوشتر

### «بۆ لەبەر کردنی خەلووق»

لە کاتی خۆیدا حوشترێکی زل سەرێکی بووە
حوشتری بێ سەر نابێ خۆ، ئەفسانەیە، دەی هەرچی بێ.. بە درێژایی
ڕۆژ
هاوین زستان، ئەم بێ مێشکە، ئەم سەرە پووچەڵە
دەشت و وشکانی و، گردو شاخ و بەرد
ئەم بێچارەیە بەبێ سوود، ڕادەکێشێ و ماندوو دەکا..
***

* خودای ئاگر لە لای یۆنانییەکان، مرۆڤێکی لەگڵ دروست کرد و گیانی پێ بەخشی کە لە هەورە بروسکەی فڕاند.. ئاسمانی لێ توورە بوو، زەووس فەمانی دا کە لەسەر چیای قەفقاسدا دانرێ و هەڵۆیەک لە جگەری بخواو هەر چەندیش لێی بخوا نوێ ببێتەوە لە لای خۆماندا بە (پرۆمیتیۆس) ناسراوە. (وەرگێڕ).



لەشی گرانی بێ چارە چی بکا، پەنا بۆکێ ببات؟
قەلە ڕەشکەیەک دەبینێتەوە دەردی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ، ئەویش دەڵێ.
واخ
خودا لەسەر گەورەترە، هاتووە بە سەرداو دەبێ بکێشرێ
***
ئەوجا لەبەر کارو بە کۆپانەوە خەریک ما
هەرچی کلکە.. هەر خولاوەتەوە
سەرتاسەری هەرێمەکان.. بەڵام خودا.. کەس
لەسەر نەخات و تەماشای کلک بکا.. لە سەرەتادا
ئەندامێکی وەستاوو حەساوەش بووبێت.. وردە وردە.. ئێی
خەڵکی لە بیستنی ئەم دەردە دوانەهاتووە بێزار بوون
دە ئەوجا بچێ بە کێی ببیستێ
هەر کەسێک کە بیبیستێ و تێی بگا
لەبەر ڕوو پێ نەدان، حوشترۆک بێ دەنگ و ئارام
بەناو کەندێکدا چووەتە خوارێ و.. سەری خۆی پێچاوەتەوەو
بە جارێک کشاوەتەوەو گوتوویەتی.. «سا.. دەی بە مرداری
بەرەو دۆزەخ..»
***
ڕۆژێک دەبێ ئەو سەرانە لێ دەکەنەوە.. کە.. نارەوایی دەکەن..

## لە ئاستی خۆشی پەرستێکدا

لێی گەڕێ، ئێوە دەڵێن، هەڵبەتە سزایەتی، دەبێ بیکێشێ؛
سزای مەستی مەی سەر ئێشەی پاش سەرخۆشی و نزمییە!.»
بەڵێ، دەبێ لێی گەڕێین، لەوانەیە ئەمە شادییەک بێ..
کە ئێمە بەبێ ئاگاداری و نەزانانە پێی دەڵێین سزا،
***
ئەم بارو دۆخەی ئەو، ئەم بارە نزم و ژێر پێیان کەوتنەی
سزاش بێت، لە ئاستیدا دەداتە قاقای پێکەنین
هوشیار نابێتەوە تا لە سزای کردەوەکەی شەرم بکا..
ئەو کونجی سەر شۆڕییەی ئەو، چار پایەی ئومێدەکانییەتی..
***

سەیری بێڕەنگیی تەماشای ناو چاوی بکەن،
ئەم دیدەیە چۆن بوونەوەران دەبینێ؟. بۆشاییەک؛
خێزان، منالّ.. بەو بیرە تەم داگرتووەدا ڕەت دەبێ داخۆ؟
***
سزای بۆ ئەم بێچارانەیە.. ئاخ.. ئەوەی تێدەگا؛
ژەهری سەرشۆڕی لە تەک ئەوەوە ڕادەکاو
دێ.. بۆ لەناو بردنی ئەم خێزانە بێ گوناهە...
***

## فەنەر

لە دووردا تیشکێکی نەسرەوتی بێ مەبەست
لەسەر ڕوویی ڕێی شێداردا، بە پارێزەوە دەگەڕێ
ئارامی لێ دەبڕێ، دەپسێ، دەشکێ.. با بەوردە هەناسەیەک
هەزار شێوەی پەشۆکاو بەو بەستە زمانە دەپۆشێ
***
دەڕوانن: ڕاماو.. دەرێژ خایەن..گریە نوێن
ئەمە ئێستا سەرنجێکی دلّدارانەیە کە
لەسەر بالّی بێ جمیدا شەوێکی خولیا هەلّدەگرێ
دەڕوانن: پەرۆش و ڕووناک و شەیدا
***
ئەمە ئێستا چاو داگرتنێکی بە زەوقە، دلّخۆشی هیوا
فەنەر کوت و مت ئەو گیانانەیە کە، نوقمی خەیالّن
شەو بە ئومێدەوە دەژی.. بێداری تاسەو تەمبەلّی
***
پتر ئەم بارەیەتی کە ئەندێشەم ئازار دەدا
بەستە زمان، پڕ ئومێد کە دەگاتە بەری بەیان
بە گریانەوە.. لەناو مرواریی باراندا دەکوژێتەوە
***

## دەردی نهێنی

پایز.. پایز.. دیسانەوە تۆ، ئەی تۆقیوی وەرزی لاوازی
ئەم پەلکە بەستەزمانە پەنماوانەی وا



لەم چلّە پڕ هەستە باریکانەوە کە شکاندووتن.. هەلّتوەراندوون
– بەستەزمانی بێ دەستەلاّتیی ژیان!–
ئایا دەزانی چۆن دەردی خۆی دەردەخا، دەگری؟..
***
ئەمڕۆ هەر چۆنێک بێ، بە تەم و مژەکانتەوە ئاوێتەی خەمن چیا
سبەینێش تەنی سروشت بە بەفر کفن دەپۆشێ
هەموو ئەم دیمەنانە دەمرن، ئەم ڕووبارانە دەبەستن
دەبەستن بەلاّم بە داخەوە،
دیسان لە ناخی هەموویاندا بێزارییەک بە کولّ دەگری!..
***

## خێزانە گچکە

نەمام دوا خونچەی خۆشەویستیی خۆیان وەراند بوو
بە دوا دلّۆپی گەوهەرەوە چیمەن ڕازابوونەوە
واتە ئەو ڕۆژەی ئەم منداڵە زایی، پەمەیی و ڕووت،
زستان لەگەلّ تالّترین هەژارییەکەوە هاتبووەکایەوە
دلّی خێزانی گچکە لێخن بوو بوو..
***
بەرگەی میوانێکی تازەی نە دەگرت
قاپی سەربار وەکو چیایەک خوانی پلّیشاندەوە
– بەلاّم ئەم پەژارەیە بۆچی، ئەی باوکی بە بەزەیی؟
ڕۆلّەکەت داخۆ تەنانەت هەستێکی باوکێتیت ناداتێ
ئایا ئەم دلّبەرە، ئەم مشتە داخراوە بە نرخە.. ئەمڕۆ
نابێتە هۆیەکی نوێ.. بۆ پتر کردنی تێکۆشانت؟!
***
باوکی بە بەزەیی بە هەستی باوکێتییەوە بە کارکەوت
بە تاسەیەکەوە، بە تاسەو گەرمییەکەوە بەکار کەوت..
نەمام دوا خونچەی خۆشەویستیی خۆیان وەراندبوو
بە دوا دلّۆپی گەوهەرەوە چیمەن ڕازابوونەوە
بەلاّم ئەمجارەیان زستان، ئەو میوانە سارد و سەرخۆشە
ئەم خێزانە گچکەیەی لەسەر یەک خواندا..

لەگەڵ چەند میوانێکیشدا بە شادی و خۆشییەوە دەبینی

***

## بەهاری سترانەدار

شەماڵ شنەی دێ، چڵە تەڕەکان
کە بۆ مەلی ڤین لانەیە
دەچرپێنێ و وسکت دەبێ
ئەمە سترانەیەکی جوانە

***

ئەو ئاوە خوڕ خوڕ دێتە خوار
کە ڕەوانەی باخەکانە
بەرخێک لە سەریدا دەباغێنێ
ئەمە سترانەیەکی جوانە

***

شوانە شمشاڵ دەژەنێ
ژیانی شاعیرانەیە..
پەریی کێڵگە پێدەکەنێ
ئەمە سترانەیەکی جوانە

***

دەچرێ بلبلی نەغمەگەر
کە تاسەی بێ بیانووە
دەچرێ، دەچرێ، دەچرێ، دەچرێ
ئەمە سترانەیەکی جوانە

***

بەڵام ئەم ساوا گیان فرێنە
کە لە گیانەوە نیشانەیە
کە پێدەکەنێ بۆم دەگری
ئەمە سترانەیەکی جوانە

***



## تەم!

دیسانەوە دووکەڵێکی کەللەڕەق ئاسۆکانتی پێچاوەتەوە
تاریکییەکی سپییە! کە پەیاپەی لە پتر بووندایە
تارماییەکان لە ژێر تەنگەتاوکردنیدا وەکو سرڕابنەوە وەهان
هەموو تابلۆکان لە چرپیەکی تۆزاوی پێکهاتوون
چرپیەکی بە سام و تۆزاوی.. کە بیینایی
ناتوانن بە وردی بچنە ناخیەوە.. دەترسن
بەڵام شایانی تۆیە ئەم پۆشاکە قووڵە تاریکە
ئەم داپۆشرانە شایانی تۆیە، ئەی شانۆی زۆرداری

***

ئەی شانۆی زۆرداری، بەڵێ ئەی شانۆی ورشەدار
ئەی شانۆی بە بریق و باقی کارەسات ڕێکخەر
ئەی لانک و گۆڕستانی بریق و باق و ئەستێرەکان
ئەی فەرمانڕەوای دڵفرێنی هەمیشەیی خۆرهەڵات
ئەی خۆشەویستییە خۆێناوییەکانی دوور لە لەرزەی نەفرین
پەروەردەکەری سینەی بێ دەنگی بە دڕەشتی
ئەی کۆمەڵە زیندووی وەکو مردوو
بە بێ ئاگا لەناو باوەشی شینی مەرمەڕەدا نوستوو
ئەی کۆنە بیزەنتی، ئەی پیری خەرەفاوی گاڵتەجاڕ
ئەی بێوە ژنی کچێنیداری لە پاش هەزار مێردەوە جێ ماو
هێشتا لە جوانیتدا ئەفسوونی تازەیەتی ئاشکرایە
هێشتا چاوی تەماشا بە سەرتەوە دەلکێ
شی کراوی چاوی لە دەرەوە و، لە دوورەوە کراوە
بەو چاوە خۆڵەمێشییانەتەوە چەند دڵگیر دیاری
دڵگیر، بەڵام وەک پیسترینی ژنان.. دەستەمۆ
بەرامبەر بە هەموو ئەو گریانەی کە بەسەرتدا دەجۆشێ.. بێ هەست
لەو دەمەدا کە هێشتا تازە بناغەت دادەنرا
دەستی ناپاکی.. وەکو ژەهراوی نەفرینی تێکەڵ بە بناغەتەوە کردبێ
وایە..

هەموو چڵکی دوو ڕوویی لە گردیلەکانتدا شەپۆل دەداتەوە
لە ناختدا گردیلەیەکی پاکژی نابینیتەوە
هەموو چڵکی دوو ڕوویی، چڵکی چاو بەیەکدیدا هەڵنەهاتن، چڵکی
چاو چنۆکی
تەنیا ئەمە.. تەنیا ئەمە ئومێدی بەرز بوونەوەی هەبێ..
لەناو ئەو میلۆنەها کەلەشەی کە بە خۆتەوەت گرتوون
چەند نێوچەوانێک هەن کە دەربکەون، پاک و درەوشاوە

***

داپۆشرێ.. بەڵێ ئەی کارەسات، داپۆشرێ بەڵێ ئەی شار
داپۆشرێ و هەتا هەتایە هەر بنوو ئەی سۆزانیی سەردەم

***

ئەی سام و شکۆ، ئەی پایە بڵندی، ئەی ئاهەنگەکان
ئەی کەلووە بکوژەکان، ئەی سەرا بە قەڵات و بە زیندانەکان
ئەی گۆڕی هەڵچنراوی یادگارەکان، ئەی پەرستگای بەرێز
ئەی ئەستوونە بریقەدارەکان کە هەریەکە و دێوێکی لە زنجییردان و
فەرمانتان پێ کراوە ڕابوردوو بۆ داهاتوو بگێڕنەوە
ئەی کاروانی سووری دان کەوتووی خەندە ناشرین
ئەی گومەزەکان، ئەی بنیادنراوە شکۆمەندەکانی نزا کاری
ئەی ئەو منارانەی کە کەژاوەی یادکردنەوەی ڕاستگۆیین
ئەی خوێندگا میچ قووپاوەکان ئەی دادگا گچکۆکەکان..
ئەی چەند هەزار دەرۆزەکەری دان بە خۆداگرتوو
کە لەسایەی سیای سەروەکاندا هەریەکە و جێیەکیان بۆ خۆیان پێ
دابین کراوە
ئەی ئەو کێلی گۆڕستانانەی کە دەڵێن «دروود لە پێشینان»..
ئەی ئەو گۆڕانەی کە هەر جێیەکی یادگارێکی پڕ لە ناڵیینە
ئەی بە ئاگا هاوردەی باو باپیرە بێ جم و خامۆشەکان
ئەی ئەو کۆڵانانەی کە مەیدانی جەنگی قوڕ و تۆزن
ئەی هەر ڕەخنەیەک کە تێی کەوتووە، وڕێنەی ڕووداوێکە
وێرانەکان، ئەی مەکۆی پڕ خەونی بەدخوازان
ئەی خانووە ئاسوودە کۆنەکان.. کە هەر یەکە بە سەربانی



ڕەشکارەوە شینێکی بەرپابوو دەنوێنن
ئەی هەریەکەتان مەڵبەندی کۆلارەیەکە، یا هی حاجی لە قلەقێک
ئەی کوانووە خەم دیدەکان کە بە تاڵی و ناخۆشییەوە دامرکاون،
ساڵەهای ساڵە.. دووکەڵ لێ بەرزبوونەوەی چی.. هەر لە بیریشتان
چووەتەوە
ئەی ئەو دەمە داپچڕاوو وشک هەڵگەڕاوانەی کە لەبەردەمی
سەرزەنشتی
ژەهری گەدەکاندا
هەموو سەرشۆڕییەک قووت دەدەن..
ئەی بە چاکەی سروشت ئامادەترین و تیژ و پۆشتە
لەو کاتەدا کە بە ڕەوشتێکەوە پەیوەستی، برسیت و بێ کارەیت و
نەزۆکی
ئەی ئەوەی هەر بژێوێک، هەر چاکەیەک، هەر هۆیەکی ڕزگار بوون
لە ئاسمان دەرۆزە دەکەی سەرشۆڕی پشت بە ئاسمان بەستوو کە..
ڕیایی کار
ئەی دەنگی سەگگەل، ئەی بە ئابڕووی ئاخاوتن هەڵبژاردە
ئەی ئەو ئاوازەی کە نەفرەت لەم بەد نمەکییە دەکا کە لە مرۆڤدایە..
ئەی گریانی بێ سوود، ئەی خەندەیی ژەهرین
ئەی بە دەم و دووی بێ دەستەڵاتی و خەم، ڕوانینی نەفرین
ئەی بیرێک کە بەر بووەتە ناو ورگی ئەفسانەکان، نامووس
ئەی ئەو ڕێیەی کە بەرەو قیبلەی دوا ڕۆژ دەچێ، ڕێی پێ ماچ کەر
ئەی ترسی بەڵگەنەویست کە هەر سکاڵایەکی لە دەمی
هەتیوو بێوەژن دەرچوو.. سەر بە زیانەکانتە
ئەی ئەو ئەفسانەی قانوونەی پەیوەستی پارێزگاری مرۆڤ و ئازادی-
کە مافێکی هەناسەدان دەبەخشی..
ئەی بەڵێنی هەرگیز بەجێ نەهاتوو، ئەی درۆی ڕووتی هەمیشەیی
ئەی مافی هەمیشە لە دادگاکانەوە دەرکراو،
ئەی لەگەڵ هەڵمەتی تارماییە درۆزنەدا بێ تاوی هەستیاری
ئەی گوێی گزیری درێژکراو بۆ ناو ویژدانەکان

ئەی دەمە بە بیمی* گزیریی کلیل دراوەکان
ئەی ناوبانگی میللی جێی ڕق و بە هیچ نەزانراوو
ئەی شمشێر و خامە، ئەی دوو زیندانیی رامیاری
ئەی بەهرەی هونەرو ئەدەب، چارەی لە بیر کراو
ئەی سەرەڕای هوشیاری، دوو هەندە بۆ تێداگەڕان ئاسایی
ئەی خانەدان و دەست و پێوەند، ئەی ڕەسەنێکی پیری ناسراو

***

ئەی سەری دانەویو کە، سپی و پاک و بێگەردە، بەڵام نا پەسند
ئەی تازەژن، ئەی ئەو گەنجەی بەغار شوێن پێ هەڵگری ئەو
ئەی دایکی بەجێ هێشتن لێیداو، ئەی هاوسەری خەمبار
ئەی منداڵی بێکەش و ئاوارە، هێشتا ئێوە
هێشتا ئێوە!..

***

داپۆشرێ.. بەڵێ ئەی کارەسات، داپۆشرێ بەڵێ ئەی شار
داپۆشرێ و هەتا هەتایە هەر بنوو ئەی سۆزانیی سەردەم

***

## پاشگەز بوونەوە

نەخێر، نەخێر، ئەم نەفرینە سەر بە تۆ نییە
هەموو ئەم سەرزەنشت و ئازارە، ئەم گریەی ژیانە
ئەوەی ژیانی میللەت دەچەوسێنێتەوە، ڕسوای دەکا
بە قوڕیان دەگرێ، هەچی پیساییەک هەیە بە جارێک
لە باوەش دەکا، هەڵی دەگرێ، سەر بە دەورو بەرێکە
ئێستا کە دوورین لەو شەوە نەفرەت لێ کراوە..
شەوی کارەسات بە شەوانی لە بیبر چوونەوە ئاوێتە بوون
چاومان بە سەر بەیانێکی پرشنگداردا کرایەوە
تۆ ئەی دەوروبەری تازەبوونەوە، ئەو شەوە بەد ودمە**
پەیوەندیی بە تۆوە نییە، تۆ بە ئابڕووی، تۆ بەرزی..

---

* بیم: مەترسییەک کە لەمەو پاش ڕوو بدات.
** ودم: نێوچەوان بەد، بەدبەخت، شووم



نە تەمت لە ڕوودایە، نە سەرشۆڕی، بە پێچەوانەوە ڕوونی و ڕێزت لە ڕوودایە
وەک خۆری هەڵهاتوو، دەرکەوتنێکی ڕوونت هەیە
ئاسۆکان هەموو چاویان لە تۆیە – پڕ لە سەرسامی –
بە ئاوازی حەق نوێنی دادویستتەوە ئەمڕۆ
ژیاری، ئاشتی خوازی، تەبایی هی تۆیە..
ئەمڕۆ بە بزووتنەوەکانتەوە، یان بە ئارام گرتنتەوە
بە جێ هاتنی دوا ڕۆژ دابین دەکرێ..
چاکیی کاروبار، واتە چاکیی بیبری تۆ
جوان بیبیر بکەرەوە، چاک هەست بکە، مەخرچێ* تەفرە مەخۆ
هەرچی هەیە لە ڕاستیدایە، بڕوامەکە ڕاستی بشلەژێ
ڕاکە بەرەو یەکیەتی، بەرزبوونەوە، تێکۆشان، بەرەو دوا ڕۆژ**
بەڵام لە بیبیر مەکە کە ڕێ بە ڕێک بوون و سوور بوونەوە،
نزیک دەبێتەوە، کورت دەبێتەوە، هەنگاوەکانت، ڕاست بهاوێژە
بیبیر بکەرەوە، هەنگاوی ئەمڕۆ، سبەینێ دینێتە کایەوە
ئێوەش ئەی ئەندامانی بە شان و شکۆی لەشکرمان
ئێوە ئەی ڕۆڵە هەڵبژاردەکانی... نیشتیمانی جوان
ئێوە ئەی نێوچەوان بەرین، ویژدان هەڵبژاردە
ئێوە ئەی مرۆڤی قارەمان، شێر دڵان
لە ناخمدا ئێستا چ هەستگەلێک، چ ئاوات گەلێک
چ خۆشییەک دەجۆشێ، گەر بزانن چ تاسەهێنێک
گۆرانی گەلێک دەجۆشێ، چاک و خراپیان
واتاو، شیعرو، بیرۆکەو، گیان و وشەیان هی ئێوەیە
هی ئێوەیە، هەرچی هەیە هی ئێوەیە، هەمووی، هەمووی هی ئێوەیە..

***

---

* خرچان: تێکەوتن، دۆڕان.
** یەکیەتی و بەرزبوونەوە (الاتحاد و الترقی) جگە لە واتای ناو شیعرەکە.. ناوی کۆمەڵەیەکی ڕامیاری بووەو لە دوا سەردەمەکانی عوسمانیدا فەرمانڕەواییان بە دەستەوە بووە.

## ماسی گرەکان -١-

– ئەمڕۆ دیسان برسیمانە ڕۆڵەکانم، باوکەکە دەیگوت،
ئەمڕۆ دیسان برسیمانە؛ بەڵام سبەی ئومێدم وایە
ئاو هەندێک هێورتر دەبنەوە.. چار چییە، چارەنووسە

***

– نەخێر، ئاو چەند هەڵچووبن من هەر دەچم
کوڕەکەی دەیگوت، سبەی تۆ هەندێک لای دایکم دابنیشە
بەستەزمانە دیسان چەند ڕۆژێکە نەخۆشە..
– دەبێ،

***

هەندێکیش تۆ کاربکە کوڕم، هەندێکیش تۆ بجوولێرەوە؛
دایکت، باوکت، دوو بەستەزمان، دەسا ئێمە هەر دەمرین..

***

منداڵە بە چاوێکی پڕ سکاڵاوە بیبیری لێ کردەوە:– ئەدی ئێمە
هات و ئێوە مردن؟. ئەدی من چۆن دەژیم..
لەم کاتەدا
لە دەرەوە وەک لەشکرێکی بەگرم و هووڕ
بە تووڕەیی، هەزاران شەپۆل لە ڕۆخی دەدا

***

– سبەی تۆ بەر لە خۆر هەڵاتن تۆڕەکان ئامادە دەکەی؛
ئاگادار بە هەندێ گوریسی یەدەک، تەپەدۆر نەبەی نەچی...
کە بایەوان هەڵدەکەی، هیچ مەڕوانە، گەمەو مەمە بکات؛
بەلەم وەکو منداڵ وەهایە؛ یاری دەکا گوێی مەدەرێ،
لە زەوقی مەدە؛ بەڵام ئامادە بە، چونکە
دەریا وەکو ژن وەهایە؛ قەت جێی باوەڕ نییە ها!

***

دەریا لە دەرەوە بە هاواری درێژ درێژ
تارمایی ژنێکی کەڵلە ڕەقی بەو ناوەدا بڵاودەکردەوە
– سبەینێ کچگەل بە تەنیا دەڕوا، بۆ ڕاوەماسی.. وەها نییە؟
– خۆی داوای چوونی کرد؛ دەڵێ «تۆ لە ماڵدا بمێنەرەوە!»



– ئاگادار بە
ئەگەر بەر لەوەی بگەڕێتەوە من مردم؟
ژنە بەم دوا وتەیەیەوە
ڕاماو حەپەسا؛ ماسی گرو کوڕەکەی بە لا چاوێکەوە
تەماشای لەرزەی دۆڕاوی لێوە ساردەکانیان دەکردو
بێ دەنگییان لێ دەکردو؛ بەم شێوەیە ئەو چارەنووسەیان بۆ یەکدی
دەنواند
کە لەسەر سەریاندا هەڵدەفڕی
لە دەرەوە گەرداو تا دەهات پڕ تووڕەیی، بە جۆش
بە لەرزەیەکەوە کە بە دەوروبەردا هەڵلەرزینی بڵاو دەکردەوە
دەیقریشکاند..
– سبەی گچکۆکە چۆن دەڕوا؟
کە کازیوە بە دەردەکەوت ئەو، تەنیا، بە تەنە بە لەمێکی کۆن و
گوریسە ڕزۆک و بە پینەو گرێوە تێدەکۆشاو؛
بەرەو پێشەوە دەچوو؛ دەریا هەر بەو توندو تیژییەی..
هاژو هووژ پەراسووە ڕەشە هەڵاوساوەکەی کۆنە تەنە بەلەمەکەی
دەکوتی و دادەڕزاند.. ئاخ برسێتی، ئاخ ئومێد
لە ڕۆخدا، خەیاڵێکی سپی لەسەر بەردێکدا
بە دەست گوایە پەنجەی بۆ دەریای بێ پەی ڕادەکێشاو
دەیگوت: «دەبڕۆ بەشت لەو شەپۆلانەدایە، بڕۆ!»
دەڕوا، تەنە بەلەمی تێکشکاوی بەستەزمان دەڕوا، «ڕۆیشتن،
ئەمە بەشتە سا.. هێشتا چاوت لە ڕۆخە.. بڕۆ!»
دەڕوا، بەڵام کۆنە تەنە بەلەمێکی نەخۆش، چۆن بەرگەی
وەها توندیی تووڕەیی ئاوەکان دەگرێ..
دەریا لە ئاسۆدایە، زنە لە ماڵدا گیان دەدا.. دەمرێ؛
باب، لە ڕۆخدا بەرامبەر تەنە بەلەمێکی کارەسات لێیداو
بە باری چاوەڕوانیی سێ شەوەی، بە هەموو لێدانی زیان بەخشی
کارەساتەوە.. بە تاڵ..
بە مشت، لە دووردا شوێنێک پیشان دەداو پێدەکەنێ؛
لە ڕوویدایە.. سکاڵایەکی بە گریەو تاریک و دەنگ نووساو..

***

## ماسی گرەکان -٢-

سینە والآی بەرامبەر هەڵچوونی شەپۆلی ناخۆشی
هەموو گەنجینەیان، یەکەو لە بەلەمێکەوە پێکهاتووە
یەکە و بەلەمێک و پێویستییەکی دوانەهاتوو و نەگۆڕ
ئەم سمێڵ ڕەشە، ڕوو سووتاوانەی تێکۆشەرانی ژین
– کە ژەهری مردن لە هەر تەلێکی تۆڕیاندا – هەڵدەلەرزێ
بۆچی، بپرسن، بۆ سەرزەنشتی تەمەن، سەر دادەنەوێنن؟
چۆن، بە چ هەستێک لەم گەرداوی پەژارەیەدا بەم لاو بەولادا دێن؟.

***

نەخێر، پرسیار جێی نابێتەوە، چینەکانی خوارەوەی مرۆڤ
هەموو وەکو ئەو لێبووکە وەهانە کە.. پێ لەسەر سەر
بۆ سەیر، دەست لەسەر زەویدا دەگەڕێ
بۆ سەیر، بۆ قازانج خەڵکی دەخاتە پێکەنین
لێبووکی بەستەزمان، تێکۆشە تا قایل بی بە ژین
سا ئە ئاوها، ناخت دەگری، بەڵام دەبێ پێبکەنی
ئەرێ تۆ ژینی خۆت بە فرۆشتن نادەی؟.. دەسا دەبێ بمری..

***

## سروودی میللەت

بەسە، بوونمان بە نەزانین و بە زۆرداری جوورا
سینەی پیرۆزی نیشتیمان بێ هۆ ئەنجنرا
ئەمڕۆکە دەبێ پێکەوە چارەیەک بۆ دەردی ببینینەوە
ئێمە برای گیان و برای خوێن و برای شان و شکۆینە
ڕێی میللەتە، ڕێگەی حەقە ئەم ڕێیەی کە گرتوومانە
ئەی حەق، بژی، ئەی میللەتی خۆشەویست بژی هەر بمێنە!
وەرە براکەم، دایکت پێویستیی بە تۆیە، فریاکەوتن بەغار
فریاکەوتن و ڕزگار کردنی ئەو بێبەختە ئەرکی تۆیە
لەبەر چاوتدا سینگ و مل ڕووت، سییس، بروانە نوستووە
بێ ئەو بە ژیان دابنرێ ئەگەر، مردن ئاسانترە
بێگانە هەموو دەم سینەی جوانی دەدەنە بەر خەنجەران



گەر زوو بە فریای نەکەوین لە ناوچوونی مسۆگەرە
زۆرداری ئەگەر تۆپی هەبێ، گوللەی هەبێ، قەڵای هەبێ
ڕاستییش قۆڵی لە چەمان نەهاتووی هەیە، ڕووی پاشەو پاش
نەگەڕاوی هەیە
چاوت لە خۆر مەنووقێنە، هەر چەند تیشکیشی تیژو تارتر بێ
هەموو شەوێک ڕۆژێکی هەرگیز نە کوژراوەی هەیە
ڕێی میللەتە، ڕێگەی حەقە ئەم ڕێیەی کە گرتوومانە
ئەی حەق، بژی، ئەی میللەتی خۆشەویست بژی هەر بمێنە!
باوکت هیچ کاتێک مننەتی بەسەر کەسدا کردووە؟
نەخێر، دوور بێ، لە باوکتەوە ئەم سەرشۆڕییەت بۆ نەماوەتەوە
ئابڕووە لە دونیادا ئەوەی میللەت و تاک دەژیێنێ؛
خۆت ڕاپسکێنە، ئەم گەردی سەرشۆڕییە لە سەرتەوە با هەڵفرێ
ئەو سەرشۆڕییە برمێنە کە مرۆڤایەتی پێ شێل دەکا، بیپلێشێنەوە
بە خودا ژیان ئەوە ناهێنێ کە مرۆڤ لە سەرزەویدا بخشێ
جۆرەهای ناهەقیمان دیت، ئایا ئەمەیە قانوون
کەوتینە ناو خەمناکترین سەرشۆڕییەوە، ئایا ئەمەیە دەوڵەت
ئەگەر دەوڵەتە.. ئەگەر قانوونە.. دەسا بەسیەتی
بەسیەتی سا ئەم زۆرداریە دوونە، ئەم نەزانییە
ڕێی میللەتە، ڕێگەی حەقە ئەم ڕێیەی کە گرتوومانە
ئەی حەق، بژی، ئەی میللەتی خۆشەویست بژی هەر بمێنە!

***

## جەژنی خەلووق

باوکت دەڵێ کە: «کامەرانی بۆ منداڵانە، تەنیا
بەشی منداڵانە! ئەی منداڵی جوان، ببیە؛
بەڵام بە شادیت
چ شتگەلێک بە بیردا دەهێنیتەوە، ئایا دەزانی؟..
ئێستا سترانی جەژنی چەندین منداڵی بێ باوک و بێ ئومێد
لە بەیانی ماتەم دەچێ!
دەسا ئەو ئارایشتانە دەرکە، کامەرانیت پێدەگا

دەركە، هەندێكیش ئەم هەتییوە لەبەری بكا، پێی شاد بێ
هەندێک برازێتەوە
ئەم ڕووە زەردەی زەلیلییە.. بەڵێ، كامەرانییە
بەشی منداڵان؛ بەڵام بە شادیت
ئەم هەتییوە شاد نابێتەوە.. دەگری.. خەلووق، ببیە!
***

## بیرو باوەڕی خەلووق

توانایەکی داهێنەر هەیە، بڵندو پاک و بێ گەرد
پیبرۆز و بەرز، بە ویژدانەوە باوەڕم بەوە هێنا
ڕووی زەمین نیشتمانمەو، ڕەگەزی مرۆڤ میللەتی منە
بەم جۆرە بەوەی كە وەها بیر دەكاتەوە باوەڕم هێنا كە مرۆڤە
شەیتان هەر ئێمەین و جنۆكەش ئێمەین، نە شەیتان هەیە و نە فریشتە
باوەڕم بەوە هێنا كە جیهان بە مرۆڤەوە دەبێتە بە هەشت
لە سەرەتای دروست بوونەوە كەون هەر هەیە و، هەبووەو... دەبێ
بەمە من، بە تەورات و بە ئینجیل و بە قورئان باوەڕم هێنا
هەموو مرۆڤ برای یەكن.. ئەمە خەیاڵێكە..
با وابێ، من بە هەزار گیان باوەڕم بەم خەیاڵەش هێنا
گۆشتی مرۆڤ ناخورێ، ئۆخ.. لە ناخمدا گوتم، چەند باشە
بۆ تاكە ساتێک، باپیرانم لە بیر كرد و باوەڕم هێنا
خوێن زەبرو زەنگ پەروەردە دەكا، زەبریش خوێن پەروەردە دەكا،
ئەم دوژمنایەتییە
ئاگری خوێنە، باوەڕم بەوە هێنا كە بە خوێن ناكوژێتەوە..
ئەڵبەتە، لە پاش ئەم ژیانی گۆڕستانە خەستە تاریكییەوە
ڕۆژێكی ڕووناكی زیندوو بوونەوە دەبێ بێت، بە بڕواوە باوەڕم بەوە
هێنا
لە بەردەمی هونەری ئەو جادووگەرە گەورەیەدا... مێشكت
لەناو دەچێ.. جگە لە ڕاستی چیی دیكە هەیە.. باوەڕم هێنا
تاریكییەكان دادەمركێن و، چرای خودا دادەگرسێتەوە
لە یەک كاتدا وەكو چیایەكی ئاگرین دەتەقێتەوە.. باوەڕم بەوە هێنا



پێوەندو كۆتی قۆڵ و گەردنان دەكرێنەوە
مشتەكان یەكە یەكە بەزنجیری (بەزرڕە) دەبەسترێن.. باوەڕم بەوە هێنا
ڕۆژێک هونەر ئەم خاكە ڕەشە دەكا بە زێڕ..
بە هێزی زانست دەبێ هەر چییەک ببێ.. باوەڕم بەوە هێنا..
***

## خانی تاڵانی

ئەم خوانچەیە.. ئەفەندییینە، كە چاوەڕێی هەڵلووشینە
لەبەردەمتاندا دەلەرزێ، ئەمە ژیانی میللەتە
هی ئەم میللەتەیە كە پەشۆكاوە، هی ئەم میللەتەیە كە لەسەرەمەرگدایە
بەڵام نەكەن سڵ بكەنەوە، بخۆن، قووت دەن و مڵچە مڵچ
بخۆن ئەفەندییینە بخۆن، ئەمە خوانی پێزی ئێوەیە
تا تێر دەبن، تا مڕ دەبن، تا دەتەقن.. بخۆن!
***
زۆرتان برسییە ئەفەندییینە، ئەمە بە ڕووتانەوە دیارە
بخۆن، ئەگەر ئەمڕۆ نەخۆن، داخۆ سبەینێ دەمێنێ، كێ دەزانێ؟
ئەم یانەی خۆشی و نۆشییە تەماشاكەن، شانازی بە هاتنتانەوە دەكا
ئەمە پاداشتی غەزاتانە، بەڵێ ئەو مافەش یەک بە دەس
بخۆن، ئەفەندییینە بخۆن، ئەمە خوانی خۆشیی ئێوەیە
تا تێر دەبن، تا مڕ دەبن، تا دەتەقن بخۆن!
***
وڵاتی بەستەزمان دەبەخشێ، دەبەخشێ، هەر چیی هەیە، سامانی
بوونی، ژیانی، ئومێدی، ئەندێشەی
هەمووو باری نالەباری، ئەوەندە ورشەی بیرەی هەیەتی
دەم و دەست قووتی بدەن، بیر لە حەرام و حەڵاڵی مەكەنەوە
بخۆن، ئەفەندییینە بخۆن، ئەم خوانە گیانبەخشە هی ئێوەیە
تا تێر دەبن، تا مڕ دەبن، تا دەتەقن بخۆن!
***
ئەم خەرمانە كۆتایی دێ، بە دەم ڕۆیشتنەوەوە بفرێن
سبەی دەكوژێتەوە دەبینن، ئەم كوانووەی ئەمڕۆ قرچەی دێ
ئەمڕۆ كە گەدەكان بە هێزن، ئەمڕۆ كە شۆرباكان گەرمن

هەڵلووشن و هەڵقورێنن، فڕکان فڕکان، دەوری دەوری
بخۆن، ئەفەندییینە بخۆن، ئەم خوانە پڕ بژوێنە هی ئێوەیە
تا تێر دەبن، تا مڕ دەن، تا دەتەقن بخۆن!

***

## ئێوارە

دەستی سیاهی شەو کە بە ترسێکەوە
پەردەی ئەرخەوانیی ئێوارەیەکی هێمن دادەدڕێ
کە باری ڕۆژێکی لە ئەستۆدایە، سێبەرێکی پڕ ماندوویی
پێی گرانی ڕەوانەی ئاسۆگەکان دەکا

***

لە نزیک خاڵی ئاوابووندا هەورێکی ئاسمان ڕەنگ
بە نیگای ئاگرینەوە ماڵەکان دەسووتێنێ
گوایە لە دوورەوە ئاسیاوێک بە باسکە ماندووەکانی
دەیەوێ جیهانەکان لە باوەش بگرێ

***

دەنگی شمشاڵێکی بە ناڵە دەوروبەر خەمناک دەکا،
بای نامۆی شەو بە سروودێکی پڕ لەناڵەوە
هەر چەند هەڵدەکا.. لە گۆلدا شەپۆلی پڕ ئەڤین هەڵدەلەرزن

***

ئێوارە، ئەم بارە بە هێمنییەی ژیانمە
بایێکی پڕ لە پەژارە بە سروودێکی بە ناڵەوە
جارجار لە دەریاچەی دڵمدا شەپۆل دەدا...

***

## ژیان

ئەم کۆمەڵەی وا ئەمڕۆ، ژیانی زنجیرەیەک پێویستیی ڕەشە،
ئەمڕۆ کامەرانیی تاسەیەکی بێ ئاگای بەربادە
ئەمڕۆ هەناسە سوارو، ڕیزێک (ئاخ)ی لەڕو لاوازە
ئەمڕۆ مەلەوانی بنی زەوقی ژەهرەکانیەتی،
ئەمڕۆ ئەو مرۆڤایەتییە، کە لە کاتێکدا چاوەڕێی سترانە



لەو منداڵەیەوە کە دەزێ، گریان دەبیێ، ئەم هەڵبژاردەی ئافەریدەیە،
دەزانی چییە کوڕم؟.. لەبەر چاوتدا تەماشای
ئەم لاپەڕە شینە شەپۆلاوییە بکە؛ ئێستا لە پڕێکەوە من تۆ
بگرم و فڕێتدەمە ناو قووڵاییەوە،
هەندێک بیری لێبکەرەوە چ دەبێ؟. ئەگەر ترسیش نەزانی، دیسانەوە
بەرگە ناگری، پەل دەهاوێژی، دەگرییێ؛
قۆڵە بەستەزمانەکانت توانای ڕزگار کردنتیان نییە!
ئەو شتە شینە بە دەم قووتدانەوەتەوە، هات و هاوار دەکەی
بەڵام ناتوانی ڕزگار بی، لەسەر شانەکانتدا دوو دەستی ئاسن،
گران، ئەستوور، هەمیشە ون دەبێ و زیان دەبەخشێ و،
چارەش نییە هەر دادەبەزی.. سا ئەمەیە تەمەنی مرۆڤ
نەخێر، تۆ مەبە میراتگری ئەم ژەهرەی من، ڕۆڵەم،
سبەی، ئومێد دەکرێ، هەنگاوێکی فراوان،
بازێک،– چاک تێنەگەیشتم چییان دەگوت،–
ژیان ڕزگار دەکا؛
مرۆڤ، ئەم چەوساوەیەی کە ئێستا بە ئیفلیجی دەخشێ،
هەنگاو هەنگاو بە ترۆپکی ڕزگاری دەگا..
بڕوا بکە، خەلووق، خۆش بوونێکی هەمیيشەییيە؟ فریو خواردن

***

## شمشێر

ڕۆژانێک لە ژێر چەکوشدا دەڕزێ، دەچەوسێتەوە
پارچە شیشێک تا ببێتە تیغێکی بە سام؛
دواییش سەرتاسەری تەمەنی نوستووی بە خەوتن بە سەر دەچێ
چ ئەشکەنجەیەکی خەمگینە!

***

ئەو پارچە شیشە ڕۆژێک بایەخێک پەیدا دەکا،
دەبێتە پاسەوانی سەربەخۆیی میللەتێکی مەزن،
نامووس و ژیان و سامانی وڵاتێکی مەزن
بەوەوە پەیوەست دەبێ،

***

ئەوسا ئەی پارێزەری هەمیشەیی شان و شکۆی میللەتان
ئەوسا تۆ لە دەستی قارەمانی بەرگریدا بە دیار کەوتنت
نوشوستی بە دەستدرێژکاران دەبەخشێ..
ئەوسا ناکامترین
***
دڵ بە تاسەوە هەستێکی سەرکەوتنی تێ دەڕژێ
چاو هەر چەند تەماشای تۆ دەکەن بە شانازییەوە دەبریقێیتەوە
بە تەماشای تۆ ئەی شمشێری مشت و ماڵ کراو، بە تەماشای تۆ ئەی
بروسکەی سەرکەوتن
بە تەماشای تۆ ئەی چەکی بە شان و شکۆ!.
***
لە مەلا بانگداندا
الله اکبر.. الله اکبر..
بێ دەنگییەکی خوداییە، گوایە سروشت
خامۆش خامۆش خودا پەرستی دەکا
***
الله اکبر.. الله اکبر..
بێ دەنگییەکی ناڵێنە: گوایە جیهانەکان
نهێنی و ئاشکرا، ڕووناک و تاریک؛
هەمیشە بەناو هێنانی ئافەریدەکارەوە خەریکە
***
الله اکبر.. الله اکبر..
بێ دەنگییەکی خوداییە: دڵی سروشت
بێ دەنگییەکی ناڵێنە: گیانی جیهانەکان
هەمیشە بەناو هێنانی ئافەریدەکارەوە خەریکە
بە لەرزەوە، بە لەرزەوە خودا پەرستی دەکا...
***

## هەیکەلی گریان

ئەمە مەرمەڕێک بوو، گەشییەکی مەیبو لە ڕووی سادەیدا
زەردەی دەکرد، ئینجا، هەر چەند نیگای سەرنجتان تێ دەبڕی



بە پێچەوانەی هەموو تاسە خەندەی جارانەوە
بێزارییەکی دڵسۆزانەی پیشان دەدا، بە ناسکی دەگریا
***
هەر دڵۆپە فرمێسکێکی ئەندێشە ئامێز کە لە پێڵووە سپییەکانییەوە
دەڕژا
کە دەهاتە خوارەوە، پڕ لە گەرمایی، ڕووی سەنگینی دەلەرزی،
تەمێک بەسەر نێوچەوانی ئەوین نوێنیدا ڕەت دەبوو
ئەم مەرمەڕە وەکو بڵێی گیانلەبەرێک بوو، گیانلەبەری خەمبار
***
هونەر چییە کە بەسیحری دەست لێدانی بەرد گیانی بە بەردا دێ
چ جۆرە بروسکێکی بەهرەیە کە بە جریوەی ڕەنگدانەوەیەوە
ژیان بەخش دەبێ لە قەوارەیەکی بێ گیاندا؟. زۆر سەیرە!
***
ئەڤینی تۆ چییە ئەی ئەوەی پەیکەری لە گیانمدا داتاشراوە،
ئەڤینی تۆ چییە کە جارجار لە بەستووترین، مردووترین، بۆ شترین
دەمی بێ ئومێدیمدا تەختی بیرم پڕ پڕ دەکا لە شیعر
***

## بۆ خوشکم

– پێشکەشە بە داپیرەم–
ئێمە منداڵ بووین، دەستە بێ خەمەکان تۆیان
لە لمی بەدنمەکدا ناشت
لەو ساوە، بە تاسەو زەبوون
هەر ساتێک ڕوو لە قیبلە بکەم.. دڵخوێن،
تۆ لە کەژاوەیەکدا بە پەلە دەبینم
ئەوجا لە لمەکاندا تۆ.. پەرێشان دەبینم
دڕکێک لەوانەیە نیشانەی گۆڕت بوو بێ
حوشتر گەل، یان بەڵکو سەر لێدەرەکان
کێ دەزانێ، لەوانەشە پێشێلی تەپو تۆز بوو بێ
نە دڕک ماوە، نە سەر لێدەر، نە گۆڕ،
نە تۆش.. هەرچی منیشم ئەمرۆ بە دەردمەوە

هاتووم تۆ بلاوێنمەوە، گوێ بگرە
گوێ شل کە لە هەر کوێیەکدا بی، هەر چییەک بی
تۆز، هەور، گیان، فریشتە، بەرد، یان درک،
لاواندنەوەیەک کە هەموو ئەمانە بە گریان دەخا
ئەمە تاوانێکە کە.. تاوانێک، بە ڕاستی!
تاوانێکە کە قانوونەکان، ئایینەکان
ناویان لێ نەناوە، بەڵام ویژدان،
ئەو فەرمانڕەوا گەورەیە، ئەو قانوونە ڕوونە
فەرمانی دەردەکا: لەعنەت؛ نەفرین!
تەنیا بەم لەعنەتەوە ئایا بێ ئارامە ویژدانت؟
بپرسن لەو بێ فەرانەی وا ئابڕوویان پێ شێل کرد
بەم نەفرینەوە، بەڵێ، ئایا بێ ئارامە ویژدانت؟
بپرسن لەو بکوژەی کە ئەم داوێن پاکییەی ژەهراوی کرد
خوشکی بەستەزمانم! مرۆڤ تا بە بیریدا دێتەوە
لە کۆتاییدا ئەم سەر گوزەشتە خەماوییەی وا بە خوڵ بووە،
بەرگەی ئەم سەر سووڕمانە کەڵەکە بووە هەژدە ساڵییە
ناگرێ.. دەسا ئەمە تا بەمجۆرە بڕوا
کە چاکەکانت یاد دەکەمەوە ناخم خەریکە ژەهراوی دەبێ
هەوەست بەغار پێش چاکە کارییەکان دەکەوت
لە منداڵییەوە هێشتا بە لای چاکە کاریتدا دەشکاند
خاوەنی بەرزیی دڵ و بەرزیی ئەندێشە بووی
لە سەرەتادا ئەوەی فێرە شیعری دەکردم تۆ بووی؛
لەگەڵ منداڵیشتدا گیان سووک و ژیر بووی
گیان سووک و ژیر بووی، ئەگەر بەر ئەم خێزانە نەکەوتیتایە
لەوانە بوو لە مێژووی ژناندا یادێکی گەورەت بمایەتەوە
بەڵکو وەچەکانت لە سایەی ئەودا دەژیان
تۆ دانەبەزیت، تۆیان داگرتە ناو ئەو سەرەنوێلکە،
تۆ نەمردی، تۆیان کوشت، ژنی بەستەزمان!

***

کوشتیانی.. ئەمەش نەک ئەمڕۆ.. ئێستا ڕووی نەدا



لە مێژە جوانیی لاوێتیت، گیان سووکیت
دڵت، ژنایەتیت، ئابڕووت، حەسانەوەت
ساتێک ئەو ناپاکە لە ئەنجنینی ماندوو نەبوو
لە ژێر نینۆکی قوڕاویی دڵڕەقیدا کۆتاییت هات
نینۆک، قوڕاو، شەقازللە.. ئەم سەنگە بەشی تۆ نییە
ئەی ئابڕوو پیرۆز، ئەی جوانیی پەردەدار
ئەی خەندەی هەڵهاتنی ئابڕوو، دەست لێ نەدراوی دەمامک گوڵ
نینۆک، قوڕاو، شەقازللە.. دواییش تەمەنێکی بە نیاز
نینۆک، قوڕاو. شەقازللە.. دوایی لە ناوچوونی هەتا هەتاییی ناو گڵ!
ئەڵبەتە بەشی سەرشۆڕی هی ژنایەتی نییە
ئەڵبەتە ئومێدی فریشتایەتی زۆرداری و بەدکاری نییە
ئەڵبەتە گەر ژن بێ نرخ بێ مرۆڤ نزم و سووک دەبێ
بەڵام ئەمڕۆ هەموو، پێکەوە، ئەندێشە
خەفەت، ئازاردان و دەرزی ئاژن کردن هەموو بۆ ئەوانەیە
خوشکی بێچارەم داڕزایت و لەناو چوویت، وا نییە؟
لە کۆتاییدا تۆیان داڕزاند، تۆیان کوشت
من ویستم لە کاتی بنیاتنانیدا ئەم گۆڕە بڕووخێنم
کە چی تاوان نەیهێشت: بە دەستی بە هێزێکەوە بوو
دۆزەخی.. تاریک، ورشەدار بەڵام بەدبەخت
دابەزینتم بینی بەناو ئەو دەورو بەرەدا کە گۆڕ بوو
بە تەوزمی، وەکو بخشێیت هەنگاو هەنگاو دابەزیت
من بۆ ئەم بارە دوای تۆ، دەزانن، گەلێک گریام
لەو ئاسۆگەیەدا کە تێیدا بەجێ مایتەوە..
بە نیگا گەرمەکانمەوە، لە دوورەوە، تەنانەت ماڵئاواییم لە ئاوابوونیش کرد
نازانم هەنووکە بۆ کام جوانیت بگریێن..
تازە لاوێک کە نابووت بکرێ و بەرێ بکرێ، ئەمە داخێکە
هۆیەکانی نابووت بوون هەریەکە و جۆرە چەپۆکێکە
بەڵام داڕزانی ئەم تازە لاوە لە کاتێکدا کە دڵێک بوو
شایانی ئەڤینی هەمیشەیی.. لە نابووت بوون گرانترە!

جارجاریش کارەسات چاکەهێن دەبێ:
ڕزگارت بوو دەسا، لە مردنی هەر ساتەو هەزار بارە
کوشتیانی بەڵام.. تەنیا ئەوەی دەمهەژێنێ؛
مردن نییە، ئەم کوشتنە لە هەمووی خەفەت هێنترە،
بۆ ئەوانە پتر پەشێوم کە چێشتت،
بە ناوی تۆوە ئەی هیچ و پووچێک کە بوونیت سووک کرد
هەڵیبگرە با ئەو ژەنگی شەرمەزارییە لە کێلی ببێتەوە
سێبەرت خەریکە ئەم نێوچەوانەی گەواهییە ڕەش دەکا
ئەی نەفرینێک کە بووەتە دوومەڵی ژیان، لاکەوە
سابا لەناو گلّدا گیانی بێ گەردیی نەیێتە ناڵین
ئێوە کۆببنەوە لەسەر ئەم تەرمە ڕێز لێ گیراوەدا
ئێوە، ئەی سکاڵاکانی هەمیشەیی ژنایەتی،
ئەی گریەی ترسۆکی بێ دەستەڵاتی و سووکی
ئێوە خڕببنەوە و بابگرییێن.. ئێوەن ڕاستترین و
نزیکترین و ڕەسەنترین ئاشنایانی ئەم پرسەیە!
***

## بەدەم ژیانەوە

بەڵێ، وەها بە چنگە کڕێ بە دەم ڕەت بوونەوە بەم چیایانەدا
بەڵێ، لەسەر ڕووی ئەم شەپۆلە بێ بنانەدا
تێکشکاو، گوم بوو، ئاوارە، بێ بایەخ و داماو
بە دەم چەوسانەوەوە غلۆر دەبمەوەو.. دەمەوێ غار بدەم
***
لەبەر دەممدا شەوێک، تاریکاییەکی قووڵی لاجیوەردی،
هەر دێت و قووڵتر دەبێ کە دەمبینێ هەڵەداوان لە ڕۆخیدا؛
قووڵتر دەبێت و پێدەکەنێ.. من، نەخۆش و بێ ئارام،
تەکان دەدەم بۆ بە دەست خستنی ئەم سێبەرە هەڵفڕیوە..
***
ئەو سێبەرە نادیارە ڕێ کردووە، ئەو شەپۆلانە، ئەو چیایانە
هەر یەکەو نموونەی هیوایەکە کە لە ڕێگەتدا
دەیانبینی بڵند و تەڕ و تازە، پەلە دەکەی؛



هەموو ماندوو بوونە، بەڵام ناکرێ پشتگوێ بخرێ
***
تەنانەت لە ڕۆخی گۆڕیشدا بێ! ئادەمیزاد ژیانی خۆشدەوێ
***

## دوا ئاواز

بە سەر سەختیی منداڵێکی تازە ئومێدەوە
لەم ڕەبابە شکاوو تووڕ دراوەمەوە
سروودێکت ویست.. چاکە، گوێ بگرە؛
ببیە تاری تێکشکاوی گیان،
ببیە سکاڵای گیانی زامدار؛
بەڵام لە خەمباریم مەڕەنجێ.
***
خورپەی گەڵاڕێزانی دۆڵێک
بە ناخی پڕ لەناڵەی خەزانی
دارستاندا چەند بە خەمناکی ڕەنگبداتەوە
***
هەر بەو ناسکییە، زیان لێ کەوتوو و سەر سام
ئەمێستا نووزەیەکی گەڵاڕێزان هەست پێ دەکرێ
لە لەرزەی ڕەوانیی شیعرمدا..
***
کوا تاسەی بێداری جارانم،
کوا ئاوەزە پڕ لە ئارەزووەکانی جارانم؟
ئەمێستا بیرەکانم خەون مردوویێکن..
دەبلێ، ئەی منداڵی پڕ ئومێد، بەڕاستی
پێیت وابوو کە سروودێکی ژیان
لە تەلێکی مردوودا دێتە لەرزین؟..
***

## هێلانەی لاڵ

لە ناوەندی دەریادا گچکە دوڕگەیەکی قەوزەبار،
لە ئاسۆدا ڕیزە چیایەکی دیمەن ئاسنین،
لە ڕووی دامرکاوی هێمنی پەروەری دەریادا
ڕەنگدانەوەی مانگێکی دیقدار یەکبینە هەر دەگری

***

ئەوەی دەیبینێ وا دەزانێ کە ئەمە گۆڕستانێکی نهێنی گەلە
بێ دەنگی بەڕادەیەک لە دەریای بێ وەستان و، لە ڕۆخدا بڵاوە
ساردیی پرسەئامێز لە دڵی پەیکەرەکاندا،
لە هەر لایەکی ئەم تابلۆیەی نابووت بوونەدا دیارە

***

بەیانی دەبێتەوە، ئەو ساردییە دەڕەوێتەوە،
کەچی هەناسەیەک هێمنیی مێژینەی شوێن تێک نادا
تاکە گواهییەکی پەزارەی ئەم تابلۆی نابووت بوونە
پاشماوەی شارستانی، هێلانەیەکی لاڵە..

***

## سبەی -١-

«تێکۆشە، تێکۆشە کە بەڵکو بۆ حەسانەوەی سبەینێ
سوودێک لەم تێکۆشانەی ئەمڕۆت دەبینی..»
سوودێک.. سبەی.. بەڵکو.. من کە بەم بەڵێنە دوورە
کە ئەم وشانە ڕایدەگەیەنن.. هەڵبخەڵەتێم..
ئەوەندە منداڵۆکە نیم کە زەوقی ئەمڕۆم بۆ کامەرانییەک.. بێم و
تێکبدەم،
کە لەوانەیە بیبینم، دواییش بەو شێوەیە کە
منداڵێک بە دەستی خۆی ئامرازێکی یاریی بە نرخی دەشکێنێ و
ئینجا هەناسەی بۆ هەڵدەکێشێ و گریان دەبارێنێ؛
دەمەوێ لەسەر ئەو گەلایەدا
کە ئەمڕۆ لەبەردەممدا کراوەتەوە، وێنەی ژیانی تەمەنی
ئەمڕۆمی لەسەر تۆمار بکەم؛ سبەی،



ئەوە کۆرپەلەیەکە لە ئەمڕۆوە نازێ...
چۆن ئەم دەمەم بە قوربانی داهاتوو دەکەم کە
باری ژیانی ڕابوردووم ناتوانێ نوێ ببێتەوە؟..

***

ئەو ڕۆژ بە قووڵی بیرم لێ کربووەوە، خراپ ماندوو بووم و،
گوتم: ئەگەر بەم جۆرە بێ سوود بێ بیر بە غارخستن
«هەموو ڕاستییەکان بە بێکارەییم پێشێل بکەم
«با هەندێکیش حەسانەوە ڕەچاو بکەم!..»
لەم سەفسەتەیەوە سەرم وەکو سووڕ بخواتەوە وەهابوو،
دەڵێی سەرخۆش بووم؛
گەرماییش بە جۆرێکی دیکە کاری لە شل بوونەوەم کردووەو
خەریک بوو بێ تین و بێ تاو بەسەر ئەو جێیەدا بەربیمەوە کە لێی بووم
کە لە ژوورێکی دیکەوە... خۆشییەک
دەنگدانەوەی بێداریی خەلووق هات و ڕژایە ناو ئامێزمەوە..
– نەخێر منداڵە پەرییەکەم، هەر چیم گوت هەمووی درۆ بوو،
من ئەوەندە بوونەی کە ماومە، شادیم بەخت دەکەم، بۆ گچکە
تاسەیەکی
ساواو نازداری تۆ،
سبەی ڕاستی لە چاومدا بە تۆوە گەورە دەبێ؛
ئەمڕۆ دەبێ بۆ زەوقی سبەینێت تێبکۆشم..

***

## سبەی -٢-

سبەی! هی تۆیە ئەم تازە بوونەوەیە، ئەم شۆرشە
ئایا هەموو شتێک هی تۆ نییە؟ کە تۆ ئەی لاوێتی!
ئەی ڕووی گەشی هیوا، سا ئەوە وێنەت
لەبەردەمتدا ئاسمانێکی بەیانییە، ساماڵ و بێ هەور،
ئامێزی لەرزەداری والا چاوڕوانە، پەلە بکە
ئەی خۆرهەڵاتی خەندەزادی ژیان، ئەوە چاوی
هەموو کەسێک لە تۆیە، تۆ کە ئومێدی ژیانی

له نێوچەوانتدا ئەستێرەیەکی نوێ، نەخێر، خۆرێک
دە هەڵبێ بە ئاسۆکاندا، بابە یەکجاری بکوژێتەوە
ئەم ڕابردووە پڕ کارەساتەی لەپێشتدایە
با بە یەکجاری بکوژێتەوە ئەو دۆزەخە، ئەمڕۆکە تۆ
نیشتیمانێکی ئەوەندەی بەهەشت جوانت هەیە، ئەم نیگا
پیرۆزەییەی ئەم کیژۆڵە شەن و شۆخ مروارییەی کە دەیبینی
کێیە، ئایا دەزانی؟ بەرگەی ئەوە دەگری کە چاوێکی بێ ڕێز
ئێستا -خودا نەکا- ئەگەر بەچاوێکی نزم سەیری ئەم ڕووە بە نازەی
نیشتیمانت بکا؟
ئایا دەتەوێ؟ -دەستێکی چڵکن ناڵێم- بەڵام دەستێکی بێگانە
بۆ ڕێزی نێوچەوانی بێ گەرد و گرانی ئەم ڕیش سپییە درێژ بکرێ؟
ئەم گۆڕستانە
قایل دەبی، ئەم سەرسەرییە بەردبارانی بکا؟
ئەڵبەتە، نەخێر.. ئەو گۆڕستانە. ئەو نێوچەوانە بەڕێزە
هەر یەکەو نموونەیەکی پیرۆزی نیشتیمانن، نیشتیمان
لەسەر ئەستۆی مرۆڤە بە جەرگەکاندا بڵند دەبێ
لاوینە! هەموو ئاواتی نیشتیمان ئێستا بە ئێوەوەیە
هەموو شتێک هی ئێوەیە، نیشتیمانیش هی ئێوەیە، سەربڵندیش هی
ئێوەیە
بەڵام لەبیر نەکەن، ڕۆژگاری توندو دڵنیا
بە هەنگاوی بێدەنگەوە بە دوامانەوە دێ
لە پێشمانەوە غاردەدا، بەڵام دیسانەوە بەوردی
شوێن پێ هەڵدەگرێ، بەرەو قوولایی ڕێ دەردەکات و
کەس پێی ناکرێ بەرەنگاریی بکا..
ئەگەر شەرمەزاری گلەیی ئەو بین، مخابنە! ئەوسا
گوتم: «سبەی هی تۆیە!:»، کەوتیتە چەپڵە لێدان، نەخێر!
هیچ شتێک هی تۆ نییە، سبەی ڕاسپاردەیە لەلات،
هەموو شتێک ڕاسپاردەیە، بەتۆ، ئەی لاو، لە بیر نەکەی کەوا
داهاتووی سکاڵادار لە تۆش داوای سەرەنجامێک دەکا
ئێستاکە تۆ بە هوشارییەوە سەیری ڕابوردوو دەکەی



داهاتووش بەم جۆرە بە گومانەوە تەماشات دەکا
تۆ ڕۆڵەی نەتەوەیەکی کە هەر ئەندامێکی
بە گەردەلوولی پێویستی گەلێکەوە جووڵاوەتەوە
ئەمەت لە بیر بێ هەمیشە و هەمیشە
سەردەمەکەت، لەبیر نەکەی، کە سەردەمی فەڕو پیتی بروسکەکانە
لەهەر هەورە تریشقەیەک شەوێک، سێبەرێک سەرەوژێر دەبێ
ئاسۆیەکی بڵند بوونەوە دەکرێتەوە ژیان بەرز دەبێتەوە،
ئەوەی بڵند نەبێتەوە دەکەوێ: یان بەرزبوونەوە یان نزم بوونەوە!.
دەبێ بەرزبیتەوە، نێوچەوانت بەر ئاسمانەکان کەوێ
مرۆڤ هەست بە مقۆمقۆ ناکا غاردە بۆ بەرزییەکان
تنێکۆشە و خۆت ماندووکە، بیر بکەرەوەو بپشکنە، ببینەوە، ڕاکە،
تێکەڵ بە، هاوار بکە
کاتی وەستان بەسەرچوو، ڕۆژگاری تێکۆشانە..

## ڕستەی مانگاکان

### -١-

زستان بەچاوە مەیبوەکانیەوە، بەڕوخساری ساردیەوە
مەبەستی دوورکەوتنەوەی هەیە، بەڵام وەکو دوورنەکەوێتەوە وایە!
هەورەکانی، دادەپۆشێ، دەیانڕەوێنێتەوە، دەڕوانێ، دایاندەپۆشێتەوە
ئەم ڕەنگە ڕاڕایە، ئەم نازونووزە.. زۆر دەکێشێ...

***

مەل، بێچووە مەلە بەستەزمانەکان لەم ڕەوشتە
سەرسام دەبن، پەنا دەبەنە بەر گوێسوانەکان
دیمەن هەرساتە و بە گۆڕانێکی ساردەوە
کەساتێک لەوەوبەر بەفریو خواردنەوە دیار بووە..

***

سەرسامی بۆ گوڵان دەهێنێ، ئێستا نیگایەکی بەخەندەیە،
ئێستاکە ڕوویەکی بێزاریی بەگریەیە،
لە تاوێکی دەگمەنیشدا کامەران و هەڵچووە..

***

درزیو نییە ، بەڵام ڕوویەکی ناخۆش کە
لەبەنازترین هێڵەکانیدا وێنەی نیشانەی زبری و درشتی.. کێشراوە
بارێکی هەمیشەیی ژنێکی بە دەمارو سرک.. کێشراوە..

-٢-

خولیایەکی باڵدار بەسەر چڵێکی گوڵدارەوە نیشتووە
خامە ، دەیەوێ بەم وێنەکێشانە سادە نەقشەیەوە
باسی بەهار کورت بکاتەوەو ، بە بەرکەوتنێکی ئەو شەرمەی
ناکاو لە پەلکۆکەکاندا پەیدا بووە
لەم زات کردنە ئاوارەیەی شەرم دەکا..

***

بەڕاستی ئەوە چ هەرایەکی تازە بوونەوەیە
کە بەهەموو لق و ڕووکار و مەلەکانیەوە
هەڕمێن بەم کۆنە گڵە دەدا ، کەهەر دوێنێ بوو
بەدەستی زستانەوە بێ هێز کەوتبوو
ئەمڕۆکە دەبینن سروشت بەگەش بوونەوەیەکی پشکووتنەوە پڕە

***

ئاو دێنە خوارەوە، بەرخەکان یاری دەکەن، لەخۆشیدا
وا دەزانن کە ژیان سەما دەکا ، بەرەبەیان
لەناو ورشەی باراندا خەندە بڵاو دەکەنەوە
بەم خەندەیە گوایە ، گیانی بەهار پشکووتووە
نیسان لەسەر لێوی لولوپەڕێکی زەرددا دەزێ

-٣-

مایس کچێکی لادێییە ، خاوێن و دڵبەر، شۆخ و سەوداکار،
گوڵەکان.. مەلەکانی بەدەوروبەردا پۆل پۆل و ڕەنگاو ڕەنگ
گوڵەکان کە لە خەندەیانەوە دەپژێ ڕەنگی ڕەونەقدار
مەل گیانی بە ئاهەنگن، بە ئاوازی تاسەوە هەڵدەفڕن

***

نێرگزی ڕووناکی چاوەکانی، شادن بە تازەبوونەوە
گوڵە گەنمی بسکی بۆنداری تاڵانی چالاکێن



سینەی ڕووتی گوڵ گرتووی لەرز لێ کەوتووی خۆشەویستییە
مایس کچێکی لادێییە ، شۆخێکی دڵداگیرکەری سروشتە

***

مایس کچێکی لادێییە کە، خاوێن و دڵبەر، شۆخ و بێ ئارام،
کەژاڵەکان لە بەیانی بەهارانەوە گوڵچن بووە... زاوە
کە دەغڵ بە زێڕینترین لەرزەی ئەڤینەوە دەلەرێتەوە
بەستەزمانە ، ئێوارەیەک لە ورشەدارترین دەمی تاسەیدا دەکوژێتەوە

-٤-

لە سایەی ئەو درەختانەدا ، کە لایەکی
کێڵگە مەڵۆ زێڕینەکان دەخەملێنێ، بە بێ ئاگا
بە ئەندێشەوە ڕاماوە!
لادێیی شاد! بریقەیەک نێوچەوانی گەرد لێ نیشتووی
دەلاوێنێتەوە کە.. ئاژەڵانەو خەندەوەر
لە پشت بەشتێک بەستن دەچێ..

***

وەرە خۆشەویستم، لەم پەچە تاریکەوە
بۆ ساتێک هەڵبێین.. بڕوانە ، هەموو لایەک شایانی
تەماشا کردنە
تا «لادێییە شادەکان!» بینە سترانبێژ
لەبەردەمماندا دەغڵەکان دێنە شەپۆڵ دان پڕزەوق، پڕ ئارەزوو

-٥-

نێوچەوانی بە قۆڵی کراسە شینەکەی دەسڕێتەوەو ،
ماندوو مردوو ، کچە لادێییەک
لە کێڵگەدا دەگەڕێ..

***

بۆ هێشوو چنین دەرچووە، دیارە
لە تەوقی سەرەیەوە خۆر پڕ جۆش
تیشکی ئاگر بڵاو دەکاتەوە

***

دەچەمێتەوەو ڕاست دەبێتەوە، بەبێ پشوو

لەزەوییەوە بژێوی ژیان کۆ دەکاتەوە
لەو پیتەوە کە خاک داویەتی

***

دەمێ بە نیگایەکی میهرەبانییەوە سەیری
بەجەرگیی دێو ئاسای مێردەکەی دەکا.. یان
بەخۆشیی منداڵانەی کیژەکەی دەکا

***

ئەم شادییە وا دیارە بەسە؛
خێزانێکی بەهێز و، بەرهەمێکی چاک
شتی دیکە بیری خەریک ناکا

***

ئەو خێزانە گچکەیەیە،
بە میهرەبانیی، یان بە دیاریی ئەم ڕەنجە کەمە
ساڵێک ئەم خەڵکە بەخێو دەکا

***

بە من بێ پەیکەری تەمووز ئەمەیە،
کچە لادێییەکی چارشێو شینی ئاسمانی
لە کێڵگەدا کار دەکا.. ماندوو مردوو

**-٦-**

هەوایەکی فێنک کە مەستی مەندییە
لە کاتێکدا کە دەوەستێ گشتگیر و بێ سنوور
بە هەستێکی ناخۆشەوە وەکو بڵێی لەرز دەیگرێ

***

ئاوازێکی نەخۆش، کە ماوەی بە سەرکەوتنی نییە
دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێ، تێکەڵ بە فرمێسک
ئەم کوژاوەیە
هەر ئەو دوایین وەرزەیە...

***

ئەم ئاوازە سارده دەڵێ: «ئەی تەمەنی بە ناڵە
ئەی بێ سوود... وەرزی سروود بە سەرچوو



تۆ کە چاوەڕێی هاتنی بەهاری
هاوین ماڵاوایی لە ژین دەکاو دەڕوا،
تۆ لەبەر دەستی پایزدا جێ دەهێڵێ..

**-٧-**

هەر کاتێک کە ئەیلوولی زەردو گیانە لا کەر
لەگەڵ هەورەکانی گریاندا بێتەکایەوە
ئەم شیعرە خەمناکە بیرم دەگرێێنێ
من ئەم لێکچوواندنە بە گریەیەم زۆر خۆشدەوێ
لە کاتی کۆچی کچێکدا
- لەو خەندەی جوانییەیدا کە دەگەڕێ-
لە تێدا چوونیدا باری خۆی ڕادەگەیەنێ
«ئاه، من پایزم زۆر خۆش دەوێ!».

**-٨-**

لە سێبەری پەریشانی هەنیسک پەروەری
دار خورمایەکی گەڵا ژاکاوی پایزدا
دانیشتووە، نەمامێکی شۆخ هەموو ناخۆشیی
لە ڕووی دڵبەریدا دیارە؛
لە دەفتەریدا لە شیعرێکی گریان دەگەڕێ

***

لەگەڵ خەمی دەوروبەردا باری گونجاو.
هەندێک ژاکاو، هەندێک مەستی دڵداری،
ڕازی بێزاریی پەلکە هەڵوەریوەکان
گوایە لە نێوچەوانی ڕوونیدا دیارە
لە نێوچەوانی ڕوونیدا دیارە خولیا..

**-٩-**

ئاوارە سەر دەگەڕێ جووڵانەوەی با پڕ لە تووڕەییەوە
گەڵاکان هەریەکە لە پەپوولەیەکی سەرخۆش دەچن..

لقە شکاوەکان، هەموو هێلانەکان بەسەر سوورمانەوە
لە پەنجەی زۆرداریی پایزدا گیرۆدەی خەم.. دەگریێ
***
بە نیگای مەییوی لەرزە بەخشی زستان ڕەنجاوە
مەلی بێچارە لە پەنایەکی نەوبەهاری دەگەڕێن
نەخۆش، ڕووت، لەناو نوێنی سەنگینی خاکیدا ڕاکشاوە
لەشی سروشت لە دەرمانێک، لە پیت و فەڕێک، لە زیندووکەرەوەیەک
دەگەڕێ

**-١٠-**

هەموو جێیەک سپییە، لە شپێچی مردووان دەگەیەنێ
لە ژێر یەکپارچە سپێتییەکدا تەرمی خاک
لە ژێر یەکپارچە سپێتییەکدا هەڵلەرزیو
هەموو شتێک چاوەڕێی دواهاتنی کارەساتی بەفر دەکا
***
گوایە ئەوە ڕەنگی خامۆشیی ئەو چاوەڕوانییەیە
چەند قەلەڕەشکەیەکی بەدنیگا - وەکو تارمایی لە ناوچوون-
لەم شانۆیەدا کۆمەڵەیەکی ڕەش پێکدەهێنێ؛
ئەمانە نموونەی ڕازی دەروونی زستانن

**-١١-**

دیسان بەفر... بە خامۆشییەکی مەییوەوە
دیسان هەموو جێیەک بێزارو ئاوێتەی مەرگ،
پەردەیەکی شەختە بەستوو، دەمامکێکی کەللەڕەق
ڕوخساری ئاسمانەکان لە چاوی سکاڵاکاری مرۆڤ دەشارێتەوە
نیگای نیازی بەر دەرگای خودای مرۆڤ
بە ترسێکی ساردەوە دەلەرزێ
لە سێبەری ئەو پەردە مەییوەدا..
***
ئەوە سا دوو پەیکەری هەژاریی نەگبەت



ڕووت و لاوازو ڕاماو
- لە هەر لایەکی ئەم تابلۆ خەمناکەوە
ڕەنگی مردن شەپۆل شەپۆل دێتە خوار!-
***
دوو بێدەستەڵاتی لاوازی بە لەرزە،
دوو پێکراوی سکاڵاکاری ژیان
بە دەستە قڵێشاوەکانیانەوە دەپشکنن
لە سەرانگوێلکدا لە ژیان دەگەڕێن

**-١٢-**

وەرز وەکو ماڵاوایی بکا وایە، لاوازو بێ دەرەتان،
دوا لەرزەی باڵی.. بەفر، هیوا بەسەر خاکی
نووستوودا دەبارێنێ
بە سێڵاوەکانەوە سینەی چیاکان شەقار دەبن
هەر شەقارێک بە هارێکی ژیان بەخۆوە دەگرێ..
***
لێکەوتنی هەر وەرزێک، دەبێتە سەرچاوەیەکی
بووژانەوەی وەرزێک دی
هەر چەند کە تەماشای پەیدا بوون و لێکەوتنی وەرزەکان دەکەم
ئەی بەختی مرۆڤ،
نازانم بۆچی ئازار دەچێژم و، بۆ تۆ دەگریم
***

## لەناو گوڵاندا

شعرم بە ئاسمان دەشوبهاند، سڵم دەکردەوە؛
خەیاڵم توانای هەڵفڕینی نەبوو؛
ڤینت لەرینەوەیەکی بە تامی بۆ گیانم هێنا،
ئەوسا هەستم بە جووڵەی شاباڵی خۆم کرد.
***
سا بەو تاسەیەوە دەبم بەستران ساز،
هەر وتارێکم، ئاهەنگی شیعر ڕادەگەیێنێ؛

ڕازی ناز بە دڵە خەمبارەکان ڕادەسپێرێ
هەڵچوونەوەم ڕەوانبێژییەکی نازەنینی هەیە..
***
بە کورتی تۆی لە جیهاندا سروش دەری پیت و فەڕم، تۆ
هەموو شنەی نیانی ئەڤینتە وا
پێلی پەرێشانی شیعرم دەگەیەنێتە ڕۆخ
***
خەندەیەکت بوو بە چەمکێک کە بە بیردا دێتەوە
سا گوتم: با بنکەی لەگەڵ ڕەوشتی شۆخیدا بگونجێ؛
ناوونیشانی شیعرەکەم تێکەڵ بە گوڵان کرد.
***

## بەیانیی بەهاران

با ناسک و، دەریا مەندو، ئاسمان مەستە،
سێبەری تەنیایی جێ جێ لە شەپۆل داندایە
دانیشتن لەسەر چیمەندا قۆرخی خەم و شادییە،
بەرەبەیان بە سەیری ئاسمان و بیابانەوە ڕامام
***
وەکو تارای جوانیی هەتاوڕوویەک
بوونەوەر هەموو نوقمی تەمێکی تەنکە
ئەو بە تارایە وەکو تیشکی بەرزی جوانی
ورشەبەخشی نیگا بوو ڕووناکیی گوڵاڵە ڕەنگی شەفەق
***
کاتی بەیانی دەمی ناسکیی سروشتە
ئەو کات بێدەنگی فەرمانڕەوای بێ سنووری سەردەمە
کاتی بەیانی، ئەوە ساتێکی پڕ ناسکییە
ناسکە، تەماشای هەر چییەک بکەی: ئاسمان، یان ڕووبارێک
***
مەلی هەڵفڕیو، خونچەی کراوەی دڵفڕێن
– خونچە کە هەریەکە و خەندەیەکی پشکووتووە–
هەور، شەونم، تەنانەت ئەو دڵۆپە گەوهەرە



ناسکە، تەماشای هەرچییەک بکەی، ناسک و خەمبارە
***
بە بڵاوبوونەوەی ئەم خەمە ناسکەوە دڵ،
دڵی کەیفبەخش و گریە زۆرکەرەوە چیی بە بیردا دێتەوە
بێدەنگی تا دەوروبەر خۆش دەکاتەوە بولبولێک
بە سترانەی ئەڤین لە دڵاندا جۆش دەدا
***
بەیان بەسەردەچێ، دارەکان هەموو سەری بۆ دادەنوێنن
شەماڵ کە تا دەست بەسەر هێلانەکاندا نەهێنێ ڕەت نابێ
کچانی بەهار بە ڕووخۆشیی شێدار دەبێ
کیژانی بەهاران کە زەوی بە بەهەشت دەگێڕن
***
بەڵێ خونچەکان، ئەو ئەستێرە عەنبەرینانە دەستەبەرن
کە ئەم خاکە، ئەم شەوە ڕەشە ڕووناک بکەنەوە
ئایا ئەم بەیانە تازەیە کە پڕ لە پیت و بێ هاوتایە
بە خۆشیی ئاسمانییەوەی، دێتە وێنەکێشان
***
ئەم بەیانە تازەیە، ئەم جوانیی دڵبەرە نۆبەرەیە
ئەم مەلە بێچووە، ئەم نەمامە ناسکە تازە پێگەییوە
هەموو ئەم دیمەنە، ئەو ڕووە مانگە
لەناو تاریکیدا، لەناو تاریکی و بێ دەنگیدا.. بۆمن دەنوێنن
***
کە جودابوونەوە لەو، لە ناخمدا دەبێتە ژەهر پەخش
چاوم چۆن شوێنەواری بەیانی بە تاسە وەردراو دەبینێ؟
ئەم ڕەنگانەش ڕەنگی ئەون ئەگەر بەچاو تەماشا بکرێت
ئەم ڕەنگانەش ڕەنگی ئەون بەڵام نابووت..
***
ئەمە ئەستێرەیەکە کە تاکە ئارایشتی ئاسۆیە
نامۆ بە خەم و بە بێدەنگییەوە بەرچاو دەکەوێ؟
چاوی پڕ لە هەناسەی ساردی ئەو شەوە خۆشانەن کە ڕابوردن..
کە لە دوورەوە بە جیهانی سیحردا دەڕوانێ
***

بەڵام چی هەیە شایانی هەناسە هەڵکێشان بێ لەم جیهانەدا؟
من ئەمڕۆ توانای دەستنیشان کردنی ئەوەم نییە
لە هەر ساتێکدا، لە هەر هەناسەدانێکدا هەزار خونچە دەژاکێ؛
منیش گوڵەکەم ژاکا، خونچەم.. ئاە.. دەرد زۆرن!
***
ئەو خونچەیەی کە لە هەر هەناسەدانێکدا دەژاکێ،
لە هەر هەناسەدانێکیشدا دەپشکوێ؛
بەڵام گوڵی من ناپشکوێ، ئەوە خونچەیەکی نامۆیە
بەهار دێ، دیسان ڕەنگ و گیان بە سەرخاکدا دەپرژێنێ
بەڵام گوڵی من سا هەرگیز بەهار نابینێتەوە!
***
ئەوەی کە پێی دەڵێم (گوڵی من) پەرییەک بوو، دڵبەرێک بوو
منداڵ بوو کە لە نیگای نادیاریدا.. دیتبوومەوە
هەر چییەک هەبێ بۆ دڵێکی خەمناک چالاکی بێنێ؛
بە پیت و فەڕی تاسەی ئەوەوە من بوومەتە شاعیر..
***
لە کاتێکدا کە بە خۆشیی بەو گەیشتنەوە بوومەتە شاعیر،
چۆن توانای وێنەکێشانی لێ جودا بوونەوەیم دەبێ؟.
ئەم دڵۆپە فرمێسکە ئاگرینانە لە هەمووی زمانپاراوتر دەبێ
بۆ دەربڕینی خەم و داشکانەوەم
***
بەڵێ، ئەم شیعرە تەڕە لەو مانگرووەوەیە،
نەخێر، ئەم تاریکییە پەیوەندییەکی بەو مانگرووەدا نییە
بڕوانە زمانی حاڵم، قسەکانم زیادەیە؛
بڕوانە فرمێسکی ئاڵم کە بێ سنوورو بێ پەیە..
***
من بەم فرمێسکەی کە سنوورو پەیی، ونن
وێنەیەکی هەورەکانی پایزم، کەمتر
لەم فەڕەی کە بەسەر زەمینی پرسەدا باراندوومە..
بەڵام چ سوودێکم دەبێ، گریان چی وەدەست دێنێ؟
***



چۆن بەیانییەک بوو، خودایە، بەیانیی خەمناک
کە گیانی ئەو پارچە مانگە بەرەو ئاسمانەکان فڕی
بوونی نازی، کە لە خاوێنی لە گیان دەچوو،
ئێمە مانانی بەبێ گیان جێ هێڵا، تێکەڵی مردووان بوو
***
تێکەڵ بە خاک بوو، دەسا من گەر بڵێم سوودی نییە
ئەو بوونەی کە لە ناسکیی سیحری ناسکتر بوو،
ئەو چوو، من گەر بشمێنم چی لە کامەرانی بکەم،
ئایا سوود بە دابڕران دەدا، ئاە، ئاە و سروود!..
***

## مەڵبەندی سەوز

کامەرانییەکی سەوزە بە بەهار دەشوبهێنرێ
لە ڕووی بە خەندەی گوندی پڕ گەرددا
هەموو ژیانی گوند، وەکو نوستبێ
لە ڕۆخی بەستێکی گچکەدا نوقمی خامۆشییە
***
ئەو لە دڵەوە پشت بە خودا بەستنە ڕوونەی سروشتە؛
خۆشی بە هەموو ئاسۆیەکی دوورو نزیکدا بڵاودەکاتەوە
لەم لا چنارێک – ڕاماوو، بەرێزو، پڕ میهرەبانی،–
بە قۆڵەکانی وەکو هەموو لایەکی لە باوەش گرتبێ وایە..
***
لەم دێیەدا هەموو شەوێک بۆ چەند چرکەیەک دەمێنمەوە
بۆ خەیاڵم دەبێتە پەیڕەو لە کاتێکدا کە
لە سینەی بێزاریی سەردەمە تاریکەکاندا گەشت دەکەم و
***
بۆ تاکە ساتێک بێ دەنگ دەبم و دەڕۆم
لە تاری نەخۆشی شیعرمدا، هێدی هێدی لە وێنەی ناڵینەوەدا
دەنگدانەوەی شمشاڵ دەبیەم..
***

## بودا

بەرەو ڕاستییە گەورەکە، بە تاسەیەکی پڕ لە ئارەزووەوە
غاری دەدا، چاوی بڕیبووە نهێنیی بێگەردی ئاسۆ
غاری دەداو دەڕۆی.. بە پێچەوانەی گشت نەریتەکانەوە
هەموو چینەکان بە (کوێری) تاوانباریان دەکرد..

***

ئەم کوێرە، لە تاریکایی سامناکی ئەشکەوتێکدا
ساڵەها لە ڕاستییە گەورەکە ورد دەبووەوەو لێیدەکۆڵییەوە
ساڵەها ڕوو بە ڕووی ئەو، ترس و دوو دڵییە بوو
لە کۆتاییدا بینیی، چییە نهێنیی هەموو ئەم نهێنییانە

***

ئەوسا هەموو دوو دڵییەک لەبەردەمیدا سەرەو ژێر بوون
ئەو کوێرییە، چاوەکانی تووڕیی هەموو خستە ڕێشکەو پێشکەکردن
ئەوەی بە دڵنیاترین ئارەزوویەکەوە، بەغار دوای دەنگی کەوتبوو
ئەو هیچ و پووچە ئاوەژووکەرانە بوون کە دەیانگوت وڕێنە دەکا..

***

## شتە کۆنەکان

دیمەن ژاکاو، مل چەماوە، چەپکێکی گەرد لێ نیشتوو؛
ژەنگی خەمی نزیکەی دە ساڵی بەڵکو.. لە سەردایە..
وەکو منداڵێکی بێکەس، پێویستیی بە دڵسۆزی هەبێ،
لە بەرامبەریدا هەڵدەلەرزێ: «نابووتم مەکە، بمبەستەوەو، بمپێچەوە
«تووڕم بدەرە ناو چاڵێکی هێمنیی شەوی دڵت؛
«من شیعری ڕابووردووی لاوێتیی تۆم!..»

***

ئەی بیرەوەرییە کۆنە بێچارەکانم، تەنانەت
من توانای نابووت کردنیشم هەبی، داخۆ دەتوانم لە ناوتان ببەم؟!
بەڵام جارجار ئەو (هیولا) تۆڵە ئەستێنە
ئێوە سەرتاپا دەگێڕێتەوە ڕابوردوو و ڕەت دەبێ
من لە دواتانەوە هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ کە بگریم و پڕ خەفەت
سروود گەلێک بهۆنمەوە کە بۆ نابووت بوونم بگرین

***



## ناوەڕۆک


بەشی یەکەم: تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد ........... 3
پێشەکی ........................................................ 5
پێش دەستییەکی مێژوویی ................................................ 7
تۆفیق فیکرەت کێیە؟! ........................................................9
شێواز و کەسایەتیی ئەدەبیی فیکرەت ........................................ 11
چەند وشەیەک ............................................................ 14
پێشەکییەکی کورت ........................................................ 15
فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد
مەسەلەی جەناب شیهابوددین .............................................. 19
فیکرەت و شێخ نووریی شێخ ساڵح ............................................ 25
فیکرەت و شیعرێکی دڵدار .................................................. 42
فیکرەت و گۆران ........................................................ 45
لە جیاتیی ئەنجام ........................................................67
پەراوێزەکان ............................................................ 68
سەرچاوەکان ............................................................ 70
بەشی دەووەم: شیعرەکانی تۆفیق فیکرەت ...................................... 71